# میدیا و دەسەڵات

**٢٢ دیداری رۆژنامەنووسییە، لەبارەی كاریگەریی میدیا لەهەرێمی كوردستان و ئێتیك و ئازادی لەمیدیای كوردیدا، لەگەڵ:**

**(ئاراس فەتاح، ئازاد جندیانی، ئاسۆس هەردی، بەختیار عەلی، رێبوار كەریم وەلی، د. سامان فەوزی، ستران عەبدوڵڵا، گۆران عەبدوڵڵا، ڤینۆس فایەق، عەبد عارف، عەدنان عوسمان، فەرهاد عەونی، فەرید ئەسەسەرد، كاوە محەمەد، پ. ی. د. كەمال سەعدی، مەریوان وریا قانیع، د. مەگدید سەپان، مەلا بەختیار، مەم بورهان قانع، پ. ی. د. محەمەد دلێر ئەمین، نەژاد عەزیز سورمێ، نیهاد جامی)**

**كۆدیدار: هێرش رەسوڵ**

**٢٠٠٨**

**له كتێبه چاپكراوەكانی رۆژنامەی (چاودێر) ه.. ژماره (٢)**

- **ناوی کتێب:** میدیا و دەسەڵات
- **بابەت:** کۆدیداری ڕۆژنامەنووسی
- **ئامادەکار:** هێرش ڕەسوڵ
- **پیتچنین:** ئامادەکار + بەشداربوان
- **هەڵەبڕیی تایپو مۆنتاژ:** تەها حەمەنوری
- **دیزاینی بەرگ:** سۆران عەبدوڵڵا نەقشبەندی
- **کاریکاتێرەکانی بەرگ:** هونەرمەند ثائر البدري
- **فۆتۆکان:** ئەرشیفی ڕۆژنامەی چاودێر، سۆران، بابۆڵی، ئامادەکار
- **تیراژ:** (٢٠٠٠) دانە
- **سەرپەرشتی چاپ:** سەردەشت حەمەساڵح
- **چاپی:** یەکەم
- **ژمارەی سپاردن:** (٢٢٤٢) ی ساڵی ٢٠٠٨ی وەزارەتی ڕۆشنبیریی دراوەتێ.

**پێشکەشە بە:**

- **فۆتۆگرافەرو رۆژنامەنووس "حەسیب پشدەری"**، بۆ یەکەمجار لەئەیلولی ١٩٩٤ لەخولێکی رۆژنامەنووسیدا لەرانیە، لەرێگەی ئەوەوە ئاشنای سەرەتاکانی کاری رۆژنامەنووسی بووم..

- **"رادیۆی دەنگی مەڵبەندی راپەرین"**، بۆ یەکەمجار لەوێوەو لەرێگەی ئامادەکردنو پێشکەشکردنی بەرنامەی "جیهانی منداڵان"ەوە، لەناو دەزگایەکی راگەیاندندا دەستم بەکارکرد..

- **"دکتۆر موەفەق دەرگەڵەیی"**، دامەزرێنەری بەشی راگەیاندن لەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، کە دەرگای خوێندنی ئەکادیمیی میدیای لەبەردەم منو دەیان خوێندکاردا کردەوە..

**هێرش**

# پێڕست


- قسەیەك ........ ٧
- دیدار لەگەڵ ئاراس فەتاح ........ ٩
- دیدار لەگەڵ ئازاد جندیانی ........ ٢٥
- دیدار لەگەڵ ئاسۆس هەردی ........ ٣١
- دیدار لەگەڵ بەختیار عەلی ........ ٤٣
- دیدار لەگەڵ ڕێبوار کەریم وەلی ........ ٤٩
- دیدار لەگەڵ د.سامان فەوزی ........ ٦١
- دیدار لەگەڵ ستران عەبدوڵلا ........ ٦٩
- دیدار لەگەڵ گۆران عەبدوڵلا ........ ٧٧
- دیدار لەگەڵ ڤینۆس فایەق ........ ٨٥
- دیدار لەگەڵ عەبد عارف ........ ٩١
- دیدار لەگەڵ عەدنان عوسمان ........ ١٠٣
- دیدار لەگەڵ فەرهاد عەونی ........ ١٠٩
- دیدار لەگەڵ فەرید ئەسەسەرد ........ ١١٧
- دیدار لەگەڵ کاوە محەمەد ........ ١٢٣
- دیدار لەگەڵ پ.ی.د.کەمال سەعدی ........ ١٢٩
- دیدار لەگەڵ مەریوان وریا قانع ........ ١٣٧
- دیدار لەگەڵ د. مەگدید سەپان ........ ١٥١
- دیدار لەگەڵ مەلا بەختیار ........ ١٥٧
- دیدار لەگەڵ مەم بورهان قانع ........ ١٦٧
- دیدار لەگەڵ د. محەمەد دلێر ئەمین ........ ١٧٩
- دیدار لەگەڵ نەژاد عەزیز سورمێ ........ ١٨٧
- دیدار لەگەڵ نیهاد جامی ........ ١٩٣

# قسەیەك

لەسۆنگەی ئەوەی، خۆم هەر قسەیەك، یان پرسیارو سەرنجێکم لەسەر کۆی بابەتەکە هەبوو‌بێت لەچوارچێوەی پرسیارە جیاوازەکانی نێو دیالۆگەکاندا کۆمکردونەتەوە، لەسەرەتادا، وەك چۆن پێشەکیم بۆ هیچکام لەدیدارەکان نەنووسیوە، نەمویست پێشەکی بۆ تەواوی کتێبەکەش بنووسم، بەلاّم پێویستبوونی خستنەڕووی چەند سەرنجێك ناچاری ئەم چەند وشەیەیان کردم:

- سەرەتا دەبێ ئەوە بلّێم، بیرۆکەی ئەم کۆمەلّە چاوپێکەوتنە بەمەبەستی ئامادەکردنی تەوەرێکی رۆژنامەنوسی بوو، بەلاّم بەهۆی جیاوازیی وەلاّمەکان لەکورتیو درێژیداو دواتریش درەنگ گەیشتنەوەی هەندێك لەو وەلاّمانە، بەباشمزانی هەموویان لەدووتوێی کتێبێکی سەربەخۆدا چاپبکەم، هەروەك ئەمەش، بەبڕوای ئێمە لەدوو لاوە سودی دەبێت، هەم لەناو ئەو پانتاییە بێ سەرچاوەیەی رۆشنبیریی کوردیدا، بەتایبەت لەبواری میدیاو رۆژنامەنووسییداو لەوەش تایبەتتر سەبارەت بەرۆژنامەنووسیی کوردیی دوای راپەڕینو قۆناغی ئێستای، ئەم کتێبە، کە گۆشەنیگاو ئاراستەی جیاوازی گرتۆتەخۆو بۆچوونی کەسێتیی (رۆژنامەنووس، رۆشنبیر، ئەکادیمیو سیاسی) تێدایە، دەبێتە سەرچاوەیەکی متەوازیع بۆ لێکۆلّیارو رۆژنامەنووسو خوێندکارانی ئەو بوارە. هەم بەردەوام خوێندنەوەی کتێب وەك لەگۆڤارو رۆژنامە جیاوازترەو مانەوەو ئەرشیڤکردنیشی ئاسانترە.
- کۆی دیمانەکانی نێو ئەم کتێبە، ئەگەرچی سەرراپا لەبارەی میدیا بەگشتیو میدیای کوردیەوەن بەتایبەتی، بەلاّم لەو بوارەشدا لەدەوری چەند تەوەرێکی تایبەتدا دەخولێنەوە: ئازادیی رۆژنامەنووسی، ئازادیی رادەربڕین، میدیای ئەهلی، میدیای حیزبی، میدیای رەسمی، میدیای ئەلیکترۆنی، یاسای

رێکخستنی کاری میدیاییو رۆژنامەنووسی، ئێتیکی کاری رۆژنامەنووسی، سەندیکاو مافو ئازادیی رۆژنامەنووسان، میدیاو کایەی سیاسی، میدیاو حیزب، بەدەسەڵاتبوونی میدیاو... تاد لەکوردستاندا.


- هەموو دیدارەکان بەشێوەی ناراستەوخۆ سازکراون، تەنها دیدارەکانی: (مەلا بەختیار، ئازاد جندیانی، عەبد عارف) نەبێت کە بەریکۆردەر ئەنجامدراون.
- هەندێ لەو بەڕێزانەی پرسیارم رووبەڕوو کردونەتەوە، ئێستا کە دیالۆگەکەیان بڵاودەبێتەوە، پۆستی رۆژنامەنووسیان وەرگرتوە، یان هەندێکیان لەو پۆستەی پێشوویان نەماونو لەشوێنی دیکە کاردەکەن.
- چاوپێکەوتنەکانم بەپێی ریزبەندی ئەلفبای ناوی کەسێتییەکە ریزکردوون.
- ژیاننامەکان، راستەوخۆ لە بەشداربووان خۆیان، یان لە کتێبێکیانەوە وەرگیراون.
- رووم لە چەند کەسێتییەکی دیکەش نا بۆ سازدانی دیدار لەگەڵیاندا، بەڵام بەداخەوە بەهۆکاری جیاجیا رێکنەکەوت، لەوانە: نەوشیروان مستەفا، رێبین هەردی، سەرۆ قادر.

**هێرش رەسوڵ**
herish82@yahoo.com

**ئاراس فەتاح** - نووسەرو رووناکبیر [(*)]

**لەتەوەری:**

**کایەی سیاسی لەکوردستان و ئازادیی رۆژنامەنووسی**



**"لەولاتی ئێمەدا چەندین دەزگای رۆشنبیریت هەیە، بەلام پسپۆری تێدا نییە، چەندین زانکۆت هەیە، زانستی تێدا بەرهەمنایەت، چەندین رۆژنامەو گۆڤارت هەیە، رۆژنامەنووسی پسپۆر ئیشیان تێدا ناکات"**

---

[*] ئەم دیدارە لەتەممووزی ٢٠٠٨ دا سازکراوە.

## ئاراس فەتاح

- سالّی ١٩٦٢ لەشاری کەرکوك لەدایکبووە.
- خوێندنی سەرەتایی لەکەرکوك‌و ناوەندی لەسلێمانی تەواوکردووە.
- لەسالّی ١٩٨٥ ەوە لەئەلّمانیا دەژی.
- سالّی ١٩٩٩ پلەی ماستەری لەزانستە سیاسی‌و کۆمەلاّتییەکان لەزانکۆی "یۆهانس ڤۆلڤانگ گۆتە" لەفرانکفۆرت– ئەلّمانیا وەرگرتوە.
- لەدامەزرێنەرانی نێوەندی رەهەندەو لەسالّی ١٩٩٦ ەوە ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "رەهەند"ە.
- سالّی ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦ سەرنووسەری گۆڤاری "سەردەمی رەخنە" بوو.
- سالّی ٢٠٠٣ کتێبێکی هاوبەشی بەزمانی ئەلّمانی بلاّوکردۆتەوە لەژێر ناودێری "Saddam Husseins letztes Gefecht?, Der lange Weg in den lll. Golfkrieg" لەدەزگای "Konkret Verlang" بەچاپگەیەنراوە.
- وتاری لەگۆڤارە ئەلّمانیەکاندا بلاّوکردۆتەوە، وەکو گۆڤاری "iz3u – blätter des informationszentrums 3. welt."
- کتێبێکی هاوبەشی لەگەلّ بەختیار عەلی‌و مەریوان وریا قانیع هەیە بەناوی "رۆشنبیر، کۆمەلّگا، دیموکراسییەت".
- سالّی ٢٠٠٧ کتێبی "چەمکی ململانێ" چاوپێکەوتنێك لەگەلّ ئاراس فەتاح، سازدانی شوان ئەحمەد.
- جگە لەو کارانە، پتر لە٢٠ لێکۆلّینەوەی تیۆری‌و فیکری جیاوازی لەگۆڤارە تیۆری‌و فیکرییەکاندا بلاّوکردۆتەوە، کە ئەمانە ناوی هەندێکیانە: (نەتەوەو گروپە ستراتیژییەکانی، ئەنفال: هەشت قۆناغ لەسیستمێکی کوشتن‌و سێ بۆچوون، دەسەلاّتداریێتی‌و پرۆسەی بەکۆمەلّگابوون، زەبروزەنگ‌و پرۆسەی بەدامودەزگاییکردنی، بەعسیزم: پرۆژەی تەواوکردنی شوناسێکی تەواونەبوو، سەرەتایەك لەتیۆری ململانێی کۆمەلاّیەتی، کۆمەلّگای دوای جەنگ، چەمکی جەنگ لەنێوان تیۆرییەکەی کلاوزەڤیتزو سەردەمی داوەشانی دەولّەتدا، پێداچوونەوەیەك بەستراتیژییەکانی تێرۆریزم).

**هێـرش ڕەسـولْ: حیـزب وەك سـەنتەری دەسـەڵاتەكانی كوردسـتان، چ ڕۆڵێكـی لـەفراوانكردن یـان تەسـككردنەوەی ئـازادیی ڕۆژنامەنووسـیدا بینیوەو دەبینیْ؟ چۆن؟**

**ئاراس فەتـاح:**

« كامۆ»ی نووسەر دەڵێت: "ڕاگەیاندنی ئـازاد دەشـێت بـاش بێـت یـان خـراپ، بـەڵام ڕاگەیانـدن بـەبیْ ئـازادی تـەنها دەتوانێـت خـراپ بێـت". ئـەم ڕسـتەیەی كـامۆ بـۆ دۆخـی كوردسـتانی ئـەمڕۆ لەهـەموو كاتێـك هەنووكـەییترە. **ڕۆژنامەو بڵاوكراوەكانی دەزگا حیزبییـەكان و كەناڵـەكانی ڕاگەیانـدنی حیزبـەكان بۆیە بێپێزو خراپن، چونكی ئازاد نین**؛ ئەو ژمارە كەمـەی میـدیا سـەربەخۆیەی كـە لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵاتیشدا بوونی هەیە، ڕای جیاوازو هەڵسەنگاندنی جـودا لەسەر باشو خراپییان هەیە. پرسی سەرەكی لەئێستای كوردستاندا باشـتركردنو گەورەكردنـــەوەی كـــارو ســـنورەكانی ئـــازادیی ڕاگەیانـــدن نییـــە، بـــەڵكو هەمـچوونكردنێتی بەڕاگەیانـدنی حیزبـیو ڕامكردنـی ئـازادیو كـۆنترۆڵكردنی ئـەو پەراوێزەشە كە هەیە. لەهەمووشی خراپتر بەرهەمهێنانی بـەردەوامی ڕۆژنامەگـەرو نووسـەرو هونەرمەنـدی بێزانیـاریو بێكارامـەو خراپـە لـەبوارەكانی زانـستی كۆمۆنیكاسیۆنو كارگێڕیو هونەری.

پارادۆكس لەپرسیارەكەدا لەوەدایە كـە لەڕاسـتیدا حیـزب نابێـت هـیچ ڕۆڵێكـی لەدەستنیشانكردنی سنورو ئاراسـتەی میـدیادا هـەبێت. چـونكی ئـەوە دەسـتورو یاسـایە دەبێـت میـدیا لەدەسـتتێوەردانی نـەك تـەنها حیـزب، بـەڵكو دەوڵـەتیش بپارێزێت. ساڵانێكی زۆرە لەوڵاتی ئێمەدا كێشەی ئازادی، تـەنها كێـشەی نـەبوونی یاسا نییە بۆ بڵاوكردنەوە، بەڵكو كێشەی عەقڵییەتێكە بەرامبەر بەچەمكی ئـازادی

کـە ناتوانێـت قۆنـاغی ئـازادبوون لەدەسـەڵاتدارێتی بەعـسەوە بگوازێتـەوە بـۆ فەراهەمکردنی ئازادییە فەردیو گشتییەکانو دابینکردنو پاراستنیشیان لـەڕێگای بەدامودەزگاکردنی سیاسەتو دەستورێك بۆ هەرێمی کوردستان.

لـەدوای راپەڕینـەوە کێـشەی میـدیا بەشـێکی دانـەبڕاوی کێـشەی نـەبوونی تیوریزەی ئازادییەو لەوێشەوەو غـائیبی پێناسـێکی یاسـاییە بـۆ خـودی چـەمکی ئازادییەکان، کە ئازادیی بڵاوکردنەوەو نووسینو دەنگو رەنگو بیستن، تادەگاتـە مافی خۆپێشاندانو دروستکردنی گروپو سـەندیکای سـەربەخۆ هتـد.، کـە هەنـدێك لەرەگەزە سەرەکییەکانن. کێشەی نـەبوونی عەقڵییـەتێکی مـۆدێرنو پێناسـێکی نوێی یاسایی دەبێت بەکێشەی بەپەراوێزکردنو سنوردارکردنو کـۆتکردنی ئـازادی لـــەبواری کـــاری میـــدیا بەگـــشتیو رۆژنامەگـــەریی بەتایبـــەت. رۆژنامەگـــەره ســـەربەخۆکانی کوردســـتانو خۆپێـــشاندەرو رەخنـــەگران بەیاســـاکانی بـــەعس هەڵـــسوکەوتیان لەگەڵـــدا دەکـــرا، داوەریـــدەکرانو ســـزادەدران. ســـاڵانێکە رۆژنامەگەرانی ئازاد لەگەڵ کەمتواناییو کەمژمارەییان، لەژێر فشارێکی گەورەدان، ژمـارەی ئـەو پرۆسـەو سـزا یاسـاییانەی کـە دژ بەهەنـدێك لەرۆژنامەنووسـانی سەربەخۆ پیـادەکران یـان ئەوانـەی کـە بەهەڵپەسـراوی ماونەتـەوە، گـەواهی ئـەم راستییەن.

لەراســتیدا کێــشەی ئــازادیی میــدیا یــان بڵاوکردنــەوە بەتــەنها کێــشەی رۆژنامەگـەران نییـە، بـەڵکو کێـشەی کـۆی چـەمکی ئازادییـە لـەوڵاتی ئێمـەداو هەموومان لەیەك ئاستدا لێی بەرپرسیارین. ئێمە **نـاتوانین بـاس لـەئازادیی میـدیا بکەین بەبێ باسـکردنی خـودی چـەمکی ئـازادی وەکـی سـامانێکی گـەردوونی. ئـازادیی رادەربـڕینو ئـازادیی گەیـشتن بـەزانیاریو مـافی بڵاوکردنـەوە چـەندە مافگـەلێکی رەوای رۆژنامەنووسـانو نووسـەرانن لەکۆمەڵگایـەکی دیموکراسـی، ئەوەندەش مـافی تـاك بـەتاکی هاونیـشتیمانییانە بـۆ وەچنگخـستنی ئـەو زانیاریيـە جیاوازانە.** هیچ یەکێك لەم دوو کایەیە بـەبێ یـەکتر ناتوانێـت کاربکـاتو هەڵەیـەکی کوشندەشـە گـەر ئـەم دوو کایەیـە لەیـەکتر جودابکرێنـەوە. ئێمـە نـاتوانین بـاس لەدیموکراسـی بکـەین بـەبێ پاراسـتنی یاسـاییانەی مافـەکانی ئـەم دوو بەرەیـە. چـونکی خـەڵك بـەبێ بـوونی فەزایـەکی ئـازاد ناتوانێـت بگاتـە زانیـاریی جیـاوازو

رۆژنامەنووسانو نووسەرانیش ناتوانن بەرهەمەکانیان بڵاوبکەنەوە بەبێ بوونی یاسایەك کە مافیان بداتێ بەبێ ترس بگەنە سەرچاوەی زانیارییەکانو لەدوای بڵاوکردنەوەش زەمانەتی کارەکانیان بکاتو پیشەکەیان لەپێشێلکاریو سزای تەعەسوف بپارێزێت.

مەینەتی گەیشتن بەهەواڵو زانیاری لەوڵاتی ئێمەدا تەنها لەوێدا بەرجەستە نابێت کە هاونیشتیمانان بێبەرین لەدەستکەوتنی زانیاریی سەربەخۆ، چونکی دەزگاکانی حکومەتو راگەیاندن پاوانکراوی هەردوو حیزبی خاوەندەسەڵاتن، بەڵکو لەغیابی زانیارییە بەگشتیو نەبوونی زانیاریی بێلایەنو سەربەخۆو ونبوونی هەڵسوکەتی پسپۆرانەشە لەگەڵ بابەتو رووداوەکان بەتایبەت (ئەم کەموکورتییە کێشەی میدیا سەربەخۆکانیشە)، بۆیە بەناچاری تاکەکان رێگای تر دەگرنەبەرو لەکەناڵە تەلەفیزیۆنیو رادیۆو رۆژنامە بیانییەکان وەردەگرن بۆ گەیشتن بەزانیاریی جیاوازو سەربەخۆ، بێگومان لەم ساڵانەی دواییشدا  میدیای نوێش وەکو ئینتەرنێت بەشێکی ئەو بۆشاییە پڕدەکاتەوە.

ئێمە نەوەی ناو سیستەمی بەعسینو دەزانین سیاسەتی دیسپلینکردنو کۆنترۆڵکردن چ دەرئەنجامێکی کۆمەڵایەتیو کولتووریو سایکۆلۆژی ترسناکی بۆ تاكو گروپەکانی ناو کۆمەڵگاو پێکەوەژیانو ئارامی کۆمەڵایەتی هەیە، دەزانین بێبەشکردنی خوێندکاران لەخوێندنی هەندێ بەش چ ناعەدالەتییەکی کۆمەڵایەتیو کارەساتێك بۆ دوارۆژی ئەو خوێندکارانە دروستدەکات، دەزانین دەستەواژەکانی بەعس ئەمڕۆ چۆن بەبەرگێکی تر گەڕاونەتەوە ناو جیهانی ژیانی رۆژانەو هەموو بوارەکانی تری ناو کۆمەڵگا؛ بۆ نمونە زاراوەی "قبولێ خاسە" چۆن بەفۆرمێکی تر دێتەوە ناو دونیای زانکۆکانو دەزگا رۆشنبیرییەکانو شانسی ژیانی زۆرینەی خوێندکارانو فێرخوازان لەهەڵبژاردنی ئەو هەڵوێردەی بۆ خوێندن کردوویانە، وێراندەکات. سێبەرەکانی پیادەکردنی ئەم تەکنیکی چڕکردنەوەی دەسەڵاتەو کەڵەکردنی سامانە (ئەوسا سەرمایەی رەمزی یان ئابووری – کولتووری بێت) هۆکارێکی سەرەکی بوو کە کۆمەڵگای کوردستانی بەرەوە زۆنگی گەندەڵی برد. ئەندازیارانی ئەم سیاسەتە لەجەوهەردا لەزانیاریو مەعریفە دەترسن، چونکی چیدی لەوەتێگەیشتن کە زانیاری مانای دەسەڵات دەگەیەنێت. کێشەکە بەڵام

لەوەدایە کە زانیاری چیلێدەکەیت بەبێ بوونی پسپۆڕو دەزگای عەقلانی. لەوڵاتی ئێمەدا چەندین دەزگای رۆشنبیریت هەیە، بەڵام پسپۆڕی تێدا نییە، چەندین زانکۆت هەیە، زانستی تێدا بەرهەمنایەت، چەندین رۆژنامەو گۆڤارت هەیە، رۆژنامەنووسی پسپۆڕ ئیشیان تێدا ناکات؛ پرنسیپی "Learning by Doing" بووە بەتاکە مۆدێلێك کە ئەمرۆ "پسپۆڕ"ی تێدا بەرهەمدەهێنرێت. بەگشتی ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە پرۆسەی لێکچواندنی حیزب بەدەزگا کۆمەڵایەتییەکان بەگشتیو بەدەزگا رۆشنبیرییەکانیش بەتایبەت، ساڵانێکە بووە بەتەکنیکی دەسەڵات لەوڵاتی ئێمەدا، کە لەدوادەرئەنجامدا لەشکرێك لەکارمەندانی سەر مێزت بۆ دروستدەکات کە تەنها وەلائەتیان بۆ حیزب هەیە، نەك پسپۆڕبن لەبوارەکانی خۆیاندا.

ئەمڕۆش، بەتایبەت پاش مەهزەلەی قۆناغی یەکەمی پەسەندکردنی پرۆژەیاسای رۆژنامەگەری بەزۆرینەی دەنگ لەلایەن نوێنەرانی حیزبەکان لەپەرلەمان، ئەو پەراوێزە تەسکەی کە بۆ رەخنەو پەیداکردنی زانیاریی سەربەخۆ هەبوو، کەوتە ژێر رەحمەتی ئیمزای سەرۆکی هەرێمەوە. ئەم دۆخەش میدیای خستە ژێر هەڕەشەی دروستبوونی فەزایەك کە کایەی ئازادی لەمۆنۆپۆڵی دوو حیزبەوە بگوازێتەوە بۆ ئۆلیگارشیو دیموکتاتۆری دەسەڵاتی یەکگرتووی دوو حیزب بەرێککەوتنە ستراتیژەکانیانەوە.

**ئەو پەرلەمانتارو سیاسەتمەدارانەی کە بەبێباکانە دەنگیان بۆ ئەم یاسایەدا، دەیانەوێت ئازادیی میدیا بەئاسایشو پاراستنی دابونەریت بگۆڕنەوە، کەچی ئەوە لەیاددەکەن کە زەمانەتی سەرەکی بۆ ئاسایشی تاكو نیشتیمان برتییە لەپاراستنی خودی ئازادی، نەك کۆتکردنی.** هێندەی سیاسەت بۆ ئازادی ترسناك بووە، هەرگیز ئازادی بۆ سیاسەت ترسناك نەبووە. ئازادی تەنها بۆ رژێمە دیکتاتۆرەکان مەترسیدارە. ئازادی کاتێك دەبێتە ترسناکی بۆ سیاسەت کە کۆمەڵگا تەنراوبێت بەهەقیقەتی شاراوەو بێباکێتیو خەمساردی سیاسەتمەدارانی. چەمکی ئازادی بەپلەی یەکەم مانای بەرپرسیارێتییە لەسیاسەتدا، پێدەچێت ئەمەش ئەو ترسە بێت کە سیاسەتمەداران هەیانبێت، چونکی تەنها لەبوونی دیموکراسیدا نەك تەنها لێپرسینەوە لەبەرپرسیاران هەیە، بەڵکو تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی حکومەتیش

دەرئــەنجامێکی نــاڕەزایی رای گــشتیی دەبێــت. دیــارە ئەمــە لەسیــستەمێکی پەرلەمانتاریدا دەبێتە هەقیقەتێکی سیاسی کە خەمی سیاسی هەبێتو رای گشتی بەلاوە گرنگ بێت.

گەرچی ئیمزاکردنەکردنی سەرۆکی هەرێم بۆ ئەم پرۆژەیاسایەو گەڕانـەوەی بـۆ پەرلەمان بـۆ پێداچـوونەوەی هـەنگاوێکی سەرەتادڵخۆشـکەر بـوو، بـەڵام بـەدیوی ئەودیویـشدا مانـای سـەرهەڵدانی سـاتەوەختێکی سیاسـیو کولتـووری ترسـناکە لــەوڵاتی ئێمــەدا، ســاتەوەختێك کــە ئــارامی کۆمەڵایــەتیو ئاسایيــشی سیاســی شڵەژاوترو ئاڵۆزتر دەکات لەوەی کە ئێستا هەیە، چونکی ئەم هەنگاوە ئەوەندەی گەورەکردنی هەیبەتی سەرۆکە هێندە پاراستنو فراونکردنی خودی فـەزای ئـازادی نییە، بەتایبەت کاتێك حکومەتو پەرلـەمان هەسـتی دیموکراسـییان لەتاکەکەسـی سەرۆك کەمتر بێت، ئەوا دەبێت ماڵئاوایی لەپرۆسەی بەدامودەزگاکردنی حکومەت بــەرەو دیموکراســی بکــەینو هەمیــشە چــاوەڕوانی دڵفراوانــی ســەرۆك بیــنن. **پەرلەمانتارانی کورد، بـەناو نوێنـەری گـەل، لـەبری ئـەوەی سـنورەکانی ئازادیمـان گەورەتر بکەنەوەو داوای شەفافیەتی زیاتر بکەنو داکۆکی لەمافی رۆژنامەنووسـان بکەن بۆ وەدەستخـستنی هـەموو چەشـنە زانیاریيـەك لەسـەر کارەکـانی حکومـەتو دەرخستنی کەموکورتییەکانی، کەچی ئـەم زاتانـە نـەك تـەنها پێـشنیارە وێرانەکـەی سەندیکایان وێرانتر کرد، بەڵکو جورئەتی ئەوەشیان هەبوو وەکی سـەردەمی بـەعس داوای بەئەندامبوونی رۆژنامەنووسانیش لەناو سەندیکایەدا بکەنو بیکەن بەمـەرجێك بۆ "پاراستنی" مافی رۆژنامەگەران!**

مەرجێکی سەرەکی بوونی ئازادی بوونی بیروڕای جیاوازە، ئەمەش تەنها لـەناو مــەجالی گــشتیدا دەتوانێــت بــژیو گەشەبــسەنێتو لەلایــەن دەســەڵاتەوە کۆنترۆڵنــەکرێتو نەچــەپێندرێت. جیهــانی دیموکراســی رۆژنامەگەرییــەکی ناوێــت ئاوێنەی دەسەڵات بێتو رۆژنامەو رۆژنامەنووسیـشی ناوێـت کـە ئەنـدامی حیـزبو ئاوێنەبەدەستی سیاسـەتمەداران بـن، بـەڵکو پێویـستی بەرۆژنامەگەرییەکـە وەکـو ئەکتەری کۆمیکی ئیتالی رۆبێرتۆ بێنیگنی دەڵێت: ببێت بە"چوکڵەدانپاککەرەوەی نەتەوە." جیاوازی نێوان رۆژنامەگەریی حیزبیو سەربەخۆ وەکـو جیـاوازی نێـوان فڵـچەی دانـشتنو چـوکڵەدانپاککەرەوە وایــە. یەکــەمیان دانــی سیاســەتمەداران

پاکدەکاتەوەو رووکەشە سپییەکەی نمایشدەکات، دووەمیشیان دانی نەتەوەو شوێنی برینەکانو ئازارەکانمان بۆ دەستنیشاندەکاتو دەبێت بەئاوێنەی راستیو ناشرینییەکانی ناو سیاسەتو کۆمەڵگا، لەبچووکترین پێکهاتییەوە تاوەکو دەگاتە خودی سەرۆك.

**هێرش رەسوڵ: پێتوایە ئازادیی رۆژنامەنووسی لەئازادیی قسەکردندا کورتدەکرێتەوە، گەرهاتوو کایەی سیاسی قسەکانی بەهێند وەرنەگرێت؟ واتا پێتوایە تاچەند کەلێنێك لەنێوان کایەی سیاسی کوردیو میدیای کوردییدا هەیە؟**

**ئاراس فەتاح:**

یەکێك لەخەسڵەتەکانی دەسەڵاتدارێتیی سیاسیی نادیموکراسی کۆنترۆڵی زانیارییەکانە لەرێگای تەکنیکی پۆلێنکردنی ناوەرۆکەکانەوەو دابەشکردنیان بەسەر شایستەو ناشایستە، زیانبەخشو سودمەند تادەگاتە ئەوەی خانەبەندکردنی لەنێوان ئەوەی لەبەرژەوەندیی نەتەوەدایە یان دژ بەبەرژەوەندیی ئاسایشی نەتەوەییە! سیاسەتی دیسپلینکردنی زانیاری مانای پاراستنی دەسەڵاتدارێتییە لەهێزو دیدی کۆمەڵایەتیی نوێو ئەو زانیارییانەی دەربارەی جیهانی کۆمەڵایەتیو سیاسی هەیانە کە کەسی ئاسایی ناتوانێت بەئاسانی بیانگاتێو کەشفیان بکاتو بڵاویانبکاتەوە. مێژووی ئەم تەکنیکی سانسۆرەش دەگەرێتەوە بۆ سەدەکانی نۆزدە.

گەر تەماشای مێژووی میدیا بکەین، رووکەشانە ئەوە دەبینرێت کە سنورەکانی بزاوتی میدیاو کایەی دەسەڵاتەکانی لەگەورەبووندایە، بەلام لەجەوهەردا ئەوە دەسەڵاتی میدیا نییە کە لەگەورەبووندایە، بەڵکو ئەوە تەکنیکی دەسەڵاتە کە گۆرانی بەسەردا دێتو لەمرۆشدا رۆچوتە ناو هەموو کایەکانی کۆمەڵگاوە. لەجیهانی مۆدێرندا تەریب بەگەورەبوونی کایەکانی دیموکراسی ئەم تەکنیکی دیسپلینکردنەش گۆرانی بەسەردا هاتووەو بووە بەبەشێك لەپراکتیکی

ئـامێزانکردنی سیاسـییانەی ئـەو گروپانـەی کـە لـەدەرەوەی بازنـەی دەسـەڵاتدا کاردەکەن، بەچەشنێك کە خودی دەسەڵات پێویستی بەبەکارهێنانی هێز نییـە بـۆ دیـسپلینکردنی زانیـاری، بـەڵکو کـردەی خۆدیـسپلینکردنی بکـەرەکان بـووە بەستراتیژی نـوێی دەسـەڵات. لێرەدا نامـەوێت لەسـەر تیۆرییـەکانی دیمـوکراتیو رەخنەی گلۆبالیزە بدوێم، بەڵام گەر وایدابنێین ئـەم بۆچـونە بـۆ جیهـانی مـۆدێرن راست بێت، ئەی دونیای ئێمە کەوتۆتە کوێی ئەم هاوکێشەیەوە.

تەکنیکی دیسپلینکردنی زانیاری لەجیهانی ئێمەدا تاوەکو ئـەم سـاتە لـەفۆرمی دیسپلینکردنی کلاسـیکییانەی خودەکـانو کـۆنترۆڵکردنی فیزیکییانـەی تاکەکانـدا بەرجەستەدەبێت. واتە قسە لەسەر ئەوە نییە کە خـودی زانیارییەکـە راسـتە یـان هەڵـە، بـەڵکو کـردەی خـودە کۆمەڵایەتییەکـە دەکرێـت بـەپێوەر بـۆ بابەتەکـەو لەوێـشەوە سـزادانیو کوشـتنی ئـازادی. وڵاتـی ئێمـە کـەلاوەکی گـەورەی روداوی کۆمەڵایەتیو سیاسییەو زانیاریش تیایدا قوربانی یەکەمە. نەبوونی هیچ زانیارییەك لەسـەر سـامانی سیاسـەتمەدارو کەسـوکارەکانیانو دەوڵەمەنـدبوونی هیولاییـان لەماوەی چەند ساڵانێکی کەمدا، نەبوونی هـیچ زانیارییـەك لەسـەر کۆمپانیاکانیـای حیزبـەکانو دەستەخوشـکەکانیان، یـان رەخنەنـەکردنی کەسـی سـەرۆك یـان خێڵەسیاسیو کۆمەڵایەتییەکەی، یان باشتر بڵـێم هـەردوو سـەرۆك کـە هەنـدێکجار دەبێت قـسەکانیان بـبن بەمانـشێتی رۆژنامـەکان... ئەمانـەو چـەندین بابـەتی دی پابەنـدن بەسـنوری حەرامـە سیاسـیو کۆمەڵاتییـەکانو بەشـێکن لەئاساییـشی نەتەوەیی کە نابێت دەستیان بۆ ببردرێت. لەهەردوو یاسای رۆژنامەگەرییو یاسای بەرەنگاربوونەوەی تێرۆر ئامادەکارییو هێما بۆ ئەم دۆخە دەبینرێنـەوە. بێگومـان مـن بـاس لـەو بـەرەی میدیایـە ناکـەم کـە ئـەمرۆ بـەهۆی تـەکنیکی نـوێی وەکـو ئینتەرنێتەوە قانگدراوە بەجنێو بـۆ دەسـەڵات سیاسـەتمەدارانیو دوورە لەهـەموو پێوەرێکی ئێتیکی رۆژنامەگەرێتیو جگە لەگەرەلاوژە هیـچی تـر بەرهـەمناهێنێت. **حیزب چەندە رۆژنامەنووسو نووسەری نەفامی دروسـتکردووە، ئینتـەرنێتیش سـەدان سێبەرە نووسەری (نووسـەری ئـەلیاس) بـۆ بەرهـەمهێناوین، کـە لەگـەڵ کوژانـەوەی کۆمپیوتەردا کۆتایی بەبوونیان دێت لەیادەوەریی فیکرو خوێنەرەکان.**

میدیا بەرهەمهێنەری گوتارە. گوتار بـەو مانایـەی کـە هابـەرماس لێیـدەدوێت،

مانـای شـوێنێك دەگرێتـەوە کـە خودەکـان (سـوبیەکت) تیایـدا لەفەزایـەکی ئـازاد لەدەسەڵاتو عەقلانییانـە بەیەکدەگـەنو دەربـارەی کێشەو خۆشـنودی کۆمـەڵگا ئارگومێنت (Argument) ئاڵوگۆڕدەکەن. بەم چەشنە کۆمەڵگای سیاسـی لـەناو گوتاردا بەرهەمدێت، ئایدیالترین گوتاریش ئەو گوتارەیە کە هـەموو کـەس ئازادانـە بتوانێــت تیایــدا بەشــداربێتو باشــترین ئــارگومێنتیش تیایــدا بــراوە یــان ســەرکەوتوبێت. شــەڕ لــەدونیای فیکــرو عەقلانییەتــدا شــەڕی ئارگومێنتــە جیاوازەکانە.

**لەناو رووبەری میدیای کوردیـدا نـە فەزایـەکی ئـازاد کاردەکـات بـۆ ئـاڵوگۆڕی بۆچوونەکان، نە گوتاری عەقلانی بەرهەمدەهێنرێت وە نـە ئارگومێنتـەکانیش لـەپێناو خۆشگوزەرانی کۆمەڵگایـە یـان چـاککردنی کەموکورتییـەکانی دەسـەڵاتە.** قسەم لەسـەر گوتـاری حیـزب نییـە کـە لەداڵـەوە بـۆ داڵ نماییـشی رابـردووو ئێـستای خۆیدەکات! جگە لەبابـەتی گەنـدەڵی بەدەگمـەن بابـەتێکی بـەپێز دەبینرێـت بـۆ خوێندنــەوەو تێڕامــان. دوای ئــەوەی خــودی میــدیای حیــزبیش ئــەم گوتــاری رەخنەکردنی گەندەڵییە دەکات بەشێك لەستراتیژی رۆژنامەگەریی خۆیو چـەندین بەرنامەی تەلەفیزیۆنیو بابەتی رۆژنامەگەرییان دروسـتکرد، کـە چـیدی فەزایـەکی ئـەوتۆی نەهیـشتۆتەوە لەسـەر ئـەو گوتـارە کـاری زیـاتر بکرێـت. ئـەم تەکنیکـە مەترسیدارترین تـەکنیکی بێدەنگکردنو دیـسپلینکردنی رەخنـەگرانو بێمانـاکردنی رەخنەو کردەی نووسینە لەم چرکەساتەدا. گوتـاری گەنـدەڵی لەئێـستای میـدیای کوردیدا وەکی قسەکردن دەربارەی دارستان وایە. مرۆڤ کاتێك تەماشـای دارسـتان دەکات لەبەر زۆری دارەکان، خودی دار وەکو تـاك نابینێـت، لەکوردسـتانیش کـار گەیشتە ئەوەی کە خودی حیزبیش قسە لەسەر گەندەڵی بکـات، تـا ئـەو ئاسـتەی خــودی گەندەڵــەکان وەکــو تــاك تیایــدا نــابینرێنو گەنــدەڵی وەکــو گــشتێك نماییـشدەکرێتو تەنانـەت بازیداوەتـە ئـەو رووبـەرەی تـری هەنـدێك لەراڤەکردنـە نوێکان کە گەندەڵی وەکی کاراکتەرێکی دەستەجەمعیو بونیادیش پێناسیدەکات، یان هاوکێشەکە هەڵدەگێڕدرێتـەوەو تەمـەڵی خـەڵك دەکرێت بەبەرپرسـیارێتی بـۆ نابەرهـەمیو مەنگییـە سیاسـیو کۆمەڵایـەتیو ئابوورییـەی کـە کوردسـتان تیایـدا

چەقیوە.

یەکێك لەخەسڵەتو تایبەتمەندێتییەکانی میدیای حیزبی کوردی ئەوەیە کە گوتارێك بەرهەمدەهێنێت کە لەدوو کۆمەڵەی سیاسی لەیەکدابڕاو (نەك جیاواز، چونکی خودی گوتارەکان جیاوازییان نییە، بەڵکو تەکنیكو جوگرافیایان جیاوازە) پێکدێتو لەدوادەرئەنجامدا لەیەك فۆرمی رەسمی دەسەڵاتدارێتیدا کۆدەبنەوەو یان باشتروایە بڵێین بەیەکدەگەن، کە حکومەتی یەکگرتووە. ئەم فۆرمە دەسەڵاتدارێتییەش هێندەی هەڵگری وەزیفەی ئۆرگانیزەکردنی پەیوەندیی نێوان دوو حیزبەکەیە، ئەوەندە نەبووە بەرێکخەری کۆمەڵگایەکی سیاسی نوێی کوردیو بەرهەمهێنەری کولتوورێکی کۆمەڵایەتی مۆدێرن. بۆیە نەبوونی هیچ دەزگایەکی میدیای تایبەت بەحکومەتو بەرهەمهێنانی دوو گوتاری لێکدابڕاوی حیزبی مۆرکی ئەم فۆرمە دەسەڵاتدارێتییە کوردییەیە. لێرەدا دەسەڵاتدارێتیی کوردی لەبنەڕەتدا نە وەزیفەی هۆشیارکردنەوەو پێگەیاندنو کۆمۆنیکاسیۆنی هەیە بۆ کۆمەڵگا لەگەڵ کۆمەڵگا، وە نە وەزیفەی دیسپلینی خودەکانو ئۆرگانو دەزگاکانی ناو کۆمەڵگای بەدەستەوەیە، بەڵکو ئەم وەزیفانەو ئەم تەکنیکی کۆنترۆڵکردنی زانیارییە بەتەك تەنها وەزیفەی دەزگاکانی حیزبەکە ئیمڕۆ لەژێر پاساوی کردنی میدیا بەبازاڕی ئازاد، باشترین تەکنیك پیادەدەکرێت بۆئەوەی هەردوو حیزبەکە حکومەتە یەکگرتووەکەیان لەو وەزیفەیەی کە دەبێت پێیهەڵسێت، رزگاربکەن، یان باشتر وایە بڵێین بێوەزیفەی بکەن.

لێرەوە پەیوەندیی نێوان خەڵكو حکومەت پەیوەندییەکی نادیارە، چونکی کۆمۆنیکاسیۆن لەنێوان کۆمەڵگاو سیاسەتدا ئامادە نییە، دانانی کاریکاتۆرییانەی گوتەبێژێکی رەسمیش مانای دروستکردنی پرد نییە لەنێوان هەردوو کایەی کۆمەڵگاو حکومەت. **بۆیە هەموو ئەو گوتارانەی کە لەجیهانی میدیای کوردیدا دروستدەبێت، بەرهەمی دەزگاکانی راگەیاندنی حیزبینو متمانەی خەڵکی لەئاستێکی نزمدایە بەو زانیارییانەی کە لەو کەناڵانەوە دەستیان دەکەوێت.** دیاردەی کڕینی ساتەلایتو خەتی ئینتەرنێت دەبن بەئەلتەرناتیڤی خۆرزگارکردن لەو گوتارە بێپێزە حیزبییە باوەی ناو کۆمەڵگای کوردستانو رێگاچارەیەك بۆ گەیشتن بەیەکێك لەمافە هەرە سەرەتاییەکانی هەر تاكو گروپێك کە

وەچنگخستنی زانیارییە لەدیدێکی بێلایەنانەوە.

بێتاموچێژی بەرنامەکانی تەلەفیزیۆن و رادیۆو بڵاوکراوەکانی هەردوو حیزب تەنها ناپرۆفێشناڵی کارمەندو بێناوەڕۆکی بەرنامەو هەواڵەکان دەرناخات، بەڵکو هێمایەکی ترسناکە بۆ گونجاندنی میتۆدی بەعس لەسەردەمی دەسەڵاتداریێتیی خۆماڵی بەکەرەسەو تەکنیکی ناو گلۆبالیزەو ئاڵۆزییەکانی.

**کۆنترۆڵ و دیسپلینی میدیا لەدونیای راگەیاندنی حیزبی کوردیدا وەکو سەردەمی تۆتالیتاریزمی بەعس نییە، بەهەڵەشی دەبینم گەر وا راڤەبکرێت، بەڵام لەوە ئاڵۆزتریشە هەروا بەجێیبهێڵین و لەژێر پاساوی خۆماڵێتی و ساوایی و بێئەزموونی بیدەینە دەست پرۆسەی گەشەی بەنەتەوەبوون و بەدامودەزگاییکردنی حکومەت.** گەر لەنمونەیەکدا فۆرمی هەڵسوکەوتی حیزب لەگەڵ میدیادا بەرجەستەبکەین دەتوانین بڵێین، گەر لەسیستەمی دیکتاتۆریدا دەسەڵات بڵێت یەك زائید یەك دەکاتە سێ، ئەوا هیچ گفتوگۆیەکی لەسەر ناکرێت و دەبێت بەعەقڵی حیسابی حیزب و سەرۆك کاربکرێت، بەڵام لەژێر دەسەڵاتداریێتیی حیزبی کوردیدا هەندێجار مافی ئەوەت هەیە تا ئەو شوێنە بڕۆیت بڵێیت بەڕێزان ئەم حیسابەهەڵەیە، بەڵام دەرئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئێوە دەیڵێن، واتە هەر سێیە، ئەگینا لەهیچ شوێنێك جێگات نابێتەوەو سکبرسی دەکرێیت.

لێرەوە قسەکردن لەسەر کەلێن لەنێوان کایەی سیاسی و میدیای کوردی بێمانایە گەر پێشوەخت هاوکێشەی وەزیفەی دەسەڵاتداریێتیی حیزبییانەی کوردی و پەیوەندیی بەکۆمەڵگاوە رووننەکرێتەوە. گەر یەکێك لەوەزیفەکانی میدیا دروستکردنی پرد بێت لەنێوان سیاسەت و خەڵك لەسیستەمی دیموکراسیدا، ئەوا بونیادێك هەیە کە ئەو پەیوەندییە لەچوارجێوەدەگرێت کە حکومەت و پەرلەمانە، بەڵام لەوڵاتی ئێمەدا ئەم هاوکێشەیە غائیبە، چونکی دەسەڵات خەمی سیاسی بۆ کۆمەڵگاو کێشەکانی نییەو کۆمۆنیکاسیۆن لەنێوان حکومەت و خەڵك ئامادەنییە. بۆیە کێشەکە کێشەی بوونی کەلێن نییە لەنێوان کایەی سیاسی و میدیا، بەڵکو کێشەی نەبوونی پەیوەندییە لەنێوان جومگە جیاجیاکانی ناو کۆمەڵگاو سیاسەت. گەر ئەم پەیوەندییەش ئامادەنەبێت سیاسەت میدیای ئازادی بۆچییە! هەریەك لەدەسەڵاتداریێتییە حیزبییەکە بۆخۆی خاوەنی دەزگای میدیای خۆیەتی و بانگەشەی ئەوەدەکات کە لەناو خەم و ئازارەکانی خەڵکدایەو لەتەنیشتیشەوە کۆمەڵگای سیاسی خۆی بەرهەمدەهێنێت.

**هێرش رەسوڵ: چی بکرێت بۆئەوەی لەکوردستان میدیا ببێتە دەسەڵاتی چوارەم، لەکاتێکدا بۆ بوونی میدیا بەدەسەڵاتی چوارەم پێویستمان بەدڵگەورەیی هەریەك لەدەسەڵاتەکانی تر هەیە،و ئەم هاوکێشەیە لەکوردستان چۆن دەبینیتو چ هەنگاوێك بۆ ئەم قۆناغە بەپێویست دەزانیت؟**

**ئاراس فەتاح:**

**زاراوەی دەسەڵاتی چوارەم یەکێکە لەپڕئیشکالیترین دەستەواژەی ئەدەبیاتی نوێی کوردی.** دیارە چەند هۆکارێك رۆڵی بنەڕەتی لەچەکەرەکردنو سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیەدا دەگێڕنو دەیکەن بەچەمکێکی نوێی ناو گوتاری رۆژنامەگەریی‌و رۆشنبیریی کوردی، لەوانە نەبوونی شەفافییەتی سیاسیی‌و ئۆپۆزیسیۆنێکی راستەقینە، بێدەسەڵاتی دەزگای پەرلەمانو لەوێشەوە ئامادەنەبوونی کۆنترۆڵی پەرلەمانتاری بۆ سەر حکومەتو مۆنۆپۆڵی دەسەڵاتی حیزبۆکراتی بەسەر هەموو دەزگاکانی راگەیاندنو بڵاوکردنەوە لەکوردستان، ئەمانە بەگشتی هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە پێکدەهێننو رۆژنامەی ئازاد دەکەن بەئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەو هەموو کەلێنو ناعەدالەتییە گەورانەی لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا دروستبووە. بەرای من ئەم زاراوەیە بارکراوە بەوەزیفەگەلێك کە لەراستیدا لەناو سیستەمێکی سیاسیی کۆمەڵگایەك لەنمونەی کوردستان، ناتوانێت پێیهەڵسێت، کە ئەویش وەزیفەی گەیشتن بەزانیاری پاشان گەیاندنێتی بەشێوەی بێلایەنانەو پسپۆڕانە، وەزیفەی رەخنەی عەقلانی‌و کۆنترۆڵی کاری حکومەت یان سیاسەت، وەزیفەی کولتوری‌و ئامێزانی کۆمەڵایەتی هتد... بەگشتی وەزیفەی دروستکردنی رای گشتییەو لەوێشەوە دەرخستنی کەموکورتی‌و گەندەڵییەکانو شەفافییەتو کرانەوەی سیاسییە. بۆ روونکردنەوەی ئەم دیدەم پێویستە سەرەتا ئاوڕێك لەخودی ئەم زاراوەیە بدەینەوە.

«دەسەڵاتی چوارەم» یان «هێزی چوارەم»، یاخود «کۆڵەکەی چوارەم» هێمایە بۆ دۆخێکی کولتووری– سیاسی ناو سیستەمی دیموکراسی. میدیا یان

رۆژنامەگەریتی لەناو سیستەمی دیموکراسیدا لەپاڵ دەسەڵاتە کلاسیکییەکانی دەوڵەت، کە دەسەڵاتی تەشریعیو تەنفیزیو داوەرین، فۆرمێك لەدەسەڵاتی پەخش پێکدەهێنێت. ئازادیی میدیا مافێکی بنەڕەتی تاکو گروپەکانی کۆمەڵگا پێکدەهێنێتو پەیوەندیی بەنەجابەتی سەرۆكو حیزبو دەوڵەتەوە نییە.

بیرۆکەی «دەسەڵاتی چوارەم» لەناو دەزگای دەوڵەت مێژوویەکی کۆنی هەیەو سەرەتاکانی دەگەرێتەوە بۆ سەدەی هەژدەهەمو قۆناغی رۆشەنگەری. پشتئەستور بەتیورییەکانی (هۆبز)و (مۆنتیسکیۆ) لەسەر چەمکی دەوڵەتو دابەشکردنی دەسەڵاتەکان، فەیلەسوفی فرەنسی (روسۆ) زاراوەی رۆژنامەگەریی وەکی «کۆڵەکەی چوارەم»ی ناو دەوڵەت ناودێر دەکات. دیارە لەدەستوری هیچ دەوڵەتێکی نەتەوەییدا ئەم چەمکە ناونەهێنراوەو نەبووە بەبەندێکی یاسایی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزی رۆژنامەگەریتیو راگەیاندن لەجیهانی بازاڕی ئازاددا بووە بەکۆڵەکەیەکی چوارەمی ناو دەسەڵاتی دەوڵەتی دیموکراسی،و ئازادانە لەدەرەوەی دەستێوەردانو ئاراستەی دەوڵەت کاردەکات، بەچەشنێك لەجیهانی ئەمڕۆدا هەموو حیزبو کۆمەڵەو دەزگایەك ئەوسا چ سیاسی بێت یان نەقابی یاخود ئەهلی، کولتووری بێت یان ئابووری، تادەگاتە وەرزشیش، بەبێ کۆنترۆڵی دەوڵەت، راگەیاندنو بڵاوکردنەوەی خۆی هەیەو لەرێگای بڵاوکراوەکانیانەوە بێت یان وتەبێژەکانیانەوە دەخوازێت بەخوێنەرو بینەرو بیسەرەکانی یاخود ئەندامەکانی بگات.

وەزیفەی میدیا بەپلەی سەرەکی کاری راگەیاندنە. ئەم وەزیفەیەش دەکرێت لەسێ رەهەندەوە تەماشابکرێت: یەکەم وەزیفەی کۆمۆنیکانسیۆنو دروستکردنی رای گشتییە، دووەم وەزیفەی پێگەیاندنەو سێهەمیش وەزیفەی سیاسیکردنە. کاتێك باس لەمیدیا دەکەین، دەبێت باس لەبازاڕی بیروبۆچوونە جیاوازەکان بکەین. ئەم دۆخە تەنها رەنگدانەوەی کۆمەڵگایەکی فرەدەنگو رەنگو بەرژەوەندی نییە، بەڵکو ئەو رووبەرەیە کە کۆمەڵگایەکی سیاسی تیایدا چالاکانە کاری تێدادەکات. وەزیفەی سیاسیی میدیا پابەندیی سیستەمی سیاسییە. بەپێچەوانەی سیستەمی نادیموکراسی کە کۆنترۆڵی راستەوخۆی میدیا دەکات، سیستەمی دیموکراسی لەسەر پەیوەندی بەردەوامی نێوان کۆمەڵانی خەڵكو دەوڵەت یان سیاسەت دەژی. کاری میدیا یان دەسەڵاتی چوارەم دروستکردنو

راگرتنی ئەو پەیوەندییەیە. لێرەوە ئاسان نییە باس لەدەسەڵاتی چوارەم بکەین بەبێ بوونی ئازادی. چەمکی ئازادی لەبوونی ئازادیی رادەربڕینو نووسینو بڵاوکردنەوەی بێسانسۆردا بەرجەستە دەبێت. چەندە ئازادی رووبەری رای گشتی پێکدەهێنێت ئاوهاش دیموکراسی رووبەری پێکەوەژیانی گروپەکانی کۆمەڵگایەك فەراهەمدەکات. بۆیە چەندە زەحمەتە باس لەمیدیای ئازادو ئازادیی رادەربڕین بکەین بەبێ بوونی دیموکراسیو هێندەش زەحمەتە باس لەدەسەڵاتی چوارەم بکەین بەبێ بوونی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانو شەفافییەتی سیاسی.

گەر زاراوەی «کۆمەڵگای سیاسی» بەقەرز وەربگرینو باس لەکۆمەڵگایەکی سیاسی لەکوردستان بکەین، ئەوا دەتوانین رووکەشانە بڵێین، بەڵێ **راستە ئەم کۆمەڵگایە خاوەن حکومەتو پەرلەمانی فەرمی خۆیەتی، بەڵام فاکت ئەوەیە کە ئەم کۆمەڵگایە لەنێوان دوو سیستەمی حیزبۆکراتیدا دابەشبووە، کە هەریەکەی خاوەن دەزگای راگەیاندنو بڵاوکردنەوەی خۆیەتیو کۆمەڵگاکەی شاقوڵیانە بەسەر دوو «سێبەرە دەسەڵات»ی دەرەوەی حکومەتو پارلەمان دابەشکردووە کە دەسەڵاتی سیاسی راستەقینە پێکدەهێننو پیادەدەکەن.**

میدیا لەهەر سیستەمێکی سیاسیدا بێت بەشێکی دەزگای دروستکردنی رای گشتیو ئیرادەی گشتییە. جیاکاری نێوان سیستەمەکان لەچەشنی لکاندنو دابڕانی دەزگای میدیادا بەرجەستەدەبێت. واتە لەچەشنو شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ خودی میدیادا دەتوانین دەستنیشانی دیموکراسی یان نادیموکراسیبوونی سیستەمێکی سیاسی بکەین. ئەوە شوێنگەی میدیایە لەکۆمەڵگادا بەرچاوڕوونیمان دەکات لەوەی کە ئێمە سەروکارمان لەگەڵ چ سیستەمێکی سیاسیدا هەیە. گەر بەکورتی دەستنیشانی شوێنگەی میدیا لەسیستەمی دیموکراسیدا بکەین، دەبێت چەند رەگەزێکی گرنگ دەستنیشانبکەین:

**یەکەم**: میدیا کۆڵەکەیەکی دەسەڵاتە دابەشکراوەکانە.

**دووەم**: میدیا هەڵگری وەزیفەی دەوڵەتیی نییەو تەنانەت ئەو دەزگا راگەیاندنانەی کە دەوڵەتیش داراییان دەکات وەکو رادیۆو تەلەفیزیۆن نێوەندە رۆشنبیرییەکان، نابێت ببن بەزمانی ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتی سیاسیو شوێنی مۆبیلیزەکردنو رێکخستنی تاکەکانی کۆمەڵگا.

**سێهەم**: دەنگوباس بەبێ سانسۆر بڵاودەکرێتەوە. (لەناو هەندێك وڵاتدا

ڕۆژنامەنووسان خودسانسۆریان بۆ خۆیان داناوەو کۆدێکسەك هەیە کە کاری لەسەر دەکەنو سنورەکانی نابەزێنن. رایان وایە کە تاکە سانسۆرێك هەبێت، دەبێت سانسۆری ئێتیکی خودی رۆژنامەگەرێتی خۆی بێت، نەك هی دەوڵەتو حیزب).

**چوارەم:** میدیا وابەستەی هیچ بڕیارێکی حکومی نییەو فەرمانەکانی جێبەجێ ناکات.

**پێنجەم:** خوێندن لەبواری میدیادا مافی هەموو کەسێکەو لەلایەن دەوڵەتەوە رێکناخرێتو ئاراستەناکرێت.


گەر وەزیفەکانی میدیا، وەکی لەسەرەوە باسمان کرد، لەبەرچاوبگرینو رەگەزە سەرەکییەکانی میدیای ئازادیش بکەین بەپێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخی دیموکراسی لەکوردستان، ئەوا سیستەمی سیاسی کوردستان لەو تاقکردنەوەیە دەرناچێتو ئەو دەزگاو کەناڵانەشی کە راستەخۆ بەناوی حیزبەوە کارناکەنو لەلایەن سیاسەتمەدارێکەوە بەڕێوەدەبرێت، شتێکی تر نییە لەکەرتێکی ئابوریی تری حیزبو ساماندارەکانی، کە «بێرلەسکۆنی» بووە بەنمونەی کۆپییەکی شێواوو سواوو خراپی ئەو کەسایەتییانە. **لەکوردستان بازاڕی میدیای حیزبییە جیاوازەکان جێگایان بەبازاڕی بیروبۆچوونە جیاوازەکان چۆڵکردووە. دەزگاکانی میدیا بوونەتە کەرتی تایبەتی کۆمۆنیکاسیۆن بەپڕوپاگەندەو گوتاری حیزب.**

بەبێ دابەشبوونی دەسەڵاتەکانو شەرعییەتیانو بەبێ ئازادبوونی میدیا لەدەسەڵاتی حیزبیو بوونی بەوەزیفەیەك کە رۆژنامەگەریی سەربەخۆ لەناو زانکۆکانەوە بەرهەمبهێنێتو لەدەرەوەی زانکۆکانیش، جگە لەهاوڵاتیو ئاوێنە کە هێشتا نەبوونە بەرۆژنامە یان رادیۆی نەوا، شانسی دۆزینەوەی کارو پراکسیسی پیشەکەیان هەبێت، بەبێ بوونی زانیاریو گەیشتن بەسەرچاوەکانو بڵاوکردنەوەی بێسانسۆر،و بەبێ بوونی چەمکی ئازادیو مومارەسەی ئازادانەی پیشەی رۆژنامەگەرێتی،و بەبێ بوونی پراکسیسی پرۆفێشیۆنالانەی رۆژنامەگەرێتیو ئێتیکی رۆژنامەگەرێتی ناتوانین باس لەدەسەڵاتی چوارەم بکەین. دەسەڵاتی چوارەم پابەندی بوونی پێشوەختی ئەو مەرجانەی سەرەوەیە کە ئەمڕۆ بەگشتی لەکوردستاندا ونن. بەبۆچوونی من قسەکردن لەدەسەڵاتی چوارەم جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەتێزی مارکسییەکان، بۆ بوونی هێزی پرۆلیتاریا لەکوردستان.

**ئازاد جندیانی** - ل. مەکتەبی راگەیاندنی (ی.ن.ك) (*)

**لەتەوەری:**

**حیزبی کوردیو ئازادیی رۆژنامەنووسی- ی.ن.ك بە نمونە**



**"ئـــازادیی رادەربـــڕین لەکوردســـتاندا، لەرۆژنامە حزبییەکانەوە سەریهەڵداوە"**

* ئەم دیدارە لە ئازاری ٢٠٠٧ دا سازکراوە.

## ئازاد جندیانی

- ساڵی ١٩٥٥ لەگوندی بێشوکی سەر بەقەزای رواندز لەدایکبوە.
- ساڵی ١٩٦٩ یەکەمین بەرهەمی ئەدەبیی شیعری لەرادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق بڵاوکردۆتەوە.
- ساڵی ١٩٧٢ بۆ یەکەمینجار چوەتە دنیای رۆژنامەنووسی، ئەمیش لەگەڵ کۆمەڵێك لاو گۆڤاری (بەرەو روناکی) یان دەرکردوە.
- ساڵی ١٩٧٠ لەشەشەمین کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیان، کە بچوکترین ئەندامی کۆنگرە بوە، بەشداری کردوەو دواجار بوەتە ئەندامی ناوچەی چۆمانی ئەو رێکخراوەو کراوەتە لێپرسراوی بەشی راگەیاندن.
- ساڵی ١٩٧٧ چوەتە ریزەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانو بوەتە ئەندامی کۆمیتەی راپەڕین.
- ساڵی ١٩٨١ بوەتە پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو یەکەمین پەیامنێری دەنگی گەلی کوردستان بوە.
- لەدامەزراندنیەوە لەرۆژنامەی (کوردستانی نوێ) کاریکردوەو ماوەیەك سکرتێری نووسینی بوە.
- ماوەیەك سەرنووسەری گۆڤاری (مەدەنیەت) بوە.
- ساڵی ٢٠٠١ لە دووەمین کۆنگرەی یەکێتی دا بوەتە ئەندامی سەرکردایەتیو ئێستاش لێپرسراوی دەزگای ناوەندی راگەیاندنە.

**هێرش رەسوڵ: تاچەند ئـازادیی رادەربـڕین لەرۆژنامەنووسـیی کـوردی ئامـادەگی هەبووە؟ چۆن؟**

**ئازاد جندیانی:**

پێموایـە **ئەگەر بـەراوردی بکـەین لەگـەڵ زۆر وڵاتـانی دەوروپـشتی خۆمان و دورتریش تا شێوەیەکی ئێجگـار زۆر ئـازادیی رۆژنامەنووسـی لەکوردسـتان هەیە، گەیشتۆتە سنوری ئەوەی ئەگەر لەوڵاتانی دنیا لەسەر تۆمەتی (تەشهیر و قـەزف) مانگانە روداوێك یان دوو روداو هەبێت، ئەوا لەکوردستان دەیـان روداو هەیـە،** ئەمـە رەنگە بەڵگەی زۆر شتی تریش بێت، بەڵام لەلایەکیترەوە بەڵگەی ئەوەیـە ئـازادیی رۆژنامەنووسیو رادەربـڕین تـا سـنورێکی وا چـۆتە پێـشەوە کـە بەشـێك لەوانـەی دەنووسـن سـنورەکانی نێـوان ئـازادیی رادەربـڕینو نووسـین لەگـەڵ سـنورەکانی بەزاندنی سنوری ئازادییـەکانی تـاك لێیـان تێکـەڵبوە، بۆیـە مـن پێموایـە ئـازادیی رادەربڕین لەکوردستان زۆر بەربڵاوە، زۆرجاران دەسەڵاتی کوردی لەلایەن هەنـدێ خەڵکەوە وا تۆمەتبار دەکرێ کە لەجیاتی ئەوەی تێگەیشتنێکی دیموکراسیانە یان بەپێی ماف مرۆڤی هەبێ بۆ ئازادیی رادەربڕین جۆرێك لەلیبرالیـەتی تێکـەوتوە کـە بەیاساو ئەو شتانە پابەند نەبوە.

**هێرش رەسوڵ: رۆژنامەی حیزبی لەئێستادا کـۆنترۆڵی گۆڕەپانەکـەی کـردووە، ئـەو گۆڕەپانە بـەچ شـێوەیەك لـەو رۆژنامەیـە دەسـەنرێتەوەو دەدرێتـەوە بەرۆژنامـەی ئـازاد لەکاتێکـدا حیـزب پارەیـەکی خـەیاڵی بـۆ رۆژنامەکانی خۆی تەرخاندەکات؟**

**ئازاد جندیانی:**

خۆی پرسیارەکە ئەوەیە: بۆ لێی بسەنرێتەوە؟ هەروا من لەگەڵ زاراوەی (رۆژنامەی ئازاد) دا نیم، رۆژنامەکەی ئێمەش رۆژنامەیەکی ئازادە، چونکە هەموو رۆژنامەیەك سیاسەتێکی خۆی هەیە، ئەو سیاسەتە هی حزبێکە یان هی دەستەی رۆژنامەکەیە، حزبیش واتە سیاسەت، هەبوونی سیاسەتێك، ستراتیژێك، تاکتیکێك، چۆنێتی ئیشکردن لەسەر رایگشتی، **بۆ نمونە ئێمە لەحزبە سەرەکیەکانی کوردستان بەتایبەتی هەوڵدەدەین ئەوانەی ئێمە کردوومانەو پێمانوایە دەستکەوتە رایگشتی لەدەور کۆبکەینەوە، ئەوە سیاسەتی ئەو رۆژنامانەیە، سیاسەتی رۆژنامەکانی تریش کە رۆژنامەی ئەهلیین دەیانەوێ بەپێچەوانەی ئەوەی ئێمە دەمانەوێ ئەوان بیکەن لەسەر رایگشتی، واتە هەردووکمان لەسەر رایگشتی ئیشدەکەین بەدوو ئاراستەی جیاواز، هەردووکمان سیاسەتدەکەین**، سیاسەتێکمان هەیە لەئەنجامدا، ئەمە مانای ئەوە نیە سەرنووسەری رۆژنامەی ئەهلی هیچ وتارێك نەخوێنێتەوە، هیچ هەڵنەبژێرێ، هەرچی بۆی هات داینێت، وانیە، ئەویش دادەنیشێت، دەیخوێنێتەوە، بڕیاری لێدەدا ئاخۆ لەگەڵ نەهجی رۆژنامەکەی دەگونجێ یان نا؟ هەبوونی نەهج واتا هەبوونی سیاسەت.

**هێرش رەسوڵ: رۆژنامەی حیزبی لەهەرێمی کوردستاندا تاچەند توانیویەتی ئازادیی رادەبڕینی تیا بپارێزرێت؟**

**ئازاد جندیانی:**

من پێموایە ئازادیی رادەربڕین لەکوردستاندا لەرۆژنامە حزبییەکانەوە سەریهەڵداوە، لەرۆژنامە حزبییەکانەوە پێی گرتوە، لەرۆژنامە حزبییەکانەوە خەڵك فێرکراوە چۆن ئازادبێ لەدەربڕینی بیروبۆچوونی خۆی.

**هێرش رەسوڵ: پێتوایە ئازادیی رۆژنامەنووسی لەئازادیی قسەکردندا کورتدەکرێتەوە گەر هاتوو کایەی سیاسی قسەکانی بەهێند وەرنەگرێت؟ واتا تا چەندە پێتوایە کەلێنێك لەنێوان کایەی سیاسی کوردیو میدیای کوردییدا هەیە؟**

**ئازاد جندیانی:**

پێشتر قسەیەکت کرد، دەڵێی میدیای حزبی کە میدیای دەسەڵاتە پانتاییەکی زۆری داگیرکردوە، کەواتە ئەو پرسیارە بەو رێگەیە ناکرێ، لەبەرئەوەی (بەقسەی خۆت) بەشێکی لەگۆرەپانی میدیا گۆرەپانی میدیای دەسەڵاتە، میدیای دەسەڵات لەگەڵ دەسەڵات کۆکە، بۆچی لەنێونیاندا کەلێن هەیە؟ من ناکۆکم لەگەڵ ئەو قسەیە، ئێمەش پەراوێزی ئازادیمان هەیە، بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە بۆ ئەوەیە رۆژنامەی ئەلیف بڵێ من رۆژنامەیەکی ئازادم، فلان رۆژنامەیەکی ئازاد نیە، من پێموایە هەموو رۆژنامەیەك سیاسەتو نەهجێکی هەیە لەو چوارچێوەیەدا ئیشدەکا، بەڵگەشمان هەیە، ئەگەر بێینە سەر بەڵگە هێنانەوە هەموو ئەو رۆژنامانەی تۆ پێیان دەڵێی ئازادو سەربەخۆ من دەیان خەڵکت بۆ دەهێنمەوە بابەتی بۆ ناردوە، بەدڵی ئەو نەبوە یان بەسیاسەتی سەرنووسەرەکەی یان ستافەکەی نەبوە بڵاوی نەکردۆتەوە.

ئینجا پێم سەیرە دەڵێن کایەی سیاسی گوێیان لێناگرێت، بۆ قسەکانیان بەهەند وەرناگرێت؟ من پێموایە زۆر گوێ دەگرێ، بۆ نمونە: فرۆشی (هاوڵاتی) لەبەر ئەوە نیە کە بابەتەکانی زۆر سپێشەڵو نایابن، هاووڵاتیی کورد نەیخوێنێتەوە ئاگای لەدنیا نامێنێت، بەشی زۆری لەبەر ئەوەیە زۆربەی لێپرسراوی فەرمانگەو بەرێوەبەرایەتیەکان دەیکرن تا بزانن چی لەسەر فەرمانگەکەیان نووسراوە، زۆربەی فەرمانبەر دەکرێ بۆ ئەوەی بزانێ چی لەسەر نووسراوە.


من پێموایە ئێستا قۆناغێك هاتۆتە پێشەوە **پێویستە جیاوازیەك بکەین، هەمووومان، رۆژنامەنووسان، رۆشنبیران بەشێوەیەکی گشتی ئەو جیاوازیە بکەین، جیاوازی لەنێوان هایت پارك و ئازادیی رادەربرین، ئازادیی رادەربرین یاسامەند**

**كراوه، ئەو یاسایه من چەند رام لێیەو تۆ چەند رات لێیه بابەتێکی تره، بـەڵام هایـت پارك ئەو گۆڕەپانەیه لەلەندەن، که خەڵك دەچێ بەئارەزووی خۆی تێیدا جنێـو دەدا، لەشاژنەوه تا خواری خوارەوه،** دەبێ جیاوازی بکەین، نابێ کەناڵەکانی راگەیاندنمان بەسایتەکانیشەوه، ببنه هایت پـارك، چـونکه دەبـێ لانیکـەم ناویـان بنـێین هایـت پارك، با رۆژنامەی ئەلیف یان سایتی ئەلیف هایـت پـارك بـێ، بـەڵام دەبـێ جیـای کەینەوه لەکەناڵەکانی تر بەشێوەیەکی گشتی.

## **ئاسۆس هەردی** – بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپیانیای ئاوێنە(*)

**لەتەوەری:**

**میدیای ئەهلیو ئازادیی رۆژنامەنووسی**



**"گەندەڵو خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەکان ئاستەنگو گرفتی سەرەکیی رۆژنامەنووسن"**

* ئەم دیدارە لە ئابی ٢٠٠٧ دا سازکراوە، ئەوکاتە (ئاسۆس هەردی) سەرنووسەری رۆژنامەی "ئاوێنە" بوە.

## ئاسۆس هەردی

- لەدایکبووی: ١٩٦٣/٩/٢٠ لەسلێمانی.
- ساڵی ١٩٨١– ١٩٨٢ لەبەشی میکانیکی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی موسڵ وەرگیراوە.
- لەمانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٦داو لەدوا قۆناغی خوێندندا، لەسەر ئەوەی بەشداری مەشقی هاوینەی (جەیشی شەعبی رژێمی بەعس)ی نەکردووە، فەسڵکراوە.
- ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندیکردووە بەشۆڕشەوە.
- پاش راپەڕینی ١٩٩١، گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانیو لەساڵی ١٩٩٤ دا دوا قۆناغی خوێندنی لەزانکۆی سەلاحەدین تەواوکردوە.
- ساڵی ١٩٩٤ لەبەڕێوەبەرایەتیی ئاوەدانکردنەوەی سلێمانی دامەزراوە.
- یەکێك بووە لەدامەزرێنەرانی رۆژنامەی "هاوڵاتی"، ساڵی ٢٠٠٠.
- لەیەکەمین ژمارەوە (٢٠٠٠/١١/٣) تا ٢٠٠٥/١١/٣ سەرنووسەری "هاوڵاتی" بووە.
- یەکێك بووە لەدامەزرێنەرانی رۆژنامەی ئاوێنەو کۆمپانیای ئاوێنە بۆ چاپو بڵاوکردنەوە.
- لەیەکەمین ژمارەوە (٢٠٠٥/١/٣) تا ٢٠٠٨/٣/١٥ سەرنووسەری "ئاوێنە" بووە.
- ئێستا بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئاوێنەیە.
- کتێبەچاپکراوەکانی: (وەرگێڕانی دوو کتێبی ئیسماعیل بێشکچی لەتورکییەوە بۆ کوردی. وەرگێڕانی دەستنووسێکی کۆن لەسەر مێژووی ئەمارەتی ئەردەڵان لەفارسییەوە بۆ کوردی).

**هێرش رەسوڵ: رۆژنامەنووسیی کوردی لەدوای راپەڕین تاچەند فەزای بۆ ئازادیی رادەربڕین رەخساندووە؟**

**ئاسۆس هەردی:**

لەدوای راپەڕین هەلومەرجێك هاتە ئاراوە کە بەتەواوی لەگەڵ سەردەمی بەعسدا جیاواز بوو. نەك هەر لەبەر ئەوەی حوکمی بەعسی (عەرەبی) لەبەشی هەرەزۆری کوردستان دوورکەوتەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە کایەی سیاسیی کوردستان رەنگاوڕەنگییەکی بێوێنەی بەخۆیەوە دی. ئەم دۆخە جیاوازییەکی جەوهەریی تەنانەت لەگەڵ سەردەمی "زێڕین"ی شۆڕشی ئەیلولیشدا هەبوو. واتە ئەو سەردەمە کورتخایەنەی نێوان ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٤. چونکە ئەگەرچی لەو سەردەمەدا فەزایەکی تاڕادەیەك ئازاد هاتبووە کایەوە، بەڵام تاکە رەنگو تاکە دەنگێك بەسەر کایە سیاسییەکەدا زاڵ بوو. هەرچی سەردەمی راپەڕینە، هەر لەسەرەتاوە بەوە جیادەکرێتەوە کە سەردەمی فرە رەنگیو فرە دەنگی بوو. **گەڕانەوەی حیزبەکان لەشاخەوە بۆ شار، بەبیروبۆچوونو تێڕوانینە جیاوازەکانیانەوە، بەخۆیانو رۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندنیانەوە کە رۆژ بەرۆژ لەزیادبووندا بوون، فەزایەکی تەواو تازەی لەکوردستاندا خوڵقاندبوو.**

پێموایە لانیکەم لەرووی تیۆرییەوە، دەکرا ئەم فەزایە بەرەو فرەڕەنگییەکی سەقامگیرو بەدامودەزگاکراو هەنگاو بنێت، ئەگەر تەوژمە سیاسییە جیاوازەکان بیانتوانیایە چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ پێکەوە ژیانو یەکتری قبوڵکردن دامەزرێنن. بێگومان رۆژنامەو کەناڵەکان (کە ئەوکاتە زۆربەی هەرە زۆریان سەر بەحیزبەکان بوون)، دەیانتوانی لەدامەزراندنی ئەم چوارچێوە فراوانەداو

لێرەشەوە لەخولّقاندنی فەزایەکی ئازاددا ڕۆڵێکی گرنگ ببینن. بەڵام بەداخەوە، ئەم ئۆرگانە حیزبییانە، لەبری هەوڵدان بۆ بەیەك گەیاندنو دیالۆگ، کاریان لەسەر تۆخکردنەوەی سنورەکانو ئەستوورکردنی ئاستەنگەکانی بەیەك گەیشتنی بیروڕا جیاوازەکان دەکرد. کار گەیشبووە ئەوەی کە لای هەر لایەنگرو ئەندامی لایەنێك، کەناڵی ڕاگەیاندنی لایەنەکانی تر تەنها ئەو کاتە سەرنجی ڕادەکێشاو دەخوێنرایەوەو دەبینرا، کە بابەتێکی دژ بەلایەنی ئەندامو لایەنگرەکەی تێدا بێت. ئەویش نەك بەمەبەستی لێك تێگەیشتنو تەفاعولی زیندوو، بەڵکو بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەو شەڕ لەگەڵدا کردن.

بەکورتی، **ڕاگەیاندن لەدوای ڕاپەڕین، بەشداربوو لەپاڵ پێوەنانی کۆمەڵگەی کوردی بەرەو لێواری شەڕی ناوخۆ.** دیارە من دەزانم لێرەو لەوێ دەنگ هەبوون هەوڵیان دەدا ڕەوتی ڕووداوەکان بەئاقارێکی تردا بەرن، بەڵام ئاڕاستەی باڵادەستو زاڵ بەسەر زۆربەی هەرەزۆری کەنالەحیزبییەکاندا کۆمەڵگەی بەرەو شەڕ برد.

کاتێکیش شەڕ دەستی پێکرد، ئیدی هیچ بوارێك بۆ ئازادیی بیروڕادەربڕین نەمایەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە بڵاوبوونەوەی یەکەمین ڕۆژنامەی ئازاد کە توانیبێتی بەردەوام بێت (هاوڵاتی)، تا ساڵی (٢٠٠٠) دوا دەکەوێت. واتە تا ئەو کاتەی کە ئاگری شەڕ بەرەو کوژانەوەو کوانووەکەی بەرەو ساردبوونەوە دەڕوات. ئەمە جگە لەوەی جێبەجێکردنی بڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراك، ئاهێکی بەبەر خەڵکیدا هێنایەوەو بارودۆخی ئابوریو توانای مادیی خەڵکی تا ڕادەیەکی زۆر گۆڕی.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە لەسەرەتای ڕاپەڕیندا ئەستەم بوو کەناڵی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ لەدایك بێت. لەلایەکەوە بارودۆخی سەختی ئابلۆقەی ئابوریی چەند لایەنە لەسەر کوردستان، نەك هەر ڕێگربوو لەبەردەم لەئەستۆ گرتنی خەرجو پێداویستییەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەکدا، بەڵکو خەڵکی کوردستانیش لەتوانایاندا نەبوو ڕۆژنامە بکڕنو لەڕووی مادییەوە زەمینەی بەردەوامبوونی ڕۆژنامەکە فەراهەم بێت. لەلایەکی تریشەوە، حەماسەتو گوڕوتینی دوای ڕاپەڕین، وای لەخەڵکی کردبوو بەتامەزرۆییەوە باوەش بەڕۆژنامە

حیزبییەکاندا بکەن، ئەو رۆژنامانەی تا سەردەمێکی نزیك قەدەغە بوون‌و بگرە بەردەستکەوتنیان رەنگ بوو مانای کۆتایی هێنان بەژیانی خوێنەر بێت. لەراستیدا ئەم حەماسەتە، هەر زوو بەرەو ساردبوونەوە چوو.

لێرەوە دەبێت لەدوای ساڵی (٢٠٠٠)ەوە باسی رۆڵی میدیای ئازاد بکەین. بێگومان زیادەڕەوییە ئەگەر بڵێین لەماوەی ئەم چەند ساڵەدا میدیای ئازاد توانیوێتی کۆمەڵگەی کوردی بەتەواوی بگۆڕێت. بەهەمان شێوەش زیادەڕەوییە ئەگەر بڵێین هەر گۆڕانێك روویداوە، تەنها لەژێر کاریگەریی رۆژنامەی ئەهلیدا بووە. چونکە نوخبەجۆراجۆرەکانی کۆمەڵگە (رۆشنبیران، چالاکەکانی بواری مافی مرۆڤ‌و مافی ژنان، تەنانەت ئەو شۆفێرانەش کە بۆ بەرزکردنەوەی داواکانی خۆیان مانیان گرتووەو گوشاریان خستۆتە سەر دەسەڵات)و بگرە هەندێك جار دەنگە ئازادیخوازەکانی ناو حیزبەکان‌و دەسەڵاتیش لەم گۆڕانەدا رۆڵیان هەبووە. بەڵام لەو رووەوە کە راگەیاندن گرنگترین ئامرازو دەرکەوتەی ئازادیی بیروڕادەربڕینە، بێگومان رۆڵی راگەیاندن دیارترو ئەکتیڤتریشە. چونکە ئەو شوێنەیە کە دەنگی هەموو ئەو گروپ‌و توێژو نوخبانەی باسم کردن، دەگەیەنێت.

پێموایە هەر لەدوای راپەڕینەوە، پەراوێزێك لەئازادیی بیروڕا دەربڕین لەکوردستاندا هەبوو. ئەمە لەلایەکەوە دەگەڕایەوە بۆ ئەو فرەڕەنگییەی باسمان کرد، لەلایەکی تریشەوە هێشتا دروشمە ئازادیخوازەکانی ناو حیزبەکان کاڵ نەبووبوونەوەو خەڵکیش تازە بەتازە هەستی دەکرد لەکۆت‌و بەندی دزێوترین دیکتاتۆری سەردەم رزگاری بووە. بەڵام لەو رووەوە کە کەناڵێکی سەربەخۆو دامودەزگایەکی دامەزراو نەبوو ئەم پەراوێزە بەکاربێنێ، بەرەو بەرتەسکبوونەوە دەچوو، بەتایبەت پاش هەڵگیرسانی شەڕی حیزبەکان. گومانی تێدا نییە، ئێمە کاتێك دەتوانین بڵێین خاوەنی مافێکی دیاریکراوین، کە بتوانین بەکاری بێنین. توانای سوودوەرگرتن‌و بەکارهێنانی مافێك، نەك هەر مایەی چەسپاندنی ئەو مافەیە، بەڵکو هەنگاوێکە بەرەو فراوانکردنیشی. واتە، تا تواناو ئامرازەکانی بەکارهێنانی مافی دەربڕینمان زیاتر بێت، ئەگەری چەسپاندن‌و فراوانکردنیشی زیاتر دەبێت. لەو رووەشەوە کە وەکو گوتمان رۆژنامەو راگەیاندن بەگشتی گرنگترین‌و سەرەکیترین کەناڵی تەعبیر لەخۆکردن‌و دیارترین ئامرازی بەعەمەلی

کردنی ئازادیی بیروڕادەربڕینە، هەبوونی کەناڵێکی ئازادو بەردەوام، تاکە ئامڕازی چەسپاندنو فراوانکردنی ئەو پەراوێزی ئازادییە بووە کە باسمان کرد. بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم، لەکوردستاندا رۆژنامەی ئازاد رۆڵێکی گرنگی هەبووە لەرەخساندنی سەرەتاکانی فەزای ئازادیی بیروڕا دەربڕیندا. پێموایە ئاسان نەبوو پێش ساڵی ٢٠٠٠ ئەو هەواڵو بابەتە رەخنەییە توندانەی ئەمڕۆ تەنانەت لەسەر سەرکردەکانیش بڵاو دەبنەوە، بواری ئەوەیان بۆ بڕەخسێت رۆشنایی ببینن‌و خەڵك لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان بیانخوێنێتەوە. **رۆژنامەی ئازاد نەك هەر توانی دەسەڵاتی سیاسیی وا لێ بکات گوێی خۆی رابێنێت بەبیستنی ئەو هەواڵانەی نایەوێت ببیسترێن‌و خوێندنەوەی ئەو رەخنانەی نایەوێ بخوێنرێنەوە، بەڵکو توانی بەخەڵکی ئاساییشی بسەلمێنێت کە بەڕاستی پەراوێزێك هەیە بۆ قسەکردن‌و دەتوانین‌و دەبێت ئەو پەراوێزە بەکاربێنین.** چونکە ئەوە تەنها رێگریی دەسەڵات نەبوو کە بواری ئازادیی رادەربڕینی بەرتەسك دەکردەوە، بەڵکو ئەو ترسە دەروونییەش بوو لەقسەکردن کە لەناخی هەموو یەکێك لەئێمەدا هەبوو. ئەم ترسە، زادەی کولتووری داخراوی کۆمەڵگەکەی خۆمان‌و ژیانی دوورودرێژمان بوو لەسایەی خوێناوی ترین رژێمی دیکتاتۆریدا. ئێمە لەسایەی کولتوورێکدا پەروەردە بووین، کە هەر لەمنداڵییەوە "ترس لەقسەکردن" لەدەروونماندا دەچێنێت. وەك لەشوێنێکی دیدا باسم کردووە، کێ لەئێمە لەناو خێزانەکەی خۆیدا جورئەتی کردووە رووبەرووی باوك، دایك یان برای گەورە قسەیەك بکات کە بەدڵی ئەوان نەبووبێت؟ کێ لەئێمە ئەو ساتانەی منداڵیی بیرنییە کە دایکی بەستەزمانمان، تەنانەت ئەگەر لەسەر حەقیش بووبێت، نەیوێراوە لەبەرامبەر هەڵچوون‌و تووڕەیی باوکماندا ناڕەزایی یان رایەکی جیاواز دەربڕێت؟ ئەی کاممان دارەکەی دەستی مامۆستای قوتابخانەو ترسی لێدان مێشکی داگیر نەکردووین... هتد؟ سەرباری ئەمانەش، ژیان لەسایەی رژێمێکی توندوتیژو چەپێنەری وەك بەعسدا، بمانەوێ‌و نەمانەوێ ئەوەندەی تر ئەو ترسە دەروونییەی ناخمانی لەقسەکردن گەورەکردو گەشەی پێدا. رژێمێك وای لێکردبووین تەنانەت لەماڵی خۆشمانداو بەچرپەش نەوێرین قسە بکەین.

بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم ڕۆژنامەی ئازاد لانیکەم سەرەتایەکی بۆ چەسپاندنی فەزایەکی ئازادیی بیروڕا دەربڕین بنیاتناوە، بەڵام بێگومان وەکو لەسەرەتاوە وتم، لەمەدا تەنها نەبووە، ئەگەرچی ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە. دەشڵێم "سەرەتایەك"، چونکە دڵنیام هێشتا ڕێگایەکی دووردرێژمان لەپێشە بۆئەوەی بەجورئەتەوە بتوانین بڵێین: لەکوردستاندا ئازادیی بیروڕادەربڕین هەیەو بەیاساو دامودەزگاکان پارێزراوە.

**هێرش ڕەسوڵ: گومان پرۆژەیەکە لەبەرامبەر ڕۆژنامەی ئازاد بەوەی گومانی حیزبیبوون تواناکانی پەکدەخات؟ ئایا مەرجە ڕۆژنامەی ئەهلی پەیوەندی بەدەزگا سیخوریەکانەوە هەبێت؟**

**ئاسۆس هەردی:**

لەم بارودۆخە ئاڵۆزو پڕ لەگرژیو حەساسییەتەی کوردستاندا، لەوە تێدەگەم خەڵك هەبن لەسەرەتادا بەگومانەوە لەهەموو پرۆژەیەکی سەربەخۆ بڕوانن. بەتایبەت کە زۆر تەجروبەمان دی بەناوی سەربەخۆوە پێمان فرۆشراو پاشان دەرکەوت وا نەبوو. بەڵام دیارە ئەوەش دەزانم کە کۆمەڵێك هەن، پێشوەخت بڕیاریان داوە (ڕەنگە لەچاویلکە تەماوییەکەی خۆیانەوە بڕوانن)، دانی خێر بەهیچ پرۆژەو کەسێکدا نەنێن. من کارم بەمانە نییەو هیچم نییە پێیان بڵێم.

بەڵام پێموایە وەك چۆن دەشێت مامۆستای سەربەخۆمان هەبێتو هەمانە، خوێندکاری سەربەخۆمان هەبێتو هەمانە، هاوڵاتیی سادەو سەربەخۆمان هەبێو زۆرینەشن، ئەندازیارو پزیشكو کرێکارو ڕۆشنبیرو...هتد ـی سەربەخۆمان هەبێو هەمانە... ئاواش دەشێت ڕۆژنامەنووسو ڕۆژنامەی سەربەخۆمان هەبێتو هەیشمانە. باوەڕو متمانەی تەواویشم بەوریایی خوێنەر هەیەو پێموایە کەس ناتوانێت تاسەر هەموو خەڵك بخەڵەتێنێت.

سەبارەت بەپەیوەندییەکانی ڕۆژنامەنووسو ڕۆژنامەش دەڵێم، گرنگ نییە ڕۆژنامەنووس پەیوەندیی بەچیو کێوە هەیە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە شێوەی ئەو پەیوەندییە چۆنەو بەچ مەبەستێکە. چونکە کەرەسەی سەرەکیی کاری

ڕۆژنامەوانیی، زانیارییە. زانیاریش لەجومگەو دامودەزگا جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەتدایە. **تا ئەو شوێنەی پەیوەندییەکانی ڕۆژنامەنووس لەخزمەتی پیشەکەیدا بن و مەبەستی هۆشیارکردنەوەی خەڵکیان لەپشت بێت، بەشیاوو شەرعییان دەزانم.** دیارە مەرجیش نییە هەموو زانیارییە پێویستەکان لەناو دەزگا سیخوڕییەکاندا بن. چونکە کۆمەڵگە زۆر لەوە فراوانترو ئاڵۆزترە کە بەتەنها کورت بکرێتەوە بۆ سیاسەتو سیخوڕی. بەڵام بێگومان لەم حاڵەتەداو لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ سیاسەتو حیزبەکانیشدا، مەترسیی گەورە بۆ ڕۆژنامەنووس دێتە ئاراوە. وەك مەترسی بەکارهێنانی لەلایەن ئەو دەزگایانەوە بەمەبەستی تێپەڕاندنی زانیاریی ناڕاستو چەواشەکردنی خەڵك یان تێکشکاندنی نەیارەکان، یاخود هەڵخلیسکانی ڕۆژنامەنووسو بوونی بەئامرازێك بەدەست ئەو لایەنو دەزگایانەوە، جا بەئاگایی بێت یان بێ ئاگایی. بێگومان ئەم ئەگەرانە لەمامەڵەکردن لەگەڵ کێشە جۆربەجۆرەکانی تری کۆمەڵگەشدا هەر لەئارادان. بۆنمونە ئەگەری ئەوەی لەکێشەیەکی کۆمەڵایەتیو تاواندا، ڕۆژنامەنووسێك هوشیارانە یاخود ناهوشیارانە، ببێتە مینبەری جەللاد لەبری قوربانی.

بۆیە ئەگەرچی پێموایە ڕۆژنامەنووسێك کە بیەوێ بەڕاستیو جورئەتەوە تاریکییەکانی کۆمەڵگەکەی خۆی بۆ خوێنەرانی روناك بکاتەوە، پێویستی بەوە دەبێت فراوانترین تۆڕی پەیوەندیی هەبێت، بەڵام دەبێ زۆر بەوریاییو هوشیارییەوە مامەلەبکاتو هەمیشە دووریی خۆی لەسەرچاوەکانی زانیارییەوە بپارێزێت، نەوەکا بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ، بکەوێتە داویانەوە.

**هێرش ڕەسوڵ: ئایا لەکۆمەڵگایەکدا کە توانای قبوڵکردنی ڕەخنەی لاواز بێت، ئاسانە بتوانین میدیای ئازادمان هەبێت؟ چۆن؟**

**ئاسۆس هەردی:**

لە هیچ شوێنێکی دنیادا کاری میدیای ئازاد ئاسانو بێ گرفت نییە، بەڵام هیچ شتێکیش مەحاڵ نییە. ئاشکرایە تا کۆمەڵگە کراوەتر بێت، بواری کارکردنی میدیای ئازادیش فراوانتر دەبێت. چونکە لەکۆمەڵگەی کراوەدا،

(تابۆ)كان كەمترن‌و قسەكردن لەسەریان ئاسانترە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە كە كاری میدیای ئازاد ئاسانە، چونكە مەسەلەكە تەنها كولتوورو فەرهەنگ نییە، بەڵكو ئەوەی رەنگە لەوانەش قورسایی زیاتر بێت، مەسەلەی بەرژەوەندییە. هەمیشەو لەهەموو شوێنێك، گەندەڵ‌و خاوەن بەرژەوەندییە تایبەتەكان ئاستەنگ‌و گرفتی سەرەكیی رۆژنامەنووسن‌و بەهەموو توانایەك (بەتوانا ناشەرعی‌و نایاساییەكانیشەوە)، هەوڵدەدەن بواری كاركردنی نەدەن.

راستە كۆمەڵگەی كوردی بەبەراورد لەگەڵ ئەوروپاییەكاندا، كۆمەڵگەیەكی داخراوەو گەلێك كێشە هەیە كە رۆژنامەنووس بەئاسانی ناتوانێت دەستیان بۆ بەرێت، وەك مافەكانی ژنان، سێكس، ئایین، پەیوەندییە خێڵەكییەكان... هتد، بەڵام رۆژنامەنووسی هوشیار ئەو كەسەیە كە بەباشی لەهەلومەرجی كولتووری‌و سیاسیی كۆمەڵگەكەی تێدەگات‌و دەزانێت چۆن هەنگاو بەهەنگاوو بەوریایی مامەلەلەگەڵ ئەو كێشە حەساسانەدا بكات‌و كۆمەڵگەكەی بەرەو كرانەوەو قبوڵكردنی رەخنەو قسەكردن لەسەر (تابۆ)كان بەرێت. من باوەڕم بەگۆڕانی كتوپڕ نییە (ئەوەی پێی دەڵێن سەوری فەوری!)، بەڵام بڕوام وایە نووسین‌و بڵاوكردنەوە دەتوانن لەدوور مەودادا گۆڕانی گرنگ بێننە كایەوە. باوەڕیشم بەو قسەیە هەیە كە دەڵێت: "هەمیشە رێگایەك هەیە، گرنگ ئەوەیە ئەو رێگایە بدۆزینەوە".

**هێرش رەسوڵ: دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لەبەرامبەر رەخنەدا توشی دەمارگرژی‌و تورەبوون دێت، چۆن دەكرێت میدیای ئازاد لەگەڵ دەسەڵاتێكی تورە بەرهەم بێنین، تاچەند پێتوایە بۆشایی لەنێوان میدیای كوردی‌و كایەی سیاسیدا لەكوردستان هەیە؟**

**ئـاسۆس هەردی:**

پێموایە ئاساییەو دەبێ چاوەڕێی ئەوە بین دەسەڵاتی سیاسی لەبەرامبەر رەخنەدا تووشی دەمارگرژی ببێت. مەسەلەكەش تەنها ئاڵۆزی‌و حەساسیی باوردۆخی سیاسیی ناوخۆی كوردستان‌و ململانێی سەختی حیزبەكان

نییە (کە بێگومان ئەمانە هەموویان کاریگەریی خۆیان هەیە لەسەر هەڵچوونی دەسەڵات)، بەڵکو دوو خاڵی گرنگی تر هەیە نابێ لەبیرمان بچێت:

یەکەم، سەرچاوەی ئایدیۆلۆجی زۆربەی هەرەزۆری حیزبەکانی ئێمە، ئایدۆلۆجییە شمولییەکانە: مارکسیزم، ناسیۆنالیزم، بەم دواییانەش ئیسلامی سیاسی. واتە ئەو ئایدیۆلۆجیایانەی دنیا بەیەك رەنگ دەبینن‌و باوەڕیان بەیەك حەقیقەت هەیە، هەموو ئەوانەش کە لەدەرەوەی سنورەکانی خۆیانن، بەچاوی گومان‌و دوژمن تەماشایان دەکەن. بۆیە ئەگەرچی دروشمەکان گۆڕاون، بەڵام هێشتا عەقڵیەتی تۆتالیتار لەناوماندا بەهێزە. دەبینین هەر ئەوەندەی رەخنەیەکت ئاڕاستەی لایەنێك کرد، یەکەمین کاردانەوە تۆمەتبارکردنتە بەوەی سەر بەلایەنی نەیاریت، ئەمە ئەگەر بەدەستی بێگانەو تابوری پێنجەم لەقەڵەم نەدرێیت.

دووەم، **ئەزموونی خۆبەڕێوەبردن بۆ کورد تازەیە. لەویش تازەتر، ئەزموونی میدیای ئازادە. بۆیە نابێ چاوەڕێی ئەوە بین میدیای ئازاد بەئاسانی‌و بێ گرفت جێگەی خۆی بگرێت‌و دەسەڵاتیش زوو بەزوو فێری ئەوە بێت لەبری هەڵچوون‌و تووڕەبوون، کاردانەوەی پۆزەتیفی هەبێت‌و تەفاعولی لەگەڵدا بکات.**

لەبەر ئەمانەشە کە بۆشاییەکی گەورە لەنێوان میدیای ئازادو دەسەڵاتی سیاسیدا هەیە. پێویستمان بەکاتێکی زۆرە بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییە بەکاریگەری دانان لەسەر یەکتری پڕ بێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە هەر ئەوەندەی کە رۆژنامە ئازادەکان توانیویانە بەردەوام بن، هەر ئەوەندەی کە ناو بەناو هەستدەکرێت هەندێك لەناوەندەکانی دەسەڵات رۆژ بەرۆژ لەگرنگی‌و زەروورەتی بون‌و بەردەوامیی میدیای ئازاد تێدەگەن‌و کاردانەوەی ئیجابییان بەرامبەری هەیە (ئەگەر لەئێستادا بەشێوەی تاکە کەسیش بێت)، هەر ئەوەندەش کە دەبینین رۆژ بەرۆژ ژمارەیەکی زیاتر لەخەڵکی ئاسایی بڕیار دەدەن لەسەر پێشێلکردنی ماف‌و ئازادییەکانیان بێدەنگ نەبن‌و بێنە قسە... هەموو ئەمانە وام لێدەکەن بڵێم دەشێت کەوتبینە سەر رێگای راستی هەنگاونان بەرەو کرانەوەو بەرەو مسۆگەرکردنی ئازادیی بیروڕا دەربڕین لەکوردستانداو دەتوانین بەهیوا بین لەکۆتایی تونێلەکەدا ترووسکاییەك هەیە. بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە کە

رێگاکەمان بەگوڵ چنراوە، بەڵکو دەبێ هوشیار بین بەوەی کە هێشتا گرفتو کێشەی سەختو ئاڵۆزمان لەپێشە، هێشتا عەقڵییەتی تۆتالیتاری لەناوماندا بەهێزە، هێشتا چینو توێژە کۆنەپارێزەکان بەرگری دەکەنو ئەگەری بەرەودوا گەڕانەوە کۆتایی پێ نەهاتووە، کێشەی ئێمە لەناو دەوڵەتی عێراقدا یەکلا نەبۆتەوەو مەترسیو هەڕەشەی گەورەمان لەبەردەمدا ماوەو هێزە رەگەزپەرستو کۆنەپارێزەکانی عێراق هێشتا گەلێك بەهێزن. ئێمە لەقۆناغی گواستنەوەدا دەژین. لەم قۆناغەدا دەتوانین ئاماژەکانی کرانەوەو لەهەمان کاتیشدا ئاماژەکانی داخرانو گەڕانەوە ببینین. ئەوە هۆشیاریو بەردەوامی گروپو هێزە ئازادیخوازەکانی کۆمەڵگەیە کە دەتوانێ ئەم ململانێیە یەکلا بکاتەوەو بەکەناری ئارامی دیموکراسیمان بگەیەنێت. دیارە دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت کە ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین کە چیدی رووبەرێك نادۆزینەوە بەداخراویو دابڕاوی لەجیهان بژی. چەمکەکانی ماف مرۆڤو ئازادی، چیدی کێشەی ناوخۆی دەوڵەتان نینو رەهەندێکی گەردوونیان وەرگرتووە. بەواتایەکی تر، لەم ململانێیەدا ئێمە تەنها نینو کێشەکانمان تەنها هی خۆمان نین، بەڵکو کێشەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنین لەسەر ئاستی جیهان. هەر ئەمەش بۆخۆی یەکێکە لەو فاکتەرانەی دەسەڵاتی کوردیی وا لێکردووە، بەئاسانی پەلاماری ئازادییەکانی خەڵکی نەداتو حساب بۆ کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان بکات.

بەکورتی، سەرابێکی بۆشە ئەگەر بڵێین ئێمە لە بەهەشتی دیموکراسیدا دەژین، بەڵام دەتوانین بڵێین دەرفەتێك لەبەردەستدایە کە ئەگەر هۆشیارانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، دەتوانین نەهێڵین لەدەستمان دەرچێت.

## **بەختیار عەلی** - نووسەرو رووناکبیر (*)

**لەتەوەری:**

**لەنێوان ئازادیی رادەربڕین و کایەی سیاسیدا لەکوردستان**



**"لەکوردستاندا، تەنیا ئەو خەڵکانە دەتوانن بێ کێشە بنوسن کە راستەوخۆ لەسەر نوخبەی سیاسیو نهێنییە ئابوورییەکان نانوسن"**

* ئەم دیدارە لەکانونی یەکەمی ٢٠٠٧ دا سازکراوە.

## بەختیار عەلی

- ساڵی ١٩٦١ لەسلێمانی لەدایکبووە.
- لەساڵی ١٩٨٩ دەستیکردوە بەبڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی.
- دەستەی نووسەرانی هەرسێ گۆڤاری (ئازادی، رەهەند، سەردەمی رەخنە) بوە.
- لەبەرهەمە چاپکراوەکانی: (١٩٩٢ گوناهو کەرنەڤاڵ، شیعر. ١٩٩٦ مەرگی تاقانەی دووەم، رۆمان. ١٩٩٨ ئێوارەی پەروانە، رۆمان. ١٩٩٩ کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی. ٢٠٠٠ رۆشنبیر، کۆمەڵگا، دیموکراسییەت "بەهاوبەشی لەگەڵ ئاراس فەتاحو مەریوان وریا قانیع". ٢٠٠٠ بۆهێمیو ئەستێرەکان، شیعر. ٢٠٠٢ دواهەمین هەناری دونیا، رۆمان. ٢٠٠٣ وەڵام لەرۆژگاری ونبوونی پرسیاردا، چاوپێکەوتن. ٢٠٠٤ ئیشکردن لەدارستانەکانی فیردەوسدا، شیعر. ٢٠٠٤ ئیمانو جەنگاوەرانی، لێکۆڵینەوە. ٢٠٠٥ خوێنەری کوشندە، کۆمەڵە وتار. ٢٠٠٥ شاری مۆسیقارە سپییەکان، رۆمان. ٢٠٠٦ تا ماتەمی گوڵ.. تا خوێنی فریشتە، بەرهەمە شیعرییەکان. ٢٠٠٧ غەزەلنووسو باغەکانی خەیاڵ، رۆمان)

**هێرش ڕەسوڵ: پێتوایە ڕۆژنامەنووسی کوردی پاش پتر لەسەدەیەك لەتەمەنی خۆی توانیویەتی ببێتە پێداویستیەکی گرنگی کۆمەڵگا و لەمبارەیەوە ڕۆڵی کایەی سیاسی لەکوردستان (باشور) چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

**بەختیار عەلی:**

بۆئەوەی ڕۆژنامە ببێتە پێویستییەکی گرنگ، دەبێت کۆمەڵێك هەلومەرجی کۆمەڵایەتیمان لەبەردەمدا بێت. واتە ئەم مەسەلەیە تەنیا گرێدراوی ڕۆژنامەکان خۆیان نییە، بەڵکو دەبێت «فەزایەکی گشتی یان بوارێکی گشتی» هەبێت کە لەگەڵ «بڵاوکراوە گشتییەکان»دا کارلێك بکات. کایەی سیاسی بەپێی مامەڵەکردنی لەگەڵ فەزای گشتیدا، مامەڵەش لەگەل ڕۆژنامەدا دەکات. گەر دەسەڵاتی سیاسی مەیلێکی تۆتالیتارو پاوانخوازی هەبێتو دەرفەت بەبواری گشتی نەدا بکرێتەوە، بەهەمان شێوە ڕێگا بەڕۆژنامەش نادات، هەڵوێست لەڕۆژنامەنوسی ئەوکات دەردەکەوێت، کە چەمکی ڕۆژنامەنوسی لەچەمکی ڕاگەیاندن جیادەبێتەوە، ڕاگەیاندن سیفەتی ڕۆژنامەگەرییە لەفەزایەکی سیاسی تۆتالیتاردا، ڕۆژنامەی ئازاد بریتییە لەدابڕان لەچەمکی ڕاگەیاندنو ئیشکردن بەئاڕاستەی بواری گشتی. کاریگەری ڕۆژنامە ئەوکات دەردەکەوێت کە بزانین چەند لەخزمەت بواری گشتیدایە.

**هێرش ڕەسوڵ: بەبڕوای ئێوە ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەقۆناغی دوای ڕاپەڕینیدا توانیویەتی گرنگترین ئەرکی ڕۆژنامەنووسی ببینێت کە ئەرکی "چاودێریکردن"ە؟**

**بەختیار عەلی:**

هەڵبەت نەیتوانیوە، چونکە ڕۆژنامە بۆ ئەوەی بتوانێت کاری چاودێری بکات، دەبێت لەکۆمەڵگایەکی شەفافو لەکایەیەکی سیاسی شەفافدا ئیشبکات. ڕۆژنامە چۆن دەتوانێت بەئەرکی چاودێری هەستێت کە دەرگای گەیشتن بەزانیاریو کلیلی دۆلابی فایلەکان تەنیا لەگیرفانی پیاوانی دەسەڵاتدابن؟. ڕۆژنامە ناتوانێت چاودێری دەسەڵات بێت، لەبەرئەوەی دەسەڵات تا ئێستا بەنهێنی ئیشدەکات، سروشتی ڕێکخراوی نهێنی بەرنەداوەو روخساری دەوڵەتێکی موئەساساتی کراوەی لەخۆ نەگرتووە. دەسەڵاتی کوردی تا ئەمڕۆ لەسەر شێوەی «دەوڵەتی ڕێکخراوی نهێنی/دولة المنظمة السرية» ئیشدەکات، چاودێری ئەمجۆرە سیستمانە کاری نەکردەیەو مەترسی گەورەشی بەدواوەیە.

**هێرش ڕەسوڵ: تاچەند ئازادیی ڕادەربڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردی بەتایەت دوای ڕاپەڕین ئامادەگی هەبووە؟ چۆن؟**

**بەختیار عەلی:**

ئازادیی ڕادەربڕین چەمکێکە بڕێکی زۆر لەنیسبییەتی تێدایە. ئازادیی ڕاستەقینە واتە کردنەوەی دەرگای زانیارییەکان لەسەر پشت، مانای ئەوەی قەزا ئازادبێتو سەرۆکێكو ڕۆژنامەنوسێك بەیەکچاو تەماشابکرێن. مانای خەڵك بتوانن ئەو شتانە بنوسن کە بیری لێدەکەنەوە بێئەوەی لەسزا بترسن. هەڵبەت **ئازادیی ڕۆژنامەنوسی لەدوای ڕاپەڕین بەهۆی فەزای ململانێی سیاسیو حیزبییەوە کەمێك لەسەردەمی بەعس باشترە، بەڵام ئەوەی خەڵك بتوانن تەواوی بیروڕای سیاسی خۆیان بەئازادانە بدرکێنن و کۆتە سیاسیو ئەخلاقییەکان دەستوپێی نەبەستن، شتی وا هێشتا زۆر لەدونیای ئێمەوە دوورە.** ڕووبەری گەورەی ڕاگەیاندنی کوردی ڕاگەیاندنی حیزبییە کە پەیامێکی ئایدۆلۆژیو حیزبی هەیە، ڕەنگە لەسەدا دووی ڕۆژنامەگەری کوردی ئازاد بێت، لەو سەدا دووەش تەنیا لەسەدا دووی ڕەخنەبێت لەدەسەڵات، بەڵام ئەو هەموو هەڵاو ترسەی خستۆتە دڵی دەسەڵاتەوە. ئەستەمە لەفەزای وادا مرۆڤ باس لەئازادیی ڕادەربڕینو ڕۆژنامەنووسی بکات.

**هێرش رەسوڵ: دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لەبەرامبەر رەخنەدا توشی دەمارگرژیو تورەبوون دێت، چۆن دەکرێت میدیای ئازاد لەگەڵ دەسەڵاتێکی تورە بەرهەم بێنین، تاچەند پێتوایە بۆشایی لەنێوان میدیای کوردیو کایەی سیاسیدا لەکوردستان هەیە؟**

**بەختیار عەلی:**

**دەسەڵاتی کوردی نە لەدۆخێکدایە بتوانێت سیستمێکی دیکتاتۆری داخراو و سەرتاسەری وەك سیستمی بەعس پیادەبکات، نەئەوەیە بتوانێت دیموکرات بێت.** ئەم قەیرانە قەیرانێکی بونیادییە، واتە سیستمەکە مەیلێکی زۆر گەورەی بەلای دیکتاتۆریەتدا هەیە، بەڵام دەیان رێگری زۆر گەورە هەیە بوارنادەن ئەو مەیلەدیکتاتۆرییە بەرجەستەببێتو پراکتیك بکرێت. هەموو دیکتاتۆرێك ناتوانێت ببێتە دیکتاتۆر. ئەوە راستییەکی سۆسیۆلۆژیو سیاسییە. بەڵام دەسەڵاتی کوردی ناشتوانێت دیموکرات بێت، لەو نێوەندەدا دەسەڵاتێکی تورە دروستدەبێت کە ئەخلاقیاتی پرە لەناکۆکی، ئەم ئەخلاقە رۆژنامەکانی تووشی هەمان دوودڵی کردوە. کەس لەم وڵاتەدا بەراستی نازانێت ئاخۆ ئازادە یان کۆیلە. ئەوە کێشەکەیە.

**هێرش رەسوڵ: تاچەند ئازادیی رادەربڕین لەکایەی سیاسیی کوردیدا جێگای دەبێتەوە؟ چۆن؟**

**بەختیار عەلی:**

پرسیارەکە ئەوەیە ئازادیی رادەربڕین چییە؟. مرۆڤ لەکورستاندا ناتوانێت لەسەر فەسادی نوخبەی سیاسی قسەبکات. ئەمە شتێکە ئەستەمە، بەڵام ئەمە جەوهەری دیموکراسییەتە. مرۆڤ ناتوانێت تەواو بیروڕای دینیو ئەخلاقی خۆی ئاشکرابکات. هەموو گوتنی حەقیقەتێك مرۆڤ تووشی کێشەو پەلاماری گەورەدەکات. تەنیا ئەو خەڵکانە دەتوانن بێ کێشە بنوسن کە راستەوخۆ لەسەر نوخبەی سیاسیو نهێنییە ئابوورییەکان نانوسن. مرۆڤ

دەتوانێت سەرجەمی سیستمەکە بەگشتی رەخنەبکات، بەڵام وردکردنەوەی ئەو رەخنانەو گێرانەوەی بۆ وەقائیعە راستەقینەکانی ترسناکە. **مرۆڤ تا ئەو جێگایە ئازادە کە باسی تاوانەکە بکات، بێئەوەی باسی تاوانبارەکە بکات. ئەوە بەڵگەیەکی گەورەیە کە ئازادیی رادەبڕین ئێجگار چکۆلەو سنوردارە. مرۆڤ دەتوانێت باسی نەخۆشییەکەبکات، بەلام بۆی نییە ناوی ڤایرۆسەکە بهێنێت... دیموکراسییەتی کوردی ئاوهایە.**

**ڕێبوار کەریم وەلی** – خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی "هەولێر" (*)

**لەتەوەری:**

**میدیای ئەهلیو ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی**



**"چەند دروستکردنی پردێـک بـۆ شـارێك گرنگە، هێندەش تەرخانکردنی بودجەیـەك بۆ دەربڕینی ئازاد گرنگە"**

* ئـەم دیـدارە لـەئایاری ٢٠٠٧ دا سـازکراوە. ئەوکاتـە (ڕێبـوار کـەریم وەلی) نـەبوە خـاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی "هەولێر".

## ڕێبوار کەریم وەلی

- لـەدایکبووەو ١٨/١٠/١٩٧٤ لەســەر ســنووری نێــوان عێــراقو ئێــران لــەدایکبوەو لەوکاتــەوە تــا ١٩٩٢ لـەئێران وەك پەنابـەر ژیـاوە، خوێنـدنی سـەرەتایی، ناوەندیو بەشێکی دواناوەندی لەوێ خوێندوە.
- ئامادەیی لەبەشی ئەدەبی لەرانیە تەواوکردوە.
- لە١٩٩٢ تا ١٩٩٥ لەرانیە ژیاوە.
- لـە١٩٩٧ ەوە بەشـێوەی ئـەکتیف لـەدەزگای گـوڵان دەسـتی بـەکاری ڕۆژنامەنووسی کردووە.
- ئەو راگەیاندنانەی کاری تێدا کردوون: (گۆڤاری گـوڵان، ڕۆژنامـەی ئێـوارە گوڵان، هەفتەنامەی یەکبوون، هەفتەنامەی میدیا، سـایتی گـوڵان ئـۆنلاین، رادیۆی فەرەنسای نێودەوڵەتی RFI بەشی فارسی، رادیـۆی BBC بەشـی تورکی، ئاژانسی دەنگوباسـی پـەیامنێر، تەلـەڤزیۆنی زاگـرۆس، ڕۆژنامـەی هەولێرپۆست، ڕۆژنامەی هەولێر).
- لەگەڵ ئەوانەشدا بۆ چەندین گۆڤـارو بڵاوکـراوەو ڕۆژنامـەی دیکـە بابـەتو لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنووسی ئەنجامداوە.
- ئەندامی سـەندیکای ڕۆژنامەنووسـانی کوردسـتانو فیدراسـیۆنی جیهـانیی ڕۆژنامەنووسانە.
- تـا ئێـستا پێـنج کتـێبی چـاپکراوی هەیـە کـە هەنـدێکیان وەرگێـڕانو هەندێکیشیان لەنووسینو ئامادەکردنی خۆی.

**هێرش ڕەسوڵ: تاچەند ئـازادیی ڕادەربـڕین لەڕۆژنامەنووسیی کـوردی ئامـادەگی هەبووە؟ چۆن؟**

**ڕێبوار کەریم وەلی:**

زۆربـــەی کـــات لەکوردســـتان زۆریـــی ژمـــارەی ڕۆژنامـــەو بڵاوکراوەکان بەپێوەرێك بۆ ئازادیی ڕادەربـڕین دەناسـێندرێت. محەمـەد حەسـنێن هـەیکل کاتێـك کـە سەرنووسـەری ئـەهرام بـوو، گفتوگۆیـەکی لەگـەڵ جـەمال عەبدولناسردا هەیە لەکتێبی (لـەنێوان چاپەمەنیو سیاسـەتدا)ی هەیکەلـدا باسـی لێوەکراوە. عەبدولناسر لەو گفتوگۆیەدا باسـی ڕەوشـی ئەوسـای لوبنـان دەکـاتو دەڵێ:" لوبنان ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی تێدایە، بەڵام ڕۆژنامەی ئازادی تێدا نییە." مەبەستی ناسر ئەوکاتە ئەوە بوو کە لەشەسـتەکان ئەمـەریکا، بریتانیـا، فرەنـساو دواتر میسریش هەر یەکـەو ڕۆژنامەیـەکیان لـەلوبنان دەردەکـرد کـە بەتـەعبیرێکی گونجاو، نیشانەی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بوو، بەڵام ڕۆژنامەی ئازاد نەبوون.

بارودۆخی ئێستای کوردستانو زۆر جێگەی دیکـەی دنیـاش ڕێـك ڕەنگبـێ وەك ئەوکاتەی لوبنان وا بن، ڕۆژنامەو میدیا زۆرن، بەڵام ئازاد نین.

ئـەو پرسـیارە ڕەنگبـێ بـۆ خـەڵکانێك کـە نـەیانتوانیبێت بـەناخی گرفتـەکانی ڕۆژنامەنووسیو پەیوەندییەکانی بەکۆمـەڵو دەسـتەڵاتەوە شـۆڕبنەوە، وەڵامێکـی ئاسـانی هـەبێت، بـەڵام لەئاسـتیدا هـەر ئـەو وەڵامـە ئاسـانانەیە کـە چـاوەڕوانیی خوێنـەری کـوردی لەڕۆژنامـەو ڕۆژنامـەنووس بـۆ ئاقـارێکی ناڕاسـتەقینە بـردووە. وەڵامی من بۆ ئەو پرسـیارە جیـاواز دەبێـت. بۆیـە بـەر لەهـەموو شـتێك دەمـەوێ بەپرسیارێك وەڵامەکە دەست پێبکەمـەوە، پێـوەری ئـازادیی ڕادەربـڕین لای ئێمـە (کوردسـتان) چـییە؟ لەتـەواوی دنیـادا، خـەڵك چـاوەڕوانییان لەڕۆژنامەنووسـانو

چاپەمەنییەکان ئەوەیە کەهەقیقەت بڵێن‌و تەنانەت ئەو کاتەی کە ڕۆژنامەنووسێك هەموو زانیارییەکانی خۆی لەبارەی بابەتێك دەخاتە سەر کاغەزەوە دیسان خوێنەر پێیوایە کە نووسەر لەهەندێك شوێن سانسۆر کراوە یان خۆی سانسۆر کردووە. بەر لەهەموو شتێك ئەم حوکمە بەراییە لەبارەی ڕۆژنامەنووسی‌و رادەربڕینەوە هەیە. جا لەوەگەڕێ کە سوننەتی ڕۆژنامەنووسی لەوڵاتێکی وەك ئێمەدا حزبی بێت‌و نووسەرانی بۆ دەستەڵات بنووسن، دەبێ خوێنەر چۆن بیر بکاتەوە؟

هەر کەس کە ڕۆژنامەیەك دەکڕێت، بەو نییەتە دەیخوێنێتەوە کە بەرژەوەندییەکانی ئەوی تێدایە، جاری وایە ڕوودەدات، خوێندنەوەی ڕۆژنامە لەباوکەوە بۆ کوڕ بەمیرات دەمێنێتەوە. وەك ڕۆمەن ڕۆڵان لە(گیانی عاشق)دا دەڵێ:" ئەو هەمان ئەو ڕۆژنامەیە دەخوێنێتەوە کە باوکی دەیخوێندەوە."

نزیککەوتنەوەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەئاقاری ئازادیی رادەربڕین بەقەناعەتی من بەندە بەوەی کە ڕۆژنامەیەك چەند لەوە نزیك بۆتەوە کە خەڵکی کوردستان بەرژەوەندیی خۆیانی تێدا ببیننەوە. چونکە پێوەرەکانی ئازادی بەردەوام لەگۆڕاندان، بۆ نمونە ئەگەر ئەمڕۆ باسکردنی گەندەڵی ئازادی بێت، ئەوا مانگێکی دیکە باسکردنی کەمایەسییەکانی ئایین‌و... هتد دەکرێ پێوەری ئازادی بن، بەڵام هەموو ئەو بابەتانە بریتین کێشمەکێشێك کە لەنێوان کۆمەڵ‌و دەستەڵاتدا هەن. کۆمەڵ نەریتەکانی خۆی دەپارێزێت، دەستەڵات دژیان دەوەستێت، یان دەستەڵات گەندەڵی دەکات‌و خەڵك دەیانەوێ پاك بێت. ئەرکی ڕۆژنامە کە پێوەری ئازادییەتی ئەوەیە کە بێئەوەی پەلاماری دەستەڵات بدات، خەڵك ڕازی بکات‌و بێئەوەی خەڵك سزا بدات یان بریندایان بکات نەریتی هەڵەیان موحاسەبەبکات. ئەوانەی کە دەیانڵێم لەوڵاتێکی سەقامگیر کە دامەزراوی جیا جیای تێدا بن مەیسەرە.

بەداخەوە کوردستان لەدەرەوەی ئەم باسەیە. سەقامگیریی کوردستان بەبەراورد لەگەڵ هەر وڵاتێکی دیکەی خاوەن سەروەری کە خاوەنی سنور، دەستوور، ئیعتیباری نێودەوڵەتی‌و ئابوریی جێگیرو... هتدییە بەشێوەیەکی جیاواز دەخوێنرێتەوە.

نەبوونی یاسایەك كە زامنو پێوەری كاری رۆژنامەنووسـی بێـت لەكوردسـتاندا، وایكردووە كە رۆژنامەنووسانو رۆژنامەكان پێڕەوی لەجۆرێك خۆسانسۆری بكـەن یـان جـاری واش هـەبووە لەهەنـدێك حاڵەتـدا رۆژنامەیـەك پێوەرەكـانی ئـازادیی رۆژنامەنووسیی رۆژئاواشی بەزاندووە. بۆیە ئازادیی رۆژنامەنووسـی لـەناو میـدیای كوردیدا حزورێكی كرچ و كاڵ و پێناسـە نـەكراوی هـەبووە، ئەمـە وایكـردووە كـە رۆژنامە نەتوانن بەشێوەیەكی بـەردەوام كاریگـەرییان لەسـەر رای گـشتی هـەبێت. لەهەر وڵاتێكدا پێوەری ئازادیی رۆژنامـەكان بـەفۆرمولێكی سـادە دەپێورێـت. كـە ئازادیی رادەربـڕین بەیاسـا بپارێزرێـت، رۆژنامـەكان دەتـوانن كاریگـەر بـن لەسـەر دروستكردنی رای گشتی، كە رای گشتیش لەوڵاتێكدا هـەبوو، مانـای وایـە رۆژنامـە دەفرۆشرێتو تیراژی بـەرز دەبێتـەوەو رۆژنامـەكان دەتـوانن لەسـەر پێـی خۆیـان بوەسـتن. لەكوردسـتان كـە ژمـارەی دانیـشتوانی لەچـوار ملیـۆن تێدەپـەڕێ، خەرەنـدێكی قـوڵ لـەنێوان رۆژنامـەو خەڵكـدا هەیـە، باشـترین رۆژنامـەی كـوردی تیراژی لە١٥٠٠٠ دانـە لەهەفتەیەكدا تێناپـەڕێت، ئایـا ئەمـە كارەسـات نییـە؟ ئایـا كاتێك ئەمـە حـاڵی رۆژنامـە بێـت دەتـوانین بڵـێین لەوڵاتـدا رای گـشتی هەیـە یـان دەتوانین بڵێین ئازادی حزوری لەناو رۆژنامەنووسیدا هەیە.

ئەگەر سەرێكی پەتەكە لەدەست دەستەڵاتی سیاسـی، واقیعـی كۆمەڵایـەتیو نەبوونی یاساو شتی لەو بابەتـەدا بێـت، سـەرەكەی دیكـەی لای رۆژنامەنووسـانە. لەوڵاتی چەشنی ئێمە تەكنیكی رۆژنامەنووسی پـشتگوێ خـراوەو چـاویلكەكان بـۆ دۆزینەوەی هەقیقـەتی موتڵـەق لەچـاو كـراوە. رۆژنامـەكان زۆربـەی كـات لەپـشت پــەردەی نــەبوونی ئازادییــەوە پــشتیان كردۆتــە تــەكنیكی رۆژنامەنووســیو یــان هەندێك جاریش خۆیـان لـەگوتنی راسـتیی بـچوك بـواردووە، چـییە ئـەوان بـەدوای هەقیقەتی گەورەتردا دەگەڕێن!

چاوخشاندنێكی خێرا بەسەر ١٥ سـاڵی رابـردوو نیـشان دەدات كـە رۆژنامـەكان نەیانتوانیوە بەشدارییەكی ئەوتۆ لەدروسـتبوونی رای گـشتیی كوردسـتاندا بكـەن. بۆیە بەقەناعەتی من وەك پێشتریش گوتم ئازادییەكی كرچ و كاڵ و پێناسە نـەكراو هــەبووە، بــەڵام نەشـارەزایی رۆژنامەنووسـان لەبـەكارهێنانی ئـەو فەزایـە ئـازادە بــچوكانەی كــە وەك بــاڵۆنی ئۆكــسیجین وانو لەبەرامبــەردا ئــەو شــەرعییەتە

شۆڕشگێڕییەو مەنسوبیتەی دەستەڵاتەکانی کوردستان (ناڵێم حکومەت، چونکە جیا لەحکومەتی هەرێم دوو حزبی دیکەش هەن کە دەستەڵات دەکەنو وەك حکومەت رەفتار دەکەن بۆیە دەستەڵاتن) بەخۆیان رەوا دیتووەو دەیبینن، ئەوەی لێکەوتۆتەوە کە ئێستا هەیە. رۆژنامە زۆرن، ئازاد نین.

**هێرش رەسوڵ: رۆژنامەی حزبی لەئێستادا کۆنترۆڵی گۆڕەپانەکەی کردووە، ئەو گۆڕەپانە بەچ شێوەیەك لەو رۆژنامەیە دەسەنرێتەوەو دەدرێتەوە بەرۆژنامەی ئازاد لەکاتێکدا حزب پارەیەکی خەیاڵی بۆ رۆژنامەکانی خۆی تەرخاندەکات؟**

**رێبوار کەریم وەلی:**

من دژی ئەو قسەیەم کە بگوترێ رۆژنامەی حزبی کۆنترۆڵی گۆڕەپانی کردووە یان تەنانەت بەتەماشە بیکات، چونکە نە کردوویەتیو نە پێی دەکرێ. **رۆژنامەی حزب لەشاری هەولێر کە ملیۆنێك خەڵکی تێدا دەژیت، ١٥٠ دانەی لێدەفرۆشرێت! باشە رۆژنامەیەك کە هەزار دانەی لێ نەخوێندرێتەوە دەبێ چ رۆژنامەیەك بێتو ئەو کۆنترۆڵە چ کۆنترۆڵێکە؟!** جارێکیان لەرۆژنامەیەك گفتوگۆیەکی سەید ئەحمەدی خومەینی (کوڕی ئیمام خومەینیی رێبەری کۆچکردووی ئێران)م خوێندەوە، سەید ئەحمەد (ئەویش ئێستا لەژیاندا نییە) لەو گفتوگۆیەدا باسی رۆژنامەنووسیی سەرەتای شۆڕشی ئێرانی دەکردو لەوێدا دەیگوت:" تا ئەوکاتەی بەنی سەدر لەسەر دەستەڵاتدا بوو و گروپی جیا لەحکومەتی ئێراندا هەبوون، ئیمام خومەینی زۆر بەوردی هەموو بەیانییەكو عەسرێك تێکڕای رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکانی دەخوێندەوەو تەنانەت لەنێوان دێڕی وتارەکاندا بۆ تانەی سیاسی دەگەڕا. بەڵام کە بەنی سەدر رۆیشت، ئیمامیش وازی لەرۆژنامە خوێندنەوە هێنا ئیتر تەنها چاوێکی بەناونیشانی هەواڵو بابەتەکاندا دەخشاندو دواتر وازی لەوەش هێنا."

دڵنیام سەرۆکی حزبەکانو ئەوانەی رۆژنامە دەردەکەن وەك ئیمام خومەینی ناونیشانەکانیان دەخوێننەوە، یان سەیری وێنەکانی خۆیان دەکەن، بەڵام کە

تۆره بێته سەر ئەو بڵاوکراوانـەی کـە نیمـچە ئـازادنو بـەپارەی ئـەوان دەرناچـن، بەوردی چاو دەگێڕنو دەیانخوێننەوە یان بۆیان دەخوێننەوە.

ئەگـەر خـەباتو کوردسـتانی نـوێ لەلایـەن لایـەنگرانی پـارتیو یەکیەتییـەوە کڕابان، ئەوا دەبوایە تیراژی هەریەکیان بەلای کەمەوە رۆژی ٢٥٠ هـەزار دانـە بێـت کە وانییە.

کاتێك رۆژنامە خوێندراوەتەوە کە تیراژی بەرز بێتو بەمـەش دەتوانـێ لەسـەر پێی خۆی بوەستێت. وەك لەوەڵامی پرسیاری یەکەمیشمدا گوتم بەکارهێنانی ئـەو ئازادییە کرچ و کاڵەی کە هەیەو هەوڵدان بۆ بەیاساکردنو پیـادەکردنی، وا دەکـات رۆژنامەکان لەخۆسانسۆری دەرباز بنو، ئینجا ئەگەر ئەوە تەکنیکی کاری بخرێتـە سەر دەتوانێ خوێنەر لەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو بەشدار بێت لەدروستکردنی رای گشتیدا. کە ئەمە هەبێت رۆژنامەو خاوەنی رۆژنامە پێویستیان بەوە نییە دەسـتی سواڵو سەدەقە بۆ کەس درێژ بکەن. ئەگەر رۆژنامەیەك خـۆی لەرۆژنامـەی حزبـی بەجیاواز دەزانێ دەبێ ئەو جیاوازییانە بەتەکنیکی کاری خۆی بسەلمێنێت.

ئەمە دیوێکی مەسـەلەکەیە، بـەو ئیحتیمالـەی کـە حکومـەت بـەهیچ شـێوەیەك خۆی لەدروستبوونی میدیای ئازاد بەبەرپرسیار نەزانێت. بەڵام لەوڵاتی ئێمـەدا کـە هەموو شتێك لەسەرەتادایە، چەند دروستکردنی پردێك بۆ شارێك گرنگە هێنـدەش تەرخانکردنی بودجەیەك بۆ دەربڕینی ئازاد گرنگە.

بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەم دەڵێم، چەند ئازادیی رادەبڕین بـۆ خـەڵك پێویـست بێت، هێندەش بۆ حکومەت پێویستە.

ڕەنگبـێ حکومـەت زۆر بەئاسـانی بتوانـێ هـەواڵو رووداوەکـانی وڵات لەخـەڵك بـشارێتەوەو رۆژانـە خـۆی لەرێگـەی دەزگـا هەواڵگرییەکانییـەوە ئاگـای لەهـەموو باسو خواسی وڵات بێت، بەڵام دەستەڵاتداران ناتوانن ئەو هەواڵانـە پـۆلێن بکـەن. ئەوە رۆژنامەنووسەکە پێتدەڵێ ناڕەزایی دەربڕینی چوار قوتـابیی زانکـۆ گـرنگترە یان سێ هاووڵاتی لەڕیزی نـان کـڕین؟ رۆژنامـە دەزانـێ چـی گرنگـەو کامیـان هـی ئەوەیە کە حکومەت بایەخی پێبدات. رۆژنامەنووسانو نووسـەران ئەگـەر نـەتوانن بەئازادانـە بـیروڕای خۆیـان بڵـێن دەسـتەڵات چـۆن دەزانـێ کـام رووداو مایـەی

ناڕەزایەتییە؟ بۆیە زۆرجار ڕژێمە سەرکوتکارەکان لەسەر بنەمای ئەو جۆرە هەواڵگرییانەیان مێشیان لێ بووە بەگامێش یانیش بەپێچەوانەوە.

لەوەوە ئاڵوگۆڕی زانیاریو سەربەستی لەگواستنەوەیاندا لەحکومەتەوە بۆ خەڵكو لەخەڵكەوە بۆ حکومەت وەك زەرورەتی لێ دێت. بۆیە پێویستی بەسەرمایەگوزاری هەیە، کە حکومەت لەچوارچێوەی یاسایەکداو بەپێی تیراژ، هاوکاریی میدیای ئازاد بکات. ئەوە لەهەموو دنیا هەیەو شتێك نییە من خەڵقم کردبێت. کە ئەمە بکرێت یان ڕۆژنامە حزبیەکانیش خۆیان چاکدەکەنو دەکەونە رکابەرییەوە، یانیش وەك ڕۆژنامەی پڕاڤدا کە دوای حەفتا ساڵ ناوی نەما، ئەستێرەیان دەکوژێتەوە.

**هێرش ڕەسوڵ: دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لەبەرامبەر ڕەخنەدا توشی دەمارگرژیو تورەبوون دەبێت، چۆن دەکرێت میدیای ئازاد لەگەڵ دەسەڵاتێکی تورە بەرهەم بێنین، تاچەند پێتوایە بۆشایی لەنێوان میدیای کوردیو کایەی سیاسیدا لەکوردستان هەیە؟**

**ڕێبوار کەریم وەلی:**

کێشەی سەرەکی لەو بەینەدا نەبوونی یاسایەکە کە هەموو لایەك پابەندی خۆی بکات. بەڵام لەوەش گرنگتر را نەهاتنی تاکی کوردە، چ وەك تاکێکی بێدەستەڵاتو چ وەك تاکێکی دەستەڵاتدار لەگەڵ کەلتوری ڕەخنەدا. بەداخەوە هەمووان لەبەرامبەر ڕەخنەدا تووشی دەمارگرژی دەبن، ئەوە تەنها دەستەڵات نییە کە بەڕەخنە قەڵسە، بەڵکو تاکەکانیش کاتێك ڕەخنەیان لێ دەگیرێت هەڵدەچن.

بەداخەوە لە وڵاتی ئێمەدا ڕەخنە لای دەستەڵات پۆلین کراوە: ڕەخنەی بنیاتنەرو ڕەخنەی رووخێنەر! کە لەهەقیقەتدا شتی وا نییە، شتێك هەیە کە پرۆسەی ژیاندا کەموکوڕییەکان دەردەخاتو پشتیوانی پێشڤەچوونو گۆڕانەو ئەوەش پێدەگوترێ ڕەخنە.

کۆمەڵە خەڵکێك بێ ئاگاداری لەئەخلاقی رۆژنامەنووسیو پرەنسیپەکانی کاری رۆژنامەنووسی دەنووسن، ئەگەر ئەوەی ئەوان هەلەبێت تاڕادەیەك شەرعیەتی پێ دەدرێت، چونکە ئەو دەستەڵاتەی ئەوان لەسەری دەنووسن، دەستەڵاتێك نییە هەموو شتێکی راست بێتو تەنها کارکردێکی هەڵەی هەبێت، بۆیە تووڕە بوونێکو هەڵچوونێك لەهەردوولاوە هەیە. رەخنەی رۆژنامەنووسان تا ئەوکاتەی تێکەڵ بەقسەی توندوتیژو پەلاماری شەخسی نەکرێت گوێی لێ ناگیرێت. کاتێك رۆژنامەنووسێك بەئوسلوبێکی شایستە شت دەنووسێ گوێی لێناگیرێت، بەلام هەمان کەس ئەگەر دوای ئەو نووسینە شتێکی جنێوئامێزو پڕ لەتانەو تەشەر لەسەر کاربەدەستێك بنووسێت دەبێتە بابەتی رۆژ. **نووسینی ناو رۆژنامەو گۆڤارەکان گوزارشتە لەتووڕەیی خەڵك بەرامبەر دەستەڵاتێك کەپێویستی بەخەڵك نییە.** بەواتایەکی دیکە پرۆسەی سیاسیی کوردستان لەخەڵك بێمنەتە. ئەو بێمنەتییە وایکردووە کە نەك هەر بواری کاری رۆژنامەنووسی ئەهمییەتی نەمێنێت، بەڵکو بەهۆی ئەو قەڵەم بەدەستانەی کە پارتە سیاسییەکانی کوردستان بۆ لەنێوبردنی رۆژنامەنووسە راستەقینەکان خستوویاننەتە نێو کایەکەوە، بێ ئیعتیباریش بووە.

وەك وەلامی پرسیارەکەش، بۆشاییەك لەنێوان خەڵكو دەستەڵاتی سیاسیدا دروستبووە، هیچ دەستەڵاتێکی دنیا حەز لەوە ناکات رەخنەی لێ بگیرێت. ئەو تەجروبەیە تەنها لای ئێمە نییەو زۆربەی ولاتانی دنیا پێیدا تێپەڕیون. رۆژنامە بەناوبانگەکانی وەك ئاساهی شیمبۆن-ی ژاپۆنی، کۆرییرا دێلاسێرا-ی ئیتالی بەرامبەر بەدەستەڵاتە تۆتالیتارەکانی ولاتەکانی خۆیان وەستانو باجەکەشیان دا، لۆمۆندی فرەنسی ملی بۆ سیاسەتەکانی حکومەتی فرەنسا کەچ نەکردو دەیلی مەیلی ئەفریقای باشور تا دوا هەناسە دژی ئەپارتاید وەستا، بۆیە هەموو دەستەڵاتێك لەرۆژنامە تووڕە دەبێت. بەلام کاتێك رۆژنامە دەتوانێ رۆڵ ببینێت کە ولات سەقامگیر بێت، بەلام دەستەلات دابەش بووبێت. هەر کاتێك لەولاتدا دەستەڵاتێکی یەکدەستو یەکپارچە هەبوو، ئازادیی رۆژنامەنووسی نامێنێت. لەئەمریکاو ولاتانی دیکەی دنیاش کە رۆژنامەکان گەندەڵیو سکانداڵی سیاسیو دەستەڵاتداران بڵاودەکەنەوە، پایەکیان لەنێو رکابەرانی حکومەتدایە. بۆ نمونە

کاتێك كە نیۆیۆرك تایمز بەڵگەنامەكانی پێنتاگۆنی بڵاودەكردەوە، ئەگەر دیوانی باڵای دادەوەریی ئەمریكا بەفریای نەكەوتبایە دوور نەبوو داخرێت. كاتێك واشینگتۆن پۆست واترگێیتی ئاشكرا كرد ئەگەر كۆنگرێسی ئەمەریكا بەفریای نەكەوتبایە دوور نەبوو داخرێتو ....هتد.

بۆیە **تا ئەوكاتەی دەسەڵاتی وڵات یەكدەست بێت، نە دیموكراسی بەرهەم دێت، نە ئازادیی رۆژنامەنووسیش دەبێ.** ئەگەر دەسەڵاتێكی یەكدەست لەوڵاتدا نەبێت، پەنایەك بۆ رۆژنامەكان درووست دەبێتو سیاسییەكانیش كەمتر هەڵەدەكەنو رێژەی توورەبوونیش دێتە خوارێ.

سیاسییەكانی كوردستان بەشێوازی جۆراوجۆر هەمیشە بەرتیلیان داوە بەرۆژنامەو رۆژنامەنووسان تا خۆیانیان لێ بپارێزن، بەڵام ئەم رەفتارە وایكردووە كەناڵی گرنگی پەیوەندیی نێوان خەڵكو دەسەڵات بپچڕێتو رۆژنامەنووس لەپردی نێوان خەڵكو دەسەڵاتەوە ببێ بەتەلی نێوانو دوگمەو هۆڕینەكە.

## هێرش رەسوڵ: پێتوایە میدیای ئەهلی لەكوردستان (باشور) توانیبێتی مەوداكانی ئازادیی رادەربڕین فراوان بكات؟ چۆن؟

**رێبوار كەریم وەلی:**

لەدایكبوونی رۆژنامەنووسی لەدنیادا بەرلەوەی زەروورەتێكی سیاسی یان نەتەوەیی یان كۆمەڵایەتی بێت، زەروورەتێكی ئیكۆنۆمییە. واتا ئەگەر سەیری هەموو بڵاوكراوەو ئاژانسە گرنگەكانی دنیا بكەین دەبینین لەسەرەتادا وجودیان بۆ پڕكردنەوەی بۆشاییەك یان ئاسانكاری بووە لەبواری ئابوریو بازرگانیدا. بەر لەوەی پارتە سیاسیەكان بیریان لەدەركردنی رۆژنامە كردبێتەوە، دامەزراوە ئابورییەكان ئەم كارەیان لەئەستۆ گرتووە. بۆیە میدیای ئەهلی لەكوردستان شەش سالەلەدایكبووەو لەدایكبوونەكەی نائاسایی بووە.

ئەم نائاسایی لەدایكبوونەو هەروەها بارودۆخی ناكامڵی كۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوریی كوردستان دەستیان خستۆتە ناو دەستی یەكترییەوە تا رێگە نەدرێت بەربەستەكانی بەردەم ئازادی هەڵبگیردرێن.

وەك لەبەرايیشدا گوتم، كاتێك لەولآتێكدا خوێنەری رۆژنامە لەهەفتەیەكدا ١٦ هەزار كەس بن، رای گشتی دروست نابێت، كە رای گشتیش نەبوو، گرنگترین‌و كاریگەرترین هۆكاری پەرەسەندنی ئازادی وجودی نییە. لەولآتێكی چوار ملیۆنیدا بەلای كەمەوە دەبێ تیراژی رۆژنامە نیو ملیۆن بێت تا وا بكات رۆژنامە لەسەر پێ بوەستن، خەڵك تەیار بكەن‌و پەرە بەخواستە دیموكراتیەكان بدەن.

٣٠٠ رێكخراوی مەدەنی‌و هەر هەموو رۆژنامەكانی كوردستان ناتوانن دەهەزار كەس بێننە سەر شەقام، كەواتا زۆرمان ماوە.

رۆژنامە نیمچە ئەهلییەكانی كوردستان زۆرێك لەو كارانەیان كرد كە رۆژنامەی حزبی خۆی لێ گێل دەكرد، تەنانەت لەڕووی تەكنیكی كاریشەوە شێوازێكی نیمچە ستانداردیان هەبووە، بەلآم دیسانیش لەو شوێنەی كە بەرژەوەندیی خەڵكانێكی نزیك لەخۆی كەوتۆتە مەترسییەوە بێدەنگیی هەڵبژاردووە. ناسەربۆخۆییان لەڕووی ئابوورییەوە، ناكاملّیی تەكنیكی كار، یاسای دەستوپێكری رۆژنامەنووسی، لێكحاڵینەبوون لەگەڵ دەستەلآت‌و زۆر شتی دیكەی لەو بابەتە نەیانهێشتووە رۆژنامەكان ئەو رۆڵەبەتەواوەتی ببینن.

## **د.سامان فەوزی** – پسپۆڕ لەیاسای راگەیاندن (*)

**لەتەوەری:**

## **ئازادیی رادەربڕین لەروانگەی یاساو ئێتیکەوە**



**"بەهەڵەدا دەچین ئەگەر پێمان وابێت تەنها یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان، کاروباری رۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستاندا رێکدەخات"**

* ئەم دیدارە لەئەیلولی ٢٠٠٧ دا سازکراوە. ئەوکاتە (د. سامان فەوزی) بڕوانامەی دکتۆرای وەرنەگرتبوو.

## د. سامان فەوزی

- سالّی ١٩٧٥ لەهەولێر لەدایکبوە.
- سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لەهەولێر تەواوکردوە.
- ١٩٩٧ – ١٩٩٨ کۆلێژی یاسای لەزانکۆی سەلاحەددین تەواوکردوە.
- لە١٩٩٨ تا ٢٠٠٠ لێکۆڵەری داد بوە لەدادگای هەولێر.
- لە٢٠٠٠ تا ٢٠٠٣ لەدادگاکانی هەولێرو سلێمانی کاری پارێزەری کردوە.
- لە ٢٠٠٣ بڕوانامەی ماستەری لەزانکۆی سلێمانی بەناونیشانی (لێپرسراوێتیی شارستانیی رۆژنامەنووس) بەدەستهێناوە.
- لە٢٠٠٧ بڕوانامەی دکتۆرای لەزانکۆی سلێمانی بەناونیشانی (خراپ بەکارهێنانی مافی رەخنەگرتن) بەدەستهێناوە.
- لە٢٠٠١ ەوە تاکو ئێستا لەهەرسیٚ بەشی یاساو راگەیاندن‌و زانستە رامیارییەکان لەزانکۆی سلێمانی وانە دەڵێتەوە.
- لە١٩٩٥ سەرنووسەری یەکەمین رۆژنامەی خوێندکاری بوە لەزانکۆی سەلاحەددین بەناوی (هەوراز).
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی (رێبازی خوێندکاران) بوە.
- لە٢٠٠١ تا ٢٠٠٣ لەدەستەی نووسەرانی رۆژنامەی (الآتحاد) بوە.
- کۆمەڵێك وتارو بابەتی لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاوکردۆتەوە.
- پێنج کتێبی چاپکراوی هەیە: (رۆمان بەرەو کوێمان دەبات؟ – لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ٢٠٠٠، شەهید شوان ناسنامەی بزوتنەوەی خوێندکاران– لێکۆڵینەوە ٢٠٠١، میدیای ئینتەرنێتی‌و گرفتە یاساییەکانی– لێکۆڵینەوە ٢٠٠٢، المسؤلية المدنية للصحفي– ماستەرنامە ٢٠٠٦ ئوردن، اساءة استعمال حق النقد – تێزی دکتۆرا ٢٠٠٨ میسر).
- سەرۆکی بەشی زانستە رامیارییەکانە لەکۆلێژی یاساو رامیاری لەزانکۆی سلێمانی.
- خێزاندارەو منداڵێکی هەیە.

**هێرش ڕەسوڵ: باری ڕۆژنامەنووسیی کوردیو ڕۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستان لەژێر سێبەری یاسای چاپەمەنیدا چۆن دەبینیت، پێتوایە ئەمە خۆی بەیاسایکردنی کۆتوبەندەکانی دەسەڵات بێت بەسەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسیدا؟**

**د. سامان فەوزی:**

بێگومان هەموو ئازادییەکی ڕەهاو بێ کۆتوبەند جۆرێك لەنائارامیو کێشەی لێدەکەوێتەوە، چونکە هەردەم وەك فرۆید دەڵێت: مرۆڤ جۆرێك لەخودپەرستی تێدایەو پاڵنەری هەڵسوکەوتەکانو پیادەکردنی ئازادییەکی حەزو غەریزەکانی دەیجوڵێنێ بۆ خۆتێرکردن، ئەوەش دەبێتە هۆی بەریەککەوتن لەگەڵ ئازادییەکانی کەسانی دیکە، کە ئەویش بێگومان حەزو غەریزەکانی، هەڵسوکەوتەکانی دەجوڵێنێ، بۆیە پێویستە ئازادییەکانی ڕێکبخرێو باشترین ئامرازیش بۆ ئەو ڕێکخستنە بریتیە لەیاسا، بگرە بێ بوونی یاسا بۆ ڕێکخستنی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ جۆرێك لەپاشاگەردانی دروستدەبێ، کە بەهۆیەوە دەسەڵاتی هێز زاڵدەبێ بەسەر پەیوەندییەکاندا.

بەڵام یاساش هەر یەك جۆری نیەو دەشێ باشو دەشێ خراپیش بێت، چونکە لەمێژە وتراوە یاسا داردەستی دەسەڵاتە بۆ حوکمڕانی، یان ئەو چەکەیە کە بەهۆیەوە دەسەڵات حوکمڕانی خۆی دەکات، جا بۆیە ئەگەر دەسەڵاتەکە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری بێت، ئەوە یاساکەش یاسایەك دەبێ تەنها بۆ ڕاگرتنو دەستەبەرکردنی زیاتری بەرژەوەندییەکانو ویستی دەسەڵاتدار، خۆ ئەگەر دەسەڵاتداریش دەسەڵاتێکی هەڵقوڵاوی نێو خەڵك بێتو بەگرنگیدان بەویستو حەزی خەڵکی حوکم بکات، واتە دەسەڵاتێکی دیموکراسی بێت، ئەوە بێگومان

یاساکەش بەویستی زۆرینەی خەڵکی دەبێت، هەربۆیە یاسای چاپەمەنیی هـەرێمی کوردستانیش ئەو هاوکێشەیەی سەرەوەی بەسەردا جێبەجێ دەبێتو وەکو چۆن دەوترێ (کالاّ بەقەد بالاّ)، ئاوهاش یاساو فەراهەمکردنی ئازادی لەیاسادا بەقەد ویستی دەسەلاّتدار دەبێ لەولاّتدا.

لەبەرئەوەشی یاسا وەك بونەوەرێکی زیندوو وایەو گەشەدەکاو پێشدەکەوێو دەگۆڕێ ئاوهاش یاساش لەگۆڕاندایەو هیچ پیرۆزییەکی نیە کاتێك بمانەوێ دەستکاری بکەینو لەگەڵ کاتو شوێنەکاندا بیگونجێنین، چونکە یاساش زادەی سەردەمی خۆیەتی، بۆیە من وایدەبینم **یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان کە ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣یە ئەگەرچی بەپێی پێوەرەکانی ئەمڕۆ بۆ ئازادیی رۆژنامەنووسی کەموکوڕیی زۆری تێدایە، بەلاّم بۆ کاتی خۆیو لەچاو یاسای چاپەمەنیی عیراقی کە ژمارە ٢٠٦ی ساڵی ١٩٦٨ە یاسایەکی پێشکەوتوو و باش بوە،** بەتایبەتیش ئەگەر بزانین ساڵی ١٩٩٣ ساڵی وەرچەرخان بوایە لەرووی سیاسیو تاڕادەیەك بوارەکانی دیکەی ژیانی ئەو ناوچەیەی ئێستا بەهەرێمی کوردستان ناودەبرێت، بۆیە ناکرێت ئێمە لەگەڵ یاسایەکی پێشکەوتووی ولاّتێکی ئارامی وەکو "سوید"ی بەراورد بکەین.

بەلاّم ئێستا زیاتر لەهۆکارێك هەیە کە وا دەخوازێت چاو بەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان بخشێنرێتەوەو لەگەڵ بارودۆخو پێشکەوتنەکانی ئەم سەردەمە بگونجێنرێو ئەویش هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا پێشبکەوێ.

ماوەتەوە بڵێم بەهەڵەدا دەچین ئەگەر پێمان وابێت تەنها یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان کاروباری رۆژنامەنووسی لەهەرێمی کوردستاندا رێکدەخات، بەڵکو لەو یاسایە زیاتر یاسای سزادانی عیراقی ژمارە ١١١ی ساڵ ١٩٦٩یە، چونکە بۆ دیاریکردنی تاوانەکانی رۆژنامەنووسیو سزای رۆژنامەنووسان دەبێ بگەڕێینەوە بۆ یاسای سزاکان، نەوەك یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان.

خۆ ئەگەر قسەش لەسەر خراپیو خالەلاوازەکانی هەردوو یاساکە بکەین ئەوە ئێجگار زۆرن، زەقترینیان توندوتیژی ئەو سزایانەیە کە بۆ کاری رۆژنامەنووسی دانراون، ئەگەر هەڵەیەك بکەین، کە رەنگە ناوزڕاندنێك ١٠ ساڵ بەنکردن

بـەخۆوەبگرێت، لەکاتێکـدا بەنـدکردنی ڕۆژنامـەنووس لـەزۆر وڵاتـی دیموکراسـیو پێشکەوتوودا نەماوە لەسەر کاری ڕۆژنامەنووسیو لـەبری ئـەوە بەشـێوازی دیکـە سزای ڕۆژنامەو ڕۆژنامەنووس دەدرێت.

**هێـرش ڕەسـولّ: تاچـەند نـەبوونی پەیماننامـەی شـەرەفی ڕۆژنامەنووسـیو پەیڕەونـەکردنی وەك پێویسـتی ئێتیکـی کـاری ڕۆژنامەنوسـیی لەهـەرێمی کوردسـتاندا کاریکردۆتـە سـەر ئـازادیی ڕادەربـڕین لەڕۆژنامەنووسیی کوردییدا؟**

**د. سامان فەوزی:**

هـەموو پیـشەیەك جۆرێـك لەئەتـەکێتو ئـسوڵی خـۆی هەیـە بـۆ ئەنجامدانیو هەندێکجار لەکاتی گـەورەبوونیو کـۆنی ئـەو پیـشەیەو ترسـناکی بـۆ سەر ژیانی خەڵکی، ئەنجامـدەرانی ئـەو پیـشەیە لـەنێوان خۆیانـدا پەیماننامەیـەك ئیمزا دەکەن، کە بەپەیماننامەی شـەرەفی ئەنجامـدەرانی ئـەو پیـشەیە ناودەرێـت، وەك پیشەی پزیشکیو پارێزەریو ڕۆژنامەنووسی.

دیـارە ئـەو پەیماننامەیـەش کـە ئیمـزای دەکـەن هەنـدێکجار سـنورەکەی تێکەڵدەبێ بەسنوری یاساو هەردووکیان قسە لەسەر یەك بابەت دەکەن، بۆ نمونە باسنەکردنی ژیانی تایبەتی کەسەکان کـە هـەردووکیان دەڵـێن ناشـێو نـابێ بـاس بکرێ، بەڵام یاسا زیـاد لـەوەش سـزا دیاریـدەکات بـۆ ئـەو کەسـەی کـە ئـەنجامی دەداتو نهێنی ژیانی تایبەتی کەسەکان باسدەکات. لەلایەکی دیکەشـەوە هەنـدێك بابەت هەیە تەنها پەیماننامەی شەرەف یان تـەنها یاسـا باسـێ لێوەدەکـات بـەبێ ئەویتریان، وەك پێویستی بەکارنەهێنانی کاری ڕۆژنامەنووسی بـۆ بەتاڵکردنـەوەی ڕق بەرامبەر کەسانی دیکەو گرنگی چاونەپۆشین لەو هەڵەو کەموکوڕیانـەی خـزمو کەسە بەرپرسەکانی ڕۆژنامەنووسەکە دەیکەن. ئالێرەوە زیاتر گرنگی پەیماننامەی کاری ڕۆژنامەنووسی سەرهەڵدەدات، چونکە باس لەهەندێك بابەت دەکات کە یاسـا باسی لێوەناکات، ئـەوە جگـە لـەوەی وەك سانـسۆرێکی خودیـشی لێـدێت بەسـەر کەسەکانەوە بۆئەوەی پیشەکەیان لەکەدار نەکەنو هەمیشە بەرژەوەندیی گشتیو ئەو پەیامەیان لەبەرچاو بێت کە دەبێ بیپێکن لەئەنجامدانی کاری ڕۆژنامەنووسی.

بێگومـان نـەبوونی ئـەو پەیماننامـەی شـەرەفی رۆژنامەنووسـییەش بـەجۆرێك لەجۆرەكان بۆتە هۆی خراپ تێگەیشتن‌و خراپ ئەنجامـدانی كـاری رۆژنامەنووسـی لەلایـەن هەنـدێك لەرۆژنامەنووسـەوە، كـە ئەمـەش بـۆ خـۆی زیـان بـەئازادیی رۆژنامەنووسـی دەگەیـەنێت، بـەڵام دەبـێ ئـەوەش بـزانین كـە **تـەنها بـوونی ئـەو پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسییە بەس نیە، بـەڵكو دەبـێ بـڕوا بەجێبـەجێكردنی بكرێت لەلایەن خودی رۆژنامەنوسـەكانەوە،** چـونكە وەك ئاشـكرایە جێبـەجێكردنی زۆرەكی نیە، لەخودی خۆی مرۆڤەكانەوەیە.

**هێـرش رەسـوڵ: لەهـەرێمی كوردسـتاندا كـە حكومـەتیش بـەجۆرێك لـەجۆرەكان دووبارەبوونـەوەی حیزبـە لەبـەرگی دەسـەڵاتی سیاسـییدا، ئایـا میـدیای رەسمـی دەتوانێـت جیـاواز لـەوەی میـدیای حیزبـی، ئەركێكی دیكە ببینێت؟**

**د. سامان فەوزی:**

لێـرەدا ئێمـە دەبـێ جیـاوازی بكـەین لـەنێوان دوو جـۆر لەمیـدیای حیزبی، میدیای ئەو حیزبانەی كە گەیشتوونەتە دەسەڵات‌و لەپێكهاتەی حكومەتدا رۆڵێكی سەركی هەیە، لەگەڵ مدیای ئەو حیزبانـەی كـە لـەدەرەوەی حكومەتـدان، یان بەشداریەكی كەم‌و لاواز بەشداریان لەحكومەت كردووە. بێگومان میـدیای ئـەو حیزبانـەی كـە حكومـەت دەبـەن بـەڕێوە بـەجۆرێك لـەجۆرەكان لەگـەڵ میـدیای حكـومی لەیەكدەچـن‌و هـەردوو لایـان هەڵـەو كەموكوڕییـەكانی یـەكتری فەرامۆشدەكەن، بەتایبەت لەوڵاتێكی وەكو ئێمەدا. بـەڵام میـدیای ئـەو حیزبانـەی كە لەدەسەڵاتدانین‌و بەشـدارنین لەحكومـەت، ئـەوە تاڕادەیـەكی بـاش میدیایـەكی جیـاوازە لەمیـدیای حكومـەت‌و هەنـدێكجار رەخنـەی جـدی لەحكومـەت‌و دەسەڵاتەكانی دەگرێت لەوڵاتدا، بەڵام بێگومـان نـەك بـەو ئازادییـەی كـە رۆژنامـە ئەهلیەكان دەیكەن، چونكە حیزبەنەیارەكانیش لەوڵاتی ئێمـەدا پـارە لەحكومـەت وەردەگـرن، بۆیـە نـاتوانن بـەزەقی‌و زۆر بەئاشـكرایی رەخنـە لەحكومـەت‌و سیمبولەبڕیاربەدەستەكانی ناو حكومەت بگرن.

**هێرش ڕەسوڵ: چی بکرێت بۆ ئەوەی فەزای ئازادیی ڕادەربڕین لەکوردستان فراوان بکریٚو میدیا ببێتە "دەسەڵاتی چوارەم"؟**

**د. سامان فەوزی:**

بۆ فراوانکردنی فەزای ئازادیی ڕادەربڕین لەکوردستانداو بەمەبەستی کردنی میدیا بەدەسەڵاتی چوارەم دەبیٚ کار بۆ ئەو خاڵانەی وارەوە بکریٚ:

أ. گۆڕینو هەموارکردنی ئەو یاسایانەی کاری ڕاگەیاندن ڕێکدەخەن بەجۆرێك لەگەڵ ڕۆحی سەردەمو پێداوستییەکانی کۆمەڵگای کوردستان بگونجێت، هەروەها بۆ ئەوەی چیتر ئەو یاسایانە وەك ڕێگرێك نەبن لەبەردەم کاری ڕۆژنامەنوسی لەم ڕوەشەوە دەبیٚ ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت لەیاسا تازەکاندا:

١- (توقیف)کردنی ڕۆژنامەنووس لەسەر تاوانی ڕۆژنامەنووسی نەمێنێت، چونکە تەوقیف سزا نیە، بەڵکو ئیجرائاتێکی خۆپارێزییە.

٢- سزای بەندکردن بۆ تاوانەکانی ڕۆژنامەنووسی نەمێنێتو ئەو سزایە واباشترە بگۆڕێت بەسزای دیکە وەك تغريم و تعويچ (پێبژاردنو قەرەبووکردنەوە).

٣- بڕیاری دەکردنی ڕۆژنامە لەدەستی سیٚ دەسەڵاتەکەی دیکەدا نەبنو بگرە ە شێوازی ئاگادارکردنەوە (اخطار) وەك بریتانیا ڕۆژنامە دەربکریٚ.

٤- بەڕونو ئاشکرا دیاریکردنی تاوانەکانی ڕۆژنامەنووسی، بۆ ئەوەی بەگشتگیرو مگاگی نەمێنێتەوەو نەبێتە داردەستێك بەدەست دەسەڵات بۆ لێدانی ڕۆژنامەنووسیی ئازاد هەرکاتێك ویستی.

٥- دیاریکردنی مافەکانی ڕۆژنامەنووس بەشێوازێکی ڕونترو باشتر، بەتایبەتیش ئەوەی تایبەتە بەمافی دەستکەوتنی زانیارییەکان.

ب. پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووسان بەشێوازێکی ئەکادیمی زیاترو کردنەوەی خولی هۆشیاریی ڕۆژنامەنووسی بەبەردەوام بۆ ڕاهێنانیان لەسەر ئێتیکی کاری ڕۆژنامەنووسیو ئاشناکردنیان بەیاساکانی ڕۆژنامەنووسیو ڕاگەیاندن.

ج. جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی هەر سزایەکی ڕۆژنامەنووسی نابیٚ ڕۆژنامەکە بگرێتەوەو ڕۆژنامە نابێت دابخرێت یان یاساغ بکرێت.

د. بەهێزکردنی سەندیکای رۆژنامەنووسان بەجۆرێك بەراست ببێتە سەندیکایەك بۆ داکۆککۆدن لەرۆژنامەنووسان.

هـ. پشتگیریکردنی رۆژنامەی ئەهلیو سەربەخۆ، چونکە ئەوان زیاتر دەتوانن چاودێر بن بەسەر دەسەلاتو حکومەت.

و. نەهێشتنی سانسۆری پێشوەخت لەسەر رۆژنامەو بابەتەکانیو بەکارنەهێنانی (ژمارەی سپاردن) بۆ ئەو جۆرە سانسۆرە لەسەر کتێب.

ی. گرنگی بەدەستورکردنی ئازادیی رۆژنامەنووسیو بەشێك لەمافەکانی رۆژنامەنووسان، هەروەك لەچەندین وڵاتی جیهاندا هەیە وەك ئەمەریکاو میسر.

## **ستران عەبدوڵڵا** – سەرنووسەری گۆڤاری "هەفتانە" (*)

**لەتەوەری:**

**ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی لەنێوان میدیای حیزبیو ئەهلییدا**



**"باشتر وایە حزب لەجێی دەرکردنی ڕۆژنامە پشتیوانی لەدەرکەوتنی ڕۆژنامەو میدیای ئەهلی، سەربەخۆو ناحزبی بکاتو پەیوەندییەکی بونیاتنەرانەیان لەگەڵدا دروست بکات"**

---

* ئەم دیدارە لەئازاری ٢٠٠٧ دا سازکراوە. ئەوکاتە (ستران عەبدوڵڵا) سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ئاسۆ" بوە.

## سالّح عەبدوڵلا محەمەد (ستران عەبدوڵلا)

- سالّی ١٩٦٩ لەشاری کەرکوك لەدایکبوە.
- خوێندنی تا ئامادەیی لەکەرکوك تەواوکردوە.
- سالّی ١٩٩٣ کۆلێژی کارگێڕیو ئابوری لەزانکۆی سەلاحەددین- هەولێر تەواوکردوە.
- لەماوەی نێوان ١٩٩٣ بۆ ٢٠٠٠ لەرۆژنامەی "کوردستانی نوێ" کاریکردوە.
- سالانی ٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٤ بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانو راگەیاندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان- ئیدارەی سلێمانی بوە.
- سالّی ٢٠٠٤ لەگەڵ دەستەیەك رۆژنامەنووسیی هاوڕێیدا دەزگای خەندان بۆ پەخشو وەشاندنیان دامەزراندوە.
- لەنیسانی ٢٠٠٤ وە تا ئابی ٢٠٠٧ سەرنووسەری رۆژنامەی "ئاسۆ" بوە.
- سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی خەندانو سەرنووسەری گۆڤاری "هەفتانە"یە.
- چەند کتێبێکی چاپکراوی بەکوردیو عەرەبی هەیە.

**هێرش رەسوڵ: تاچەند ئـازادیی رادەربـڕین لەرۆژنامەنووسـیی کـوردی ئامـادەگی هەبووە؟ چۆن؟**

**ستران عەبدوڵڵا**:

قۆناغـەکانی رۆژنامەنووسـیی کـوردی جیـاوازو پچڕپـچڕن، بۆیـە نـاتوانین هێڵێکـی گـشتی لـەبارەی ئەنـدازەی بـوونی ئـازادیی رادەربـڕین لەرۆژنامەنووسـیی کـوردی دیـاری بکـەین. لـەم روەوە نـاکرێ مێـژووی رۆژنامـەی کـوردی لەمێـژووی سیاسـەت‌و بزوتنـەوەی کوردایـەتی جیابکەینـەوە. لـەو مـاوە کەمانەی کە جۆرێك لەکرانەوەی سیاسـی لەوڵاتـدا روویـداوە چ بـەهۆی گۆڕانکـاری سیاسی یان بەهۆی بەهێزبوونی باسکی بزوتنەوەی کورد دەرفەت بۆ گەشـەکردنی رۆژنامەنووسـیی کـوردی‌و بـەو پێیـەش بـۆ ئـازادیی رادەربـڕین واڵا بـووە، لەگـەڵ پەککـەوتنی ئـەو کرانـەوە سیاسـییە، نـەك ئـازادیی رادەربـڕین، بـەڵکو رۆژنامـەی کوردیش تووشی پاشەکشێ هاتووە.

دەرفـــەتی ئـــازادیی رادەربـــڕینی راســـتەقینە لـــەدوای راپـــەڕینی ١٩٩١ ەوە رەخساوە.

دەکرێ بڵێین بەشێوەیەکی گشتی رەوشـی ئـازادیی رادەربـڕین لـەناو رەوتـی رۆژنامەنووسیی کوردی باشـە، بـەڵام ئـەم باشـەیە رەهـا نییـە. لـەزۆر جومگـەی زەمـەنی‌و دەرفـەتی سیاسـییدا ئـەم ئازادییـە پێـشێلکراوە، بەرتەسـککراوەتەوەو خاوەنانی بیروڕای ئازاد رووبەڕووی گوشاری پەنهان بونەتەوە تا پاشەکشێ بکەن‌و چاودێری ناوخۆیی ناخیان کەفالەتی بەربەستکردنی بیروڕاکانیان بکات.

**ئازادیی رادەربڕین هەیە، چونکە لەناو میدیای کوردیدا پتر لەئاراستەو رەهەندێك هەیە کە مـرۆڤ دەتوانـێ بیروڕاکـانی خـۆی تێـدا بڵاوبکاتـەوە، بـەڵام لێپرسـینەوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆش لەزۆر بواردا هەستی پێدەکرێت.**

**هێرش رەسوڵ: رۆژنامەی حیزبی لەئێستادا کـۆنترۆڵی گۆڕەپانەکـەی کـردووە، ئـەو گۆڕەپانە بـەچ شـێوەیەك لـەو رۆژنامەیـە دەسـەنرێتەوەو دەدرێتـەوە بەرۆژنامـەی ئـازاد لەکاتێکـدا حیـزب پارەیـەکی خـەیاڵی بـۆ رۆژنامەکانی خۆی تەرخاندەکات؟**

**ستران عەبدوڵلا:**

مەبەست لەگۆڕەپانی کۆنترۆڵکراو چییە؟ ئەگـەر مەبەسـت ئەمـە بێت ئەوان بـازاڕی رۆژنامەنووسـییان بـۆ خۆیـان قـۆرغکردوە ئەمـە راسـت نییـە! خەڵكو خوێنەران ئەمڕۆ کەمتر رۆژنامە حزبییەکان دەخوێننـەوە. دەرچـوونی ئـەو رۆژنامە حزبیانە تێکەڵەیەکە لەئەرکی حزبیو میدیایی. حزب بازاڕی هەبێ بـۆ ئـەو رۆژنامانە یان نا هەر دەریان دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕاو دونیابینی خۆی.

باوەڕناکەم ئەو تەکنیکە تا سـەر بتوانێـت بـەردەوام بێـت. رۆژنامـە حزبیـەکان لەمەقتەعێکی زەمەنیدا رۆڵی خۆیان گێڕاوە، بەڵام ئەمڕۆ چ شێوەی حزبایـەتیو چ رۆژنامەنووسـیی حزبایـەتی دەبـێ بـچنە ژێـر سـێبەری مـەیلی گـۆڕانو کرانـەوەی زیاترەوە. باشتر وایە حزب لەجێی "دەرکردنی رۆژنامە" پـشتیوانی لەدەرکـەوتنی رۆژنامەو میدیای ئەهلی، سەربەخۆو ناحزبی بکاتو پەیوەندییەکی بونیاتنەرانەیان لەگەڵدا دروست بکات بۆ ئەوەی لـەناو سـەدان بابـەتو هـەواڵو باسوخواسـی ئـەو رۆژنامە سەربەخۆیانەدا دەرفەت بۆ بڵاوکردنەوەی چالاکیو دنیـابینی حزبـەکانیش برەخسێ. ئەمە تەکنیکێکی باشترە لەرۆژنامەی دروشمدار.

بـەمجۆرە دەبـێ بـزانین گۆڕەپـانی بـازاڕ دەمێکـە لەدەسـت رۆژنامـەی حزبـی دەرچووە جا ئیتر چی لێ وەربگیرێتەوە؟! ئەگەر لەدەست ئەوانیش بێت کێ ئـەم گۆڕەپانە لەرۆژنامەی حزبی وەربگرێتەوەو بیداتەوە بەرۆژنامەی ئازاد؟ چارەسـەر ئەوە نییە ئەو پارە خەیاڵییەی حزب، بێ حیسابو کیتاب دەیداتە ئۆرگانی خـۆی لەحزب وەربگیرێتەوەو لەجێی ئەوە بێ حیسابو کیتاب بدرێتە دەست رۆژنامـەی ئازادەوە، بەڵکو چارەسەر لەمەدایە کە رێوشوێنی ئـەوتۆ بگیرێتەبـەر کـە رۆژنامـە لـەولاتی ئێمـە بنکەیـەکی ئـابووریی هـەبێتو پیـشەی رۆژنامەنووسـییش ببێتـە

رەقەمێکی بازرگانی، قازانج دەربکاو تێچووی دەرکردنو ژیانـدنو خۆپێگەیانـدنی خۆی پێدەربکرێتەوە. بۆ ئەمەش سێ مەسەلەگرنگن:

١- باری کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئابوریی کۆمەڵی کوردسـتان وا پێشبکەوێت کـە ڕۆژنامەنووسی لەخواستێکی سیاسی یان ئارەزووی نوخبـەو حـەزی ڕۆشـنبیرو ئازادیخوازانـەوە بکاتـە پێویـستییەکی واقیعـی کۆمـەڵی کـوردەواری، چـینی ناوەڕاسـت ڕۆڵـی خـۆی پەیـدا بکاتـەوەو ڕۆژنامـە وەك ڕۆژنامـە ببێتـە کـەناڵی دروسـتکردنی نەتـەوە، بـیروڕای گـشتیی وڵاتو دەرفـەتی وەرگـرتنی هـەواڵو زانیاریو خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

٢- لەئێستادا هـەتا ئـەو گۆڕانـە ڕوودەدات: دەوڵـەت (نـەك حکومـەت)، پەرلـەمان (نەك حزب) پرۆژە یاسایەك پەسەند بکەن بۆ هاوکاریی میدیاو ڕۆژنامەنووسیی ئەهلی لەڕێی فەندێك کە:

أ/ لەڕووی سیاسییەوە مەرجدار نەبێت.

ب/ لەڕووی دەعمی مادییەوە مەرجـدار بێـت بەچـەند قۆنـاغێکی گەشـەکردنی هـەر ڕۆژنامە یان کەناڵێکەوە تا لەسـەر پێـی خـۆی رادەوەسـتێتو قۆنـاغ بـەقۆناغی گەشەکردن ئەو دەعمە کەمبکرێتەوە.

ج/ دەوڵەت وا سەیری بواری ڕۆژنامەنووسی بکات، کە بـوارێکی ژیـاریی گرنگـە بـۆ کوردستان وەك ئاوو کارەباو کۆپۆنی خۆراك.

د/ یاسایەك ئالیەتو جۆرو پابەندێتی ئەم دەعمە ڕێکبخات.

٣- دەوڵەت پشتیوانی بواری چاپو چاپەمەنی بکـات لـەڕێی هانـدانی وەبـەرهێنان لەبواری دەزگای چاپخانەو کەرەستەکانی چاپەمەنیداو ئـەم بـوارە بـەبوارێکی گرنگی گەشەکردنی ئابووریو بازاڕی ئازاد بزانێت. ئەمەش کەرەستەو تێچووی چاپەمەنی کەمدەکاتەوەو سەرمایەگوزاران هانـدەدات بـێن لـەبواری چـاپخانە، کەرەستەکانی چاپو ...هتد. وەبەرهێنان بکەن.

٤- هاوشانی ئەوانەش:

أ/ تۆڕێکی فراوانـی دابەشـکردنی ڕۆژنامـە، سـەنتەری دابەشـکردنو مـارکێتکردن هەبێت.

ب/ بزوتنـــەوەی ریكلامكـــردن‌و جموجـــۆڵی بازرگـــانی بەشـــداربێت لـــەبواری رۆژنامەنووسیدا.

ج/ ئەمانـە هـەمووی دینگـەی ئـابوورین بـۆ هـەموو رۆژنامەیـەك پێویـستن‌و بـۆ رۆژنامەئازادەكان سێ قاتی ئەوە پێویستن.

**هێرش رەسـوڵ: رۆژنامەی حیزبی لەهەرێمی كوردستاندا تاچەند توانیویەتی ئـازادیی رادەبڕینی تیا بپارێزرێت؟**

**ستران عەبدوڵلا:**

ئەمـە لەرۆژنامەیەكـەوە بـۆ رۆژنامەیـەكی تـری حزبـی دەگـۆڕێ. هەروەكو دوو مەسـەلەی گـرنگ كـار لەئەنـدازەی بـوونی رای ئـازاد لەرۆژنامەكانـدا دەكات.

یـەكێكیان میـزاج‌و ئەنـدازەی كرانـەوەی بەرپرسـی رۆژنامـە حزبییـەكان‌و ئەویتریشیان هەلومەرجی سیاسی كە لەهەندێك زەمەندا یارمەتی كرانەوەو ئـازادی دەدات‌و لەهەندێك هەلومەرجی تردا رێی لێ دەگرێت.

بەگشتی رۆژنامەی حزبی ناوەكـەی بەخۆوەیـەتی، بـۆ دەربـڕینی بـیروڕای ئـەو حزبەو روونكردنەوەی سیاسەتەكانێتی، بۆیـە ئـەوە ئەولەویـەتی كارەكـانێتی نـەك شتی تر.

دەتوانین بڵێین دەورانێك هەبووە كە رۆژنامەی حزبی رێی بەتونـدترین بـیروڕای ئازاد داوەو دەورانیش هەبووە دەرگای لەسەر هەموو شتێك داخستووە.

نابێ لەبیرمان بچێت كە رۆژنامەی حزبـی گـرفتی تـەنها لەگـەڵ ئـەو نووسـین‌و وتارانە نییە كە رەخنە لەخۆی دەگرن، بەڵكو گرفتی لەگـەڵ ئـەو وتارانـەش هەیـە كـە لەسـەر هێـزە هاوپەیمانـەكانی یـان لەسـەر هێـزە نـەیارەكانیش دەنووسـرێن، چونكە حزبەكە هەلومەرجی سیاسیی كاری تێدەكاو نایەوێت لەخۆی بئاڵۆزێنێ.

**هێرش ڕەسوڵ: پێتوایە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لەئازادیی قسەکردندا کورتدەکرێتەوە گەر هاتوو کایەی سیاسی قسەکانی بەهێند وەرنەگرێت؟ واتا تا چەندە پێتوایە کەلێنێك لەنێوان کایەی سیاسی کوردیو میدیای کوردییدا هەیە؟**

**ستران عەبدوڵڵا:**

دەسەڵاتو هێزە سیاسییەکان، عادەتەن ئەوەی یارمەتی ڕۆژنامەیەك بدات مەجبور نییە گوێی لێ بگرێت. یان گوێ لەبیروڕای نووسەرەکانی بگرێت، ئەو کاتە قسەی ڕۆژنامەکان بەهەند وەردەگیرێت کە میدیا گەشەبکاتو ببێتە دەزگایەکی پێدانی هەواڵو زانیاریو کاریگەری لەسەر ڕای گشتی دابنێت. ئەو کاتە کایەی سیاسی هاندەدرێت حورمەتی زیاتر بۆ قسەو ڕەخنەکانی ڕۆژنامەکان دابنێت.

بێ دەستمایەیی، بێ دابونەریتی لەکارکردن، نەبوونی ڕۆژنامە بەکایەیەکی خزمەتگوزاری میللی لەئاستی سەرتاسەری وڵاتدا کەخەڵك پێویستی پێی بێت، ئەمانە بونەتە مایەی بێ ئەرزشی نووسراوەکان لای دەسەڵات کە هەستناکات ئەم نووسینانە لەم ڕۆژنامانەی پڕگرفتن گوشاری بۆ دروستدەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە دوو خاڵی تریش ڕۆڵی هەبێت لەو مەسەلەیەدا:

**یەکەم:** دەسەڵاتی کوردی دوای ١٦ ساڵیش لەپێکهاتنیو سەرەڕای بوونی سیما سەرەکییەکانی سیستمێکی دیموکرات، بەڵام هێشتا هیچ ئالیەتێك نییە بۆ بەرپرسیارێتی کردنی دەسەڵاتی کوردی، بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدائی، بۆ لێپێچینەوە لەکەموکوڕیو گەندەڵییەکان. **لەغیابی داموەزگای چاودێری ئیداریو دارایی کارادا، لەغیابی لێپرسینەوەی پەرلەمانیدا، ڕەخنەی ڕۆژنامە کایەیەکی بەستەزمانو بێکەسەو گۆرانی وتنە لەسەحرایەکی بێ کۆتادا.**

لەئـەزموونێکی دیمـوکراتی بـێ سیـستەمی وەکـو ئـەوەی کوردسـتاندا هـەموو ئەرکی رەخنەو لێپرسینەوە کەوتۆتـە ئەسـتۆی رۆژنامـەو ئەمـەش بـاری نالـەباری رۆژنامەنووسیی کوردی خراپتر کردووە.

**دووەم:** هـەر لەسـەر ئـەو بنەمایـەی رۆژنامـەی کـوردیش خـۆی بـێ دابونـەریتی کارکردنـە، خـۆی تازەیـەو بنـەماکانی جێگیرنـەبووە، هەنـدێکجار رێـی تێدەکـەوێت بـێ سـەروبەری، بـێ بەڵگەیـەیی‌و قسەوقـسەڵۆك بەهەنـدێك نووسینی رەخنەییەوە دیار بێت کە تەنانەت رەخنەی بەبەڵگەو نووسینی ئازادانـەش دەخاتـە ژێـر تـەپوتۆزی خۆیـەوەو سـەرەنجام وا لـەئازادیی رادەربڕین‌و نووسینی رۆژنامەکان دەڕوانرێت کە عەرەب وتەنی ( حەچـی جەرایدە) واتا قسەی رۆژنامەکانەو جێی باوەڕ نییە، بەداخەوە.

**گۆران عەبدوڵڵا** – سەرنووسەری رۆژنامەی ئەلیکترۆنیی "دەنگەکان" (*)

**لەتەوەری:**

**ئازادیی رادەربڕین و رەچاوکردنی ئێتیک و یاسا لەرۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا**



**"ئەم ستراکچەرە لەدەسەڵاتی سیاسی کە تا ئێستا یاساکانی سەردەمی بەعسی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵ وەلا نەناوە، ناتوانێ کەلێنێك دروست نەکات لەنێوان خۆیو دەنگێکی جیاواز لەریتمی خۆی"**

* ئەم دیدارە لە حوزەیرانی ٢٠٠٧ دا سازکراوە.

## نەوزاد مەدحەت (گۆران عەبدوڵڵا)

- لەدایکبووی شاری کەرکوك.
- ئامادەیی لەو شارە تەواوکردوە.
- لەدوایین قۆناغی خوێندن بوە لەپەیمانگای تەکنیکیی موسڵ، بەهۆی نەچوونی بۆ جەیشی شەعبی فەسڵکراوە.
- لەکۆتایی هەشتاکانەوە تا ناوەڕاستی نەوەدەکان لەهەولێر ژیاوە، چالاکی بوارەکانی ڕێکخراوی جەماوەری بوە، وەك: یەکێتیی بێکارانو کۆمەڵەی ئاوارەکان.
- ئێستا لەوڵاتی کەنەدا دەژی.
- دبلۆمی لەوێب پەیج دیزاین لەوڵاتی کەنەدا بەدەستهێناوە.
- لەساڵی ٢٠٠٢ ەوە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیی "دەنگەکان"ی دامەزراندوە.

**هێرش رەسوڵ: پێتوایە ئازادیی رۆژنامەنووسی لەئازادیی قسەکردندا کورتدەکرێتەوە گەر هاتوو کایەی سیاسی قسەکانی بەهێند وەرنەگرێت؟ واتا تا چەندە پێتوایە کەلێنێك لەنێوان کایەی سیاسی کوردیو میدیای کوردییدا هەیە؟**

**گۆران عەبدوڵلا:**

ئازادیی رۆژنامەنووسی یان ئازادیی میدیا بەهەموو شێوەکانیەوە لەنووسینو دەنگو رەنگدا ئەگەر وەك مافێکی رەوای هەریەك لەتاکەکانی کۆمەڵ، لەدەستوری وڵاتدا نەهاتبێو ئەو مافە چەسپ نەکرابێ، ئەوا بەدڵنیاییەوە نەك ئازادییەك بۆ قەڵەم نامێنێتەوە، نەك هەر کایەی سیاسی قسەی سەر رۆژنامەکان بەهەند وەرناگرێ، بەڵکو یەکە یەکەی وشەکانی سەر رووپەری رۆژنامەکانو سەر لێوی تاکەکانی کۆمەڵ پەرو باڵ دەکات.

لەراستیدا کەلێنێك نییە لەنێوان میدیای کوردیو کایەی سیاسیدا، چونکە زۆربەی زۆری کەناڵەکانی راگەیاندنو بەتایبەت تەلەفزیۆنو رادیۆکان ملکی حیزبنو لەجیاتی لۆیەڵەتییان بۆ جەماوەر هەبێ، کاریان بۆتە جوانکردنی سیاسەتە بێرەونەقەکانی دەسەڵاتو بەرپرسەکانی، کاریان گەورەکردنەوەی هەراو هوریا بێ بنەماکانی سەرکردەکانیەتی لەمەڕ کێشە چارەنووسسازەکانەوە.

ئەوەی دەمێنێتەوە چەند رۆژنامەیەکە ئەگەر توانرابێ بەشێوەیەك لەشێوەکان سەربەخۆبوونی بپارێزێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە سەدان تەنگەژەی مادیو کارکردنیان بۆ دروستکردووەو دەیانجار پەیامنێرو نووسەرەکانیان راکێشراونەتە بەردەم دادگا، یان شەوکوتکراون.

کایەی سیاسیی کوردی کایەیەکی بێ رەونەق و بێ فەنتازییە، کایەیەکە لەسی ساڵ پێش ئێستاوە بۆ ئێستا نەیتوانیوەو نەیویستووە خۆی خاڵی بکاتەوە لەرۆحی خێڵ و بەهەمان پێکهاتەی خێڵەوە دامودەزگاکانی دروستدەکاتەوە، ئەم ستراکچەرە لەدەسەلاتی سیاسی کەتا ئێستا یاساکانی سەردەمی بەعسی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵ وەلا نەناوە، ناتوانێ کەلێنێك دروست نەکات لەنێوان خۆیو دەنگێکی جیاواز لەریتمی خۆی.

**هێرش رەسوڵ: رۆژنامەی ئەلیکترۆنی وەك فۆرمی نوێی رۆژنامەنووسی کە لەڕووی خێراییو سنوری بلاوکردنەوەوە جێی بەرۆژنامەی تەقلیدی لێژکردووە، تاچەند رۆڵ لەفەراهەمکردنی ئازادیی رادەربریندا دەبینێت؟ هەستناکرێت زۆرجار بەشیفرەبوونی بلاوکردنەوە لەو جۆرە رۆژنامانە جۆرێك لەفەوزاو رەچاونەکردنی پرەنسیپەکانی ئێتیکی کاری رۆژنامەنووسیی لێدەکەوێتەوە؟**

**گۆران عەبدوڵلا:**

سەرەتا من پێموایە رۆژنامەی ئەلیکترۆنی تا ئێستاش نەیتوانیوە جێ بەرۆژنامەی تەقلیدی لێژ بکات، بەلام توانیویەتی حزورێکی جدییانەی خۆی لەزۆرێك لەولاتە پێشکەوتووەکان رابگەیەنێتو خوێنەرێکی بەرچاو بەلای خۆیدا بهێنێ، لەلایەکی تریشەوە تێکەلاوییەك دروست بووە سەبارەت بەرۆژنامەی ئەلکترۆنیو ماڵپەڕی تاکەکەسی لەدونیای ئێمەدا. من بەش بەحاڵی خۆم هیچ پێناسەیەکی جیاواز لەنێوان رۆژنامەی گۆتەنبەرگو ئەلکترۆنیدا سەبارەت بەپرنسیپە بنەڕەتییەکانی نووسینم بەرچاو نەکەوتووە. رۆژنامەی ئەلکترۆنی پێشکەوتنێکی تەکنیکییە وەك هەر پێشکەوتنێکی تری دونیای تەکنەلۆژیا، رۆژنامەی ئەلکترۆنی ناکرێ وەکو دونیایەکی سەربەخۆ لەیاساو رێساکانی رۆژنامەی تەقلیدی سەیر بکرێ، بەلەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێ گۆڕانکاری تەکنیکییەوە. **زۆر گرنگە رۆژنامەی ئەلکترۆنی لەسەر پێیەکانی خۆی دابنرێتو بەدەموچاوێکی شێواوەوە حزور پەیدا نەکا لەمیدیای کوردیدا.**

**هێرش ڕەسوڵ: بەهۆی جیهانیبوونی ئینتەرنێتو ئەستەمی دانانی یاسایەکی ستاندارد بۆ میدیای ئینتەرنێتی لەسەر ئاستی جیهاندا، ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی کوردییش (کەمێژوویەکی دووری نیە) دوچاری جۆرێك لەفەوزاو دروستکردنی تاوانەکانی ناوزڕاندن بووە لەسەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت، چیبکرێت تاکو لانیکەم بەر بەو لێشاوی بابەتە تەشهیر ئامێزانە بگیرێتو ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی پێ ببینرێت؟**

**گۆران عەبدوڵلا:**

تەشیرو جنێوو ناوزڕاندنو تۆمەتبارکردنی بێ بنەماو هەڕەشەکردنو بانگەوازکردن بۆ کاری توندوتیژیو دەیان شتی تری لەم بابەتە بەدرێژایی مێژوو هەر هەبووە، جا لەشەڕی نێوان دەوڵەتەکاندا بووبێ یان حیزبەکاندا، یان نەتەوەو مەزهەبو ئایدیۆلۆژیاکاندا تا دەگاتە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ. جا ئەو تەشیرو ناوزڕاندنانە، لەسەر ڕووپەری ڕۆژنامەکان خۆی نمایش کردبێ، یان لەبڵندگۆی رادیۆکانەوە هاتبێتە دەرەوە ، یان لەسەر دیواری مزگەوتەکان نوسرابێ، هەر هەبووەو پێموایە کەم تا زۆر هەر دەمێنێ. بەڵام **ئەوەی ئەمڕۆ دەسەلآتی کوردی کۆڕو کۆبوونەوەی بۆ دەبەستێو سایتەکانی ئینتەرنێت بەسەرچاوەی ئەو تەشیرە دەزانێو کار بۆ ناشرینکردنی دەموچاوی ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی دەکات، شیوەنەکەی لەوێوەیە کە بەشی زۆری ئەو ناوزڕاندنو تەشیرانە بەربەرپرسەکانی دەسەلآت کەوتووە.**

بەڵام دەبێ دەسەلآت ئەوە بزانێ لەپێشکەوتووترینو مۆدێرنترین وڵاتانی ئەم دونیایەدا بەرپرسانو کاربەدەستانیان خۆیانو سەروەتو سامانو ماڵو منالێشیان لەبەر ڕەحمی چاوی کامێراکانی ڕۆژنامەنووساندان.

ئێمە وەکو "دەنگەکان" بەهیچ شێوەیەك بڕوامان بەناوزڕاندنو تەشیرکردن نییە، خۆشمان لەو شێوە کارانە پاراستووە. بەڵام زۆر سەرسەختانە لەسەنگەری خەڵکەوەو بەدەستکەوتنی بەلگەوە شەڕی پیرۆزی خواستەکانی جەماوەر دەکەین.

**هێرش ڕەسوڵ: چی بکرێت بۆئەوەی لەکوردستان میدیا ببێتە "دەسەڵاتی چوارەم"، لەکاتێکدا بۆ بوونی میدیا بە"دەسەڵاتی چوارەم" پێویستمان بەدڵ گەورەیی هەریەك لەدەسەڵاتەکانی تر هەیە،و ئەم هاوکێشەیە لەکوردستان چۆن دەبینیو چ هەنگاوێك بۆ ئەم قۆناغە بەپێویست دەزانیت؟**

**گۆران عەبدوڵلا:**

باسکردن لەبوونی میدیا بەدەسەڵاتی چوارەم دەمانخاتە بەرانبەر پرسیارێکەوە، ئایا سێ دەسەڵاتەکەی تر (تەشریعی، تەنفیزی، داد) وەك هێزێکی سەربەخۆو خاوەن دەسەڵات بوونی خۆیان سەپاندووە، واتە هەریەك لەم دەسەڵاتانە توانیویانە بێ گەڕانەوە بۆ سەرۆكو حیزب بڕیارێك دەربکەن یان جێبەجێ بکەن. لەڕاستیدا لەکوردستان دوو دەسەڵات هەیە، دەسەڵاتی یەکێتیو پارتی. واتە چاکتر وایە ئێمە باس لەدەسەڵاتی سێیەم بکەین، ڕەنگە لەم ڕۆژەدا بۆ ئێمە زۆر شیاوتربێ.

هەنگاوێك گرنگی هەبێ لەوبارەوە بەڕای من ئەوەیە. هەوڵدانو فشار خستنە سەر دەسەڵاتی سیاسی بۆ فەراهەمکردنی زەمینەیەکی لەبار بۆ کاری ڕۆژنامەنووسیو گرفت نەخستنەپێش دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ گەیشتن بەسەرچاوەکانی هەواڵ.

- کارکردن بەجورئەتێکی زیاترەوە لەبواری ڕەخنەگرتن لەکەموکوڕییەکانی دەسەڵاتو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو کولتورییە دواکەوتووەکان.
- وەستان لەسەنگەری داخوازیو مافەکانی خەڵك بەگشتی.
- قسەکردن لەسەر ئازادییەکانی تاكو ئەرکی دەسەڵات لەپاراستنی ئەو ئازادییەدا.
- ئیحراجکردنی دەسەڵات لەبەرانبەر مافەکانی خەڵکدا.
- کارکردن بەشێوەیەك هەمیشە بەرپرسە ئیداریو سیاسیەکان ترسی کامێراکانی ڕۆژنامەنووسانیان هەبێ.

ـ زەمانەتی پاڵپشتیکردنی ئۆرگانە ئازادیخوازو دیموکراتییەکانی دونیای دەرەوە بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان.

لەهەموو ئەو کارانەماندا دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرین ئەم دەستکەوتەی کە لەکوردستان بەدەستهاتووە پاراستنو بردنەپێشەوەی ئەرکی هەموانەو دەرگاکانی بەڕووی رەشەبای جەهالەتا قایمتر کەین.

**ڤینۆس فایەق** - نووسەرو رۆژنامەنووس [*]

**لەتەوەری:**

**ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا**



**"حکومەت باوەڕی بەوە نیە رۆژنامەنووسی دەسەڵات بێت، باوەڕی بەوەنیە رۆژنامەنووسی لەتوانایدا بێت بانگەشە بۆ گۆڕین بکات"**

---

[*] ئەم دیدارە لەشوباتی ۲۰۰۷ دا سازکراوە.

## ڤینۆس فایەق نوری

- لەشاری سلێمانی لەدایکبوە.
- بەکالۆریۆس لەفەلسەفە– کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد.
- بڕوانامەیەکی لەبارەی "نووسین‌و ئامادەکردنی تەلەفزیۆنی" لەئەکادیمیای میدیا لەهۆڵەندا ٢٠٠٤ وەرگرتوە.
- بڕوانامەیەکی لەبارەی "بەرهەمهێنانی ئێزگەیی" لەسەنتەری خولەکانی رادیۆی جیهانیی هۆڵەندا ٢٠٠٤ وەرگرتوە.
- ئەندامی چەند سەنتەرێکی رۆشنبیری‌و دەستەی نووسەرانی چەند گۆڤارو رۆژنامەیەکە.
- ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە، ئەندامی یەکێتیی شاعیرانی جیهانە، هەروەها سەندیکای رۆژنامەنووسە پەنابەرەکان لەهۆڵەندا.
- پێشتر وەکو بێژەر، موحەریر، وەرگێڕ لەچەند رادیۆو رۆژنامەیەکدا کاریکردوە.
- دوو بەرهەمی چاپکراوی شیعری بەکوردی‌و عەرەبی هەیە. هەروەها کتێبێك سەبارەت بەچاکسازی لەکوردستان.
- چەند کتێبێکی ئامادەی چاپن.

**هێرش ڕەسـوڵ: تاچەند ئـازادیی ڕادەربـڕین لەرۆژنامەنووسـیی کـوردی ئامـادەگی هەبووە؟ چۆن؟**

**ڤینۆس فایەق:**

گـرنگ ئەوەیـە ئـازادیی ڕادەربـڕینو ئـازادیی ڕۆژنامەنووسـی بـە هێڵێکـی تـەریب بەرامبـەر بـە کراوەیـی دەسـەڵاتی سیاسـیو گـوێگرتنی لـە ڕای سەربەست بوەستن.. هەڵبەتە ئازادی بە هـەموو جۆرەکانیـەوە گرنگـە، بەتاییـەت ئازادیی ڕادەربڕین، کە ئازادیی ڕادەربڕین لە ڕۆژنامەنووسـیدا چـەمکێکی زینـدووی ئازادییەکانە.. بەڵام بەچی دەچێ ئەگەر تۆ وەکو ڕۆژنامەنووس هەر هـاوار بکـەیت دەسەڵات گوێ نەگرێت.. لە سیماکانی ڕژێمە دیکتاتۆرەکان ئەوەیە بوار نادەن بـە ئازادییەکانی وەکو ڕادەربڕینو ئازادی ڕۆژنامەنووسی، بـەڵام لـەوە ترسـناکتر ئـەو جۆرە سیستەمە دیموکراتیانەیە کە گەمە بە ئازادیی ڕادەربـڕین دێـت، بەداخـەوە، **لەکوردستاندا دیموکراسیەت دەستەبەرە، بەشێوەیەك لەشێوەکان ئازادیی ڕادەربـڕین هەیە، تەنانەت ڕۆژنامەی ئازادو بوێر هەن، نمونەکانیشی وان لەبەرچاودا، بـەڵام ئایـا لەبەرامبەر ئەوەدا دەسەڵاتێك هەیە گـوێی گـرتبێ؟** ئەمـە پرسـیارەکەیە بـە بـاوەڕی من..

**هێرش ڕەسـوڵ: ڕۆژنامەی حیزبی لە ئێستادا کۆنترۆڵی گۆڕەپانەکـەی کـردووە، ئـەو گۆڕەپانە بـە چ شـێوەیەك لـەو ڕۆژنامەیـە دەسـەنرێتەوەو دەدرێتـەوە بەرۆژنامـەی ئـازاد لـە کاتێکـدا حیـزب پارەیـەکی خـەیاڵی بـۆ ڕۆژنامەکانی خۆی تەرخاندەکات؟**

**ڤینۆس فایەق:**

شتێکی خراپ نیە ڕۆژنامەی حیزبی هەبێت، چونکە ئەگەر سەیری دونیای مۆدێرنی دەرەوەی کوردستان بکەیت، بۆ نمونە لە وڵاتێکی بچووکی وەکو هۆڵەندا لەکوردستان زیاتر حیزب هەن، لەحیزبەکانی کوردستانیش زیاتر بڵاوکراوەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیان هەیە، هەر لەوانیش زیاتر پارەیان بۆ دابین کردووە، بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە، یەك زەمینەی هاوبەش ئەو هەموو حیزبو بڵاوکراوانەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیانی کۆکردۆتەوە کردۆتە باوەش ئەویش حکومەتێکی سەرتاسەری و بێلایەنە، کە هیچ بوارێکی بۆ کاری حیزبایەتی زەق نەهێشتۆتەوە، هیچی لەو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانەی لە هۆڵەندادا هەن باس لەحیزبەکانیان ناکەنو تەپڵ بۆ حیزبەکانیان لێنادەن، چونکە ئەوان حیزبەکانیان پردە بەسەریدا دەپەڕنەوە بۆ ناو باوەشی میللەت، نەك پشتی میللەت بشکێنن بەسەریدا بڕۆن بۆ خزمەتکردنی حیزب..

کەواتە کورد هێشتا هۆشیاری ڕۆژنامەنووسیو هۆشیاری ڕۆژنامەنووسی ئازادی نیە، باوەڕی بەبێلایەنی نیە، هەموو کەس دەتوانێت سیاسەتیش بەبێلایەنی بکات لە هەموو دونیای دەرەوەی کوردستان، تەنها لە کوردستان ناتوانێت، چونکە وا دەزانن دونیای سیاسەتیان داگیرکردووە وەکو هەموو ژیانی میللەتیان داگیرکردووە، خۆ هەموو سیاسەك حیزبی نیە، هەروەك هەموو حیزبیەکیش لە کوردستاندا هە مەرج نیە لە ئەلف و بێی سیاسەت بزانن، بەڵام ئەمڕۆ هەموو خۆی بە کەشتی بەرژەوەندیەکاندا هەڵواسیوە، بەواری ڕۆژنامەنووسیشەوە.. من زۆر لەو ڕۆژنامانە دەبینم، وەکو عەرەبانەی سەوزە فرۆشی دێنە بەرچاوم..

ئەو کاتەی دەسەڵاتی حیزبی لە دەسەڵاتی حکومی جیابۆوە، ئەو کاتەی دەسەڵاتی حیزبی سنورداربوو، ئەو کاتە دەتوانین قەڵای ڕۆژنامەنووسی ئازاد بینا بکەین، ئەوەش کارو کاتێکی دوور و درێژی دەوێت لە کوردستاندا.. دەسەڵاتی حیزبی وەکو ئاینی لێهاتووە لە سیاسەت جیانابێتەوە، بەهەمان شێوەش کارکردی حیزب لە حکومەت جیانابێتەوە، هەتا حیزبیش باڵادەست بێت، هیچ شتێکی ئازاد نابێت..

**هێرش رەسولْ: رۆژنامەی حیزبی لە هەرێمی کوردستاندا تاچەند توانیویەتی کراوە بێتو ئازادیی رادەبڕینی تیا بپارێزرێت؟**

**ڤینۆس فایەق:**

وابزانم وەڵامی ئەم پرسیارە لە دەقی وەڵامی پرسیارەکەی پێشوودا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام دەگەڕێمەوە دەڵێم رووبەرێکی فراوان هەیە بۆ رادەبڕین، بەناوی دیموکراسیەتەوە، بەڵام بووەتە گەمەو گاڵتەجاڕ، حکومەت باوەڕی بەوە نیە رۆژنامەوانی دەسەڵات بێت، باوەڕی بەوەنیە رۆژنامەنووسی لە توانایدا بێت بانگەشە بۆ گۆڕین بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر سەیرکەین، جیاوازیەکی بەرچاو هەیە لە بەینی ئەوەی رۆژنامەی حیزبی بڵاوی دەکاتەوەو ئەوەی رۆژنامەکانی ئیدیعای سەربەخۆییو ئازادی دەکەن بڵاوی دەکەنەوە، دوو شێوازی جیا هەیە لە سەربەستیی رادەربڕین، کە خۆی لە بنەمادا سەربەستی نیە، بەڵکو شتێکە حیزبەکان داوای دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان جوان بکەن..

**هێرش رەسولْ: چی بکرێت بۆ ئەوەی لە کوردستان میدیا ببێتە "دەسەڵاتی چوارەم"، لە کاتێکدا بۆ بوونی میدیا بە "دەسەڵاتی چوارەم" پێویستمان بە دڵگەورەیی هەریەك لە دەسەڵاتەکانی تر هەیە،و ئەم هاوکێشەیە لە کوردستان چۆن دەبینیو چ هەنگاوێك بۆ ئەم قۆناغە بەپێویست دەزانیت؟**

**ڤینۆس فایەق:**

بەو پێیەی گوایا (داد و یاسادانان و جێبەجێکردن) سێ دەسەڵاتی یەکەم و دووەم و سێهەمن، باوەڕم وانیە ئەوان بووبنە دەسەڵات، هەتا بواری رۆژنامەنووسی ببێتە دەسەڵاتی چوارەم، چونکە ئەگەر رۆژانە سەیری ئەو هەموو تەجاوزاتو پێشێلکاریانەی دەکرێتە سەر دەسەڵاتی یاسا بکەین، بۆ نمونە ئەو بەرپرسانەی بەبەرچاوی یاساوە ژنی دووەم و سێهەم دەهێننەوە، بەبەرچاوی یاسا و دەوڵەتەوە چەندین شێوە لە تاوان ئەنجام دەدەن، وەکو کوشتنو

داگیرکـردن و دەسـتدرێژی کردنـی ئاشـکرا، ئەوانـە کـە یاسـا نـەتوانێت لێیـان بپرسـێتەوە، کەواتـە (داد) نەبۆتـە دەسـەڵات، ئەگـەر ئـەو یاسـایانەی دانـراون جێبەجێ نەکرێن، کەواتە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبـەجێکردن شـەرعیەتیان نیە، کەواتە میللەت هیچ دەسەڵاتێك شـك نابـات، کەواتـە بـواری ڕۆژنامەنووسـیش هەر نەبووەو ناشبێتە دەسەڵات..

ئیدی چی بکرێت، ئەوە بەڕاستی پرسیارە گەورەکەیە، دەبێـت هـەموو ئـەوەی باسم کرد بگۆڕڕێت، ئێمە کێشەی ڕۆژنامەنووسیمان نیە، سەرکردەکانمان وادەزانن میللەت منداڵێکی لاسارەو دەبێت گوێچکەی راکێشرێت، نازانن میللەت دەنگـی بـۆ داونو دەسـەڵاتەکانی خـستوونەتە دەسـت، **ئێمـە کێـشەی عەقڵیـەتی سیاسـیو عەقڵیەتی وڵات بەڕێوەبردنمان هەیە، کەی ئـەو عەقڵیەتـە چـاك بـوو ئـەوانی تـر بـە ئۆتۆماتیکی چاك دەبنو، دواتر ڕۆژنامەنووسیش دەبێتە دەسەڵات.**

**عەبد عارف** – ماستەر لە رۆژنامەنووسیو

سەرنووسەری رۆژنامەی "هاوولاتی" (*)

**لەتەوەری:**

**ئازادیی رۆژنامەنووسیی لەکۆمەڵگەی داخراودا- کوردستان بەنمونە**



**"ئەوانەی بەمیدیا دەڵێن (دەسەڵاتی چوارەم) بچوکی دەکەنەوە بۆ ئاستی سێ دەسەڵاتەکەی دیکە"**

* ئـەم دیـدارە لـەئایاری ٢٠٠٧ دا سـازکراوە. ئەوکاتـە (عەبـد عـارف) نـەببوە سەرنووسـەری رۆژنامەی "هاولاتی".

## عەبد عارف محەمەد ئەمین

- ساڵی ١٩٦٦ لەرانیە لەدایكبوە.
- پۆلی یەكەمی سەرەتایی لەكوفە خوێندوە، چونكە باوكی بەهۆی بەشداریكردنی لەشۆڕشی ئەیلول دورخراوەی سیاسی بوە.
- سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لەرانیە تەواوكردوە.
- لەساڵی ١٩٨٥ ەوە تا ئێستا كاری رۆژنامەنووسی بەشێوەی پچڕ پچڕ كردوە.
- ساڵی ١٩٨٨ – ١٩٨٩ بەشی راگەیاندن– لقی رۆژنامەنووسی لەكۆلێژی ئادابی زانكۆی بەغداد تەواوكردوە.
- بەشداری دەركردنی یەكەمین گۆڤاری دوای راپەرینی كردوە، گۆڤاری (پێنجی ئازار) لەرانیە.
- لەدامەزرێنەرانی: (لقی رانیەی بنكەی ئەدەبی‌و روناكبیریی گەلاوێژ، رێكخراوی T.D.C ی فرەنسی – بەڕێوەبەری سەنتەری رانیەی رێكخراوەكە بوە–، بەشی رۆژنامەنووسی لەپەیمانگای تەكنیكیی سلێمانی‌و چەند كەناڵێكی راگەیاندن) بوە.
- سەرپەرشتی چەندین توێژینەوەی دەرچوونی خوێندكارانی لەزانكۆو پەیمانگادا كردوە.
- وانەكانی: (هونەری دارشتنی رۆژنامەنووسی، هۆیەكانی پەیوەندیكردن، ریكلام، تیۆرەكانی پەیوەندیكردن‌و راگەیاندن، راگەیاندنی نێودەوڵەتی، میتۆدی توێژینەوەی میدیایی‌و ... هیتر) ی لەزانكۆو پەیمانگادا وتۆتەوە.
- ساڵی ٢٠٠٦ بڕوانامەی ماستەری لەبەشی راگەیاندنی كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سلێمانی بەناونیشانی (بەهاكانی هەواڵ لەرۆژنامەنووسیی هاوچەرخی كوردیدا) بەدەستهێناوە.
- لەمانگی ئابی ٢٠٠٧ ەوە سەرنووسەری رۆژنامەی "هاوڵاتی" یە.

**هێرش ڕەسوڵ: تاچەند ئازادیی ڕادەربڕین لەرۆژنامەنوسی کوردی ئامادەگی هەبووە؟ چۆن؟**

**عەبد عارف:**

پێموایە لە هیچ هەلومەرجێکو هیچ وڵاتێکدا ناتوانرێت سەدا سەد ئازادیی ڕادەربڕین فەراهەم بکرێت، لەبەرئەوە وەکو بوون لەوەتی ڕۆژنامەنوسی کوردی هەیە، ئازادیی ڕۆژنامەنوسی هەبووە، بەڵام ڕادەو ڕێژەو پانتایی فراوانی ئەو ئازادییە لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر، لەسەردەمێك بۆ سەردەمێکی دیکە، لەدۆخێکی سیاسی بۆ دۆخێکی تری سیاسی دەگۆڕێت، بۆ نمونە بەدەرچوونی ڕۆژنامەی کوردی ڕەهەندی ئازادیی ڕادەربڕین یەکسەر دەگۆڕێت، بەبێ گوێدانە ئەوەی ناوەڕۆکی ئەو ڕۆژنامەیە چی تێدا بووە، کەواتە دەتوانین بڵێین ئازادیی ڕادەربڕین لەرۆژنامەنوسی کوردیدا هەیە، بەمجەرەد دەرچوونی ڕۆژنامە، پێش ئەو سەردەمەش، لەبەرئەوەی ئازادیی ڕادەربڕین شتێکی ڕێژەییە، پێموایە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤو دەربڕینو قسەکردنو پێشکەوتنی هۆیەکانی پەیوەندی وەکو پەیدابوونی چاپ، هەموو ئەوانە بەشێوەیەکی سروشتی ڕەهەندی ئازادیی ڕادەربڕین فراوان دەکەن. مرۆڤ کەفێری زمان بووەو وشەکانی تۆمارکردووە، تۆمارکردن پەیدابووە، دوای ئەوە کەچاپ پەیدا بووە، ئینجا ڕۆژنامەنوسی پەیدابووە، هەموو ئەمانە لەمێژوودا تێکەڵکێشن لەگەڵ ڕەوتی ئازادیی مرۆڤەکان، بۆیە دوانەی (ڕۆژنامەنوسیو ئازادی) دوانەیەکی بەیەکەوەن، دیوێکیان ئەگەر ڕۆژنامەنوسی دیوە شکڵەکەیەتی، بەڵام ناوەڕۆك ئازادییەکانن. لەسەردەمی (مارتن لۆسەر)دا، کە ریفۆرمی دینی کراوە، خۆی ئەو بەشدارییەکی گەورە بووە لەئازادیی ڕادەربڕین، بۆ دواجار ئەمە ڕەنگیداوەتەوە لەسەر ڕۆژنامەنوسیو

چاپەمەنی، بۆ نمونە هەر لەو سەردەمەدا (پۆستەر) پەیدابووە، ئەوکاتە چاپخانە لەشێوە سەرەتاییەکانیدا هەبووە، کەواتە ئەو پۆستەرانە بەشێوەیەك لەشێوەکان هیماو مانای ئامرازی گواستنەوەی برێك لەو دیمەنانەی ئازادیی رادەربڕینو رۆشنبوونی فکری مرۆڤەکانە. لەرۆژنامەنوسیی کوردیشدا لەدەرچوونی یەکەمین رۆژنامە (کوردستان ١٨٩٨/٤/٢٢، قاهیرە)، ئەو هەقیقەتە بەشێوەیەك لەشێوەکان دووبارە دەبێتەوە، کەدواجار لەقۆناغەکانی دوای دەرچوونی ئەو رۆژنامەیە ئەو رەوتە زیاتر دەچێتە پێشێ. شانبەشانی قۆناغە سیاسیەکان، بەرزو نزمی دەکات، **لەکوێدا فراوانییەکی سیاسی هەبوویێت، ئازادیی رادەربڕین یەکسەر ئامادەبووەو پانتایی خۆی فراوانکردووە، لەکوێ پاشگەزبونەوەی تێدابێتو دەسەلاتەکان ترسو تۆقاندنیان پەیداکردبێت، ئازادیی رادەربڕینیش لەقەدەر هەزمکردنی هەلومەرجەکە سنوردار بۆتەوە،** بەمشێوەیە دەتوانین بلێین وەکو دوو (تا)ی تەرازوون، تاکو لایەکیان هاوسەنگ بکەی، لاکەی تر خۆ ون دەکات، لایەکەی دی پەیدا بێتەوە لایەنی یەکەم کەمبۆتەوە یان زیادیکردووە.

ئەمە سەبارەت بەهێلی پانی بوونی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنوسی کوردیدا. لەباری ئێستاشەوە دەتوانین بلێین: گەورەترین رووبەری ئازادیی رادەربڕین لەدوای راپەرینەوە دەست پێدەکات، واتە بۆ یەکەمینجار تەواو تەواو دیمەنی ئەمدیوو ئەودیوی (رۆژنامەنوسیو ئازادیی رادەربڕین) دەبنەوە دوو دیوی یەك دراو، کەبەتەواوی قۆناغەکانی پێشوو نەیانتوانیوە بەو شێوەیە بن، بەو مانایەی مادام داگیرکاریو رەگەزی داگیرکاری لەگۆڕێ بێ، حەتمەن کەموکوڕی لەنێوان رەنگدانەوەی ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنوسیو رەوشی ئازادیی رادەربڕین بەگشتی لەژیانی کۆمەلایەتیی خەلکدا دەبێت، بەلام لەدوای راپەریندا بەنەمانی رەگەزی داگیرکار لەکوردستاندا ئازادیی رادەربڕین دیمەنە سروشتیەکەی خۆی وەردەگرێتەوە کەبریتییە لەبوونی دوو دیوی یەك دراوو یەکیان ئەویتر تەواو دەکاتو تێیدا رەنگدەداتەوە. ئەم رووبەرە لەسەردەمی سەرەتایی دوای راپەرین وەکو چۆن لایەنی کۆمەلایەتیمان پەنگیخواردبۆوە، بەهەمان نەفەس تەقینەوەیەك لەپەیدابوونێکی خێرای ژمارەیەکی زۆر لەرۆژنامەو گۆڤار دروست بوو کە لەدیوە

ڕۆژنامەنوسیەکەیدا ئەمەش دیمەنێك بوو لەدیمەنەکانی پەنگخواردنەوەی خەڵك کەلەمێژووی دێرینی خۆیدا داگیرکار لەناو خەڵکیدا هێشتونیەتەوەو نەریتێکی وای تێدا پەیداکردوون کەخەڵك فێری سایکۆلۆژیەتی لەرزگرتن بێت، تا هەلومەرجی بۆ دەڕەخسێت، هەروەها دەبینین مێژووی سیاسیشمان مۆرکی ئەوەی پێوە دیارە کەلەماوەیەکی کەم خەستبونەوە، خۆماتکردن یان سەبرگرتنو پەنگخواردنەوەی شتەکان، بەڵام دوایی لەدەرفەتێکی سیاسیدا تەقینەوە، شۆڕش، بورکانێکی خەڵك، خۆپیشاندان پەیدابووە، بەو شێوەیە ڕۆژنامەنوسیش بەدیوەکەی خۆیو بەزمانی تایبەتی خۆی ئەو دیمەنانەی خۆی عەکس کردەوە، کەژمارەیەکی زۆر ئەو ڕۆژنامانە ئەگەرچی هەندێ کەس ڕەخنەی لێدەگرت کەزۆرو بۆرەو یەکتری دووبارە دەکەنەوە، بەڵام من پێموابوو کاردنەوەیەکی زۆر سروشتی دیوە ڕۆژنامەنوسیەکەی ڕاپەڕین بوو.

**هێرش ڕەسوڵ: ڕۆژنامەی حزبی لەئێستادا کۆنترۆڵی گۆڕەپانەکەی کردووە، ئەو گۆڕەپانە بەچ شێوەیەك لەو ڕۆژنامەیە دەسەنرێتەوەو دەدرێتەوە بەرۆژنامەی ئازاد لەکاتێکدا حزب پارەیەکی خەیاڵی بۆ ڕۆژنامەکانی خۆی تەرخاندەکات؟**

**عەبد عارف:**

پێموایە بەزۆریو کەمی یان ئیمکانیاتی زۆری ڕۆژنامەنوسی حزبی ناتوانرێ رووبەری ئازادیی ڕۆژنامەنوسی کەم بکرێتـەوە، من بڕواموایە وەکو وتم بوونی ڕۆژنامە دیوێکی یان دیمەنێکی ژیانە کۆمەڵایەتیەکەیە، ئازادیی ڕادەربڕینیش لەناو ناوەرۆکی ئەو پەڕانەی کەپێیاندەڵێن: ڕۆژنامەو گۆڤار ڕەنگدەداتەوە، ئەگەر ڕۆژنامەی حزبی ئیمکانیەتی زۆریشیان هەبێت جاری وا هەیە لەتروسکاییەکی بچکۆلە، گۆڤارێکی ئۆپۆزسیۆن، ڕۆژنامەیەك بەهایەکی زۆر گەورەی ئازادی پەیدا دەبێت، لەبەرئەوە **ئەگەر ناهاوسەنگیش لەنێوان ئیمکانیاتی ڕۆژنامەی ئازادو ڕۆژنامەی حزبی هەبێت، هێشتا ڕۆژنامەی حزبی نەیتوانیوە قۆرخو داگیری لایەنی ئازادیی ڕادەربڕینو ئازادیی ژیان بەگشتی بکات، لەکاتێکدا**

**ناشتوانین بڵێین رۆژنامەنوسی حزبی هەمووی پرۆژەی تۆقاندنو داپڵۆسینی ئازادیی رادەربڕینە**، بەڵکو لەوێشدا سەنگێکی زۆری ئازادیی رادەربڕین هەیە، هەر هیچ نەبێت ئەو رۆژنامانە بەتایبەتی لەقۆناغی سەرەتایی دوای راپەڕیندا، رۆژنامەو گۆڤاری خاوەن نەهجی نەتەوەیی رزگاری نیشتمانی وڵاتەکە بوونو ئێستاش لەو سیفەتە بەدەرنین، بەڵام ئازادیی رادەربڕین هەر بریتییە لەرۆژنامەنوسیو راو حزب، بەڵکو پانتاییەکە لەوە گەورەترە، لەراستیدا رۆژنامەنوسی ئازاد بریتییە لەسفرەی جۆر بەجۆری راگەیاندن، بەو مانایەی سفرەیەکە هەموو تاموچێژو مۆزایکی چینو توێژە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەیە، لەهەموو رەنگێك، هەموو رەگەزێکی تێدایە، ئەمە وەکو ئومێدێك لەرۆژنامەنوسی کوردی هاتۆتە پێش، بەڵام من پێموایە نەگەیشتۆتە ئەوەی ئەو جۆراوجۆرییە کە سیفەتی بنەڕەتی ئازادیی رادەربڕینە بەتەواوەتی نەچەسپاوە، بۆ نمونە ئێستا لەنگەری بوونی رۆژنامەنوسی حزبیو غەیرە حزبی (ئازاد/ ئەهلی) هێشتا هاوسەنگ نییە، بەقەدەر ئەوەی کەکۆمەڵگەی کوردی ئەو هاوسەنگییەی پێویستەو بەقەدەر پرۆژەی سیاسی کوردی کەباس لەدیموکراسیو دادپەروەریو پرەنسیپی بەشداریکردنو نوێنەرایەتی چینو توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لەسیستەمەکانی وەکو پەرلەمانو دەزگای جێبەجێکردنو ئەوانە دەکات. واتە ئەم ئازادییە هەیە، ناشتوانرێ ببڕدرێت، داپڵۆسرێت، لەهەمان کاتیشدا، وەکو پێویست نییە، بۆیە من پێموایە ئەم ئەوشە دەڕوات، لەگەڵ ئەوەی رۆژنامەنوسی حزبی ئیمکانیاتی چەند سەدی ئەوەندەی تریش بێت، ناتوانێت رووبەرەکە بەرتەسك بکاتەوەو ناتوانێ تونێلێکی ئازادیی رادەربڕین بگرێ، لەبەرئەوە مەحکومە بەوەی بەخۆیدا بچێتەوە، پانتایی دەربڕینو ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەی حزبیدا دەبێ زۆر لەوەی ئێستا کەهەیە زیاتر فراوان بکرێ، هەروا کاتی ئەو هاتووە هەموو رۆژنامە حزبیەکان جارێکی دیکە بەخۆیاندا بچنەوە، بۆ ئەوەی هەمەرەنگیەکی باشترو فراوانتر هەر لەدارشتنی هەواڵێکەوە کەبەدەری بکەن لەنەفەسی راو لایەنگیری تاچاندنی چەندین بەهای تازەی مرۆیی ورژاندن، بەهای زۆر لایەن کەلەهەواڵدا نییە بەتایبەت لەرۆژنامەنوسی حزبیدا کەزیاتر بەهای سەرکردەو سیاسی بوونو حزبیبوون زاڵە، ئەو بەهایانە کەم بکرێنەوە بۆ ئەوەی بەها تازەکانی کە تەمسیلی هەمەجۆریی

کۆمەڵگەو سیستمی دیموکراسی ەکەن دەبێ زاڵ بکرێ، ئەوە بەهەمان شێوە لەوتارەکانیشدا رەنگ بداتەوە، لەستونەکانیشدا، لەهەموو ژانرەکان کەزانیاری بەهۆیانەوە دەگوازرێـەوە، دەبێ دەرفەتی فراوانتر دروست بکات، کۆمەڵگە خۆی بەپلەی یەکەم، دواتر دەسەڵاتیش یارمەتیدەر بێت هەروەکو چۆن حکومەتو دەسەڵات دەبێ دەرفەت بۆ ژیانو بژێوی خەڵك بڕەخسێنێ، بەهەمان شێوە دەبێ دەرفەت بۆ بەرکەوتنی هەر هاوڵاتیەك لەزانیاریش فەراهەم بکات، بەو مانایەی ئەگەر کۆمەڵگەیەك پێویستی بەپزیشکەو بەچەند هەزار کەسێك چەند پزیشکێکیان پێویستە، بەهەمان شێوە دەبێ بزانین هەر تاکێك چەند زانیاری دەوێ، چەند پێویستی بەزانیارییەکە کەبتوانێت بەشێوەیەکی ئاقڵانە، راست لەسەر بنچینەی بوونی زانیارییەکی دروستو هەقیقیو جوانو رۆشن، بۆ ئەوەی بینای رایەکی جوان بکات کەلەدواجاردا ئەو ڕایە پێکهێنەرێك دەبێ بۆ گەڵاڵەکردنی رای گشتیەکی تەندروست، خاوەن ئیرادەیە، ئەقڵانی، کەئێمە دەبێ لەسەر ئەو رێگەیە بەردەوام بین، بۆیە من پێموایە دەسەڵاتو حزب بیەوێ یان نەیەوێ ئەو رەوتە دەڕوا، باشترین چارەسەر ئەوەیە تا بۆی دەکرێ تەفەهومی ئەو گۆڕانە بکات، ئەگینا مەحکومە بەوەی هەتا سەر لەدوفاقێتی (ئیزدواجیەتی) ئەوەدا بژی، ئەوانەی کەپێویستە وەکو دیموکراسی قسەیان بۆ بکات. زمانێکی دیموکراسییان بۆ بەکاربهێنێو بۆ هاونیشتمانیو وەرگری کوردیش زمانێکی پێچەوانە قسە بکاو راستی لەگەڵ نەڵێت، هەروەکو چۆن بۆ نمونە لەپرۆژەیەکی ئابوری لەوڵاتی ئێمە باس لەسیستمی بازاڕی ئازاد دەکەین، بەڵام سەیر دەکەین بەشێوەیەك لەشێوکان ئیستغلالی ئەم یاسایە کراوە، حزبو حکومەت ئیستغلالی ئابوری ئەو وڵاتەیان کردووە بۆ خۆیان، کەچی لەدیوە دەرەکیەکەیدا بازاڕی ئازاد، ئەم دوفاقیە لەرۆژنامەنوسیشدا هەیە، من پێموایە هەر تا ماوەیەك سەر دەگرێت، دوایی هەمووی بەسەر یەکدا دەتەپێت، بۆیە پێویستە واقعی تر بیر بکەینەوە، ئەم سیستمە سیاسیەی کەئێمە بەڵێنمان پێ بەخەڵك داوە بمانەوێو نەمانەوێ بەس تەنها سەرەتاکەیمان جێبەجێ کردووە، بۆیە مەحکومین تاسەر لەگەڵیدا بمێنینەوە، مەگەر لەهەموو شتەکان پاشگەز ببینەوە، لەهەلومەرجێکدا سیستمی دیکتاتۆری بێتە کایەوە ئەوەش ئەمرۆ دنیا هەزمی ناکات.

**هێرش رەسوڵ: پێتوایە ئازادیی رۆژنامەنوسی لەئازادیی قسەکردندا کورتدەکرێـەوە، ئەگەر هاتوو کایەی سیاسی قسەکانی بەهێند وەرنەگرێت، واتا چەندە پێتوایە کەلێنێك لەنێوان کایەی سیاسی کوردیو میدیای کوردیدا هەیە؟**

**عەبد عارف:**

لەوەڵامەکانی پێشتردا بەشێوەیەك لەشێوەکان وەڵامی ئەو پرسیارەم دایەوە، من پێموایە ئێستا لەنێوان دەسەڵاتو میدیادا دووفاقیەك هەیە، لەمێژووی رۆژنامەنوسی ئێمەدا دابەشکاریەك هەیە لەسەر قەڵەم، کەسێك کە قەڵەمێك بەدەستەوە دەگرێت تاچەند لەگەڵ خوددی خۆیدا هەقیقییە؟ پێموایە نوسەری کورد، قەڵەمی کوردی لەمێژە لەژێر فشاری جۆربەجۆری وەکو دابونەریتو ترسو تۆقان لەمێژوو لەنەوەکانی ئایندەو هەندێکجاریش لەترسی بەرپرسو هەندێکجاریش لەترسی رازیکردنی سەروو خۆت، قەڵەمەکان کاتێك دەنوسن دەچنە تەقسێکی غەیبانی واوە ئەوەی کەبەرهەمی دەهێنن راستەوخۆ رەنگدەرەوەی پرۆسە هاوچەرخە سروشتیەکان نین، بەڵکو یەکسەر بەکۆمەڵێك فاکتەری دیکە جێبەجێ دەکرێت، فاکتەری تر دێنە پێشێ کەفاکتەری سایکۆلۆژی، سیاسی، یاسایی، کە ئەمانە کاریگەری زۆر لەسەر نوسین دروست دەکەنو دواجار ئەوەی لەسەر لاپەرەی رۆژنامەکان لێدەبێتەوە، جاری وا هەیە سەیر دەکەی دووفاقیەکی دەربڕین هەیە لەنێوان رای راستەقینەی حزبو ئەوەی کە لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەیەکدا هەیە، واتە ئەو دوفاقیە لەوەشەوە رەنگدەداتەوە، ئەوەی کەلەرۆژنامە دەوترێ راست ئەوە نییە کە حزب بیری لێدەکاتەوە، ئەوەی کەنوسەرێكو خاوەن بیروڕایەك دەریدەبڕێت راست ئەوە نییە کە بەڕاستی بیری لێدەکاتەوە، کۆمەڵێك فاکتەر تائێستا ونن کەئەوە لەئەنجامی نادڵسۆزی ئێمە لەبەرامبەر واقیعەکەمان سەرچاوەی گرتووە، ئەمە بەشێکە لەو کەشە کارەساتاویەی کە بەسەر فکری ئێمەدا هاتووەو دواجار ئەم پاشاگەردانییە زۆرەی لێکەوتۆتەوەو ئەم سروشتە گەورە گەورەو جۆربەجۆرانەی لێهاتووە، بۆ نمونە ئەگەر لەلۆژیك بپرسیت پێم غەریبە پیاوێك شۆڕشگێڕە، تەمەنی لەشاخ

بردۆتە سەر، لەناخەوە بۆ نەتەوەکەی کارو خەباتی کردووە، کەچی زۆر بەئاسانی بەخۆی ڕەوا دەبینێ پێی بڵێن: گەندەڵ، بەخۆی ڕەوا دەبینێ پێی بڵێن: خاوەنی سەیارەو کۆشکو موڵکو ... تاد. لۆژیك ئەم دوفاقیە قبوڵناکات، ئەی بۆ قبوڵ کرا؟ پرسیارەکە لێرەوەیە، بۆ بەرپرسێك ئەمە قبوڵ دەکات؟ شتێك لەگۆڕێیە کەمانای ئەوەیە کەموکوڕییەك هاتۆتە پێشێ، ئەم گرفتە لەناو هەگبەی خۆیدا جۆرێك لەوەڵامی ئەو پرسیارانەی هەڵگرتووە کە دەبێ منو تۆ وەك ڕۆژنامەنوس بەدوایدا بگەڕێینو پێی بگەین، هەروا ئەو جۆرە ئەرکانە دەبێ لەدواجاردا لەم خاڵانە یەکبگرنەوە.

**هێرش ڕەسوڵ: چی بکرێت بۆ ئەوەی لەکوردستان میدیا ببێتە (دەسەڵاتی چوارەم)، لەکاتێکدا بۆ بوونی میدیا بەدەسەڵاتی چوارەم، پێویستمان بەدڵگەورەیی هەریەك لەدەسەڵاتەکانی تر هەیە، ئەم هاوکێشەیە لەکوردستان چۆن دەبینیو چ هەنگاوێك بۆ ئەم قۆناغە بەپێویست دەزانی؟**

**عەبد عارف:**

من پێموایە سوخرییەتێك لەنێوان ناونان لەدەسەڵاتی چوارەمو سێ دەسەڵاتەکەی تر هەیە، واتە جۆرێك لەگاڵتەجاری خۆی لەنێو ئەو قسەیەدا هەڵگرتووە، لەکاتێکدا جۆرێك لەمەجازیەتیش هەیە. ئێمە دەڵێین: گوایە بیستراوەو لەسەردەمی پەرلەمانی ئینگلیزیو لەئێستای فەرهەنگی میدیاو سیاسەت هەیە لەدوای سێ دەسەڵاتەکەی تر (میدیا) وەکو دەسەڵاتی چوارەم دێت، خۆی مەجازییەتەکە لەوەدایە نابێتە (دەسەڵاتی چوارەم)، زنجیرەی چوارەمی نییە. لەڕاستیدا ئەگەر ئەو دەسەڵاتەت ئەژمارد، تەرقیمت کرد بچوکی دەکەیتەوە، چونکە لەڕاستیدا دیوی ئەمدیوە، کاردانەوەی ئەمدیوە، ئاوێنەی هەر سێ دەسەڵاتەکانی ترە، نەك زنجیرەی چوارەمی وەرگرتبێت، پێموایە ئەوانەی بەمیدیا دەڵێن دەسەڵاتی چوارەم بچوکی دەکەنەوە بۆ قۆناغێك، بۆ ئاستی سێ دەسەڵاتەکەی دیکە، بۆیە پێموایە ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی گشتگیرو

گەورەیەو شێوەی بازنەیی هەیە، نەك زنجیرەیی، هەروەها دەوری هەر سێ دەسەڵاتەکەی تری داوە، بەو مانایەی لەژیانی واقعی ئێمەدا ئەوەی کەناومان نا دەسەڵاتی چوارەم بریتییە لەدەسەڵاتو ئاستی پەیوەندیکردنی خەڵك، هەتا بەکارهێنانی ئامرازەکانی راگەیاندن، لەکوێدا؟ تا چ رادەیەك ئەو ئامرازانە دەتوانن وێنەیەکی راستەقینەی واقیعی خۆمان پیشانی خەڵکیش بدەنو پیشانی دەسەڵاتیش بدەن، ئەمە بەلای منەوە گرنگە شتە جەوهەریەکەی ئێمەی تێدایە کە بریتییە لەئازادیی رادەربڕین، ئەگینا ئەم هاوکێشەیەی لەکوردستاندا چی بۆ بەپێویست دەزانین بۆ ئەوەی وای لێبێت؟ بۆ ئەوە چەند خاڵێك پێشنیار دەکەم، کە دەتوانم بڵێم پەیوەندییان بەتەواوی پرسیارەکانی پێشووشەوە هەیە:

- باری سیاسی: گەشەکردنێکی سیاسی راستەقینە لەکوردستاندا رووبدات، ژیانی حزبیو ئازادییەکانی پێکەوەنانی حزبو گروپو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئازادیی رادەربڕین لەدیمەنەکانی فرەییو زۆریو جۆربەجۆریو جۆرە رەگەزە جیاواز جیاوازەکانی پەیامەکان لەمیدیا جۆربەجۆرەکاندا.
- دروستکردنی زەمینەی دروستو تەندروست بۆ گەشەکردنێکی راستەقینەی میدیاکان لەرووی ئابوریەوە، واتا رەگەزی ئابوریش بەشێوەیەك لەشێوەکان رۆڵ لەو مەسەلەیەدا دەبینێت، بۆیە ئەمە جۆرێك لەلایەنگیری تێدایە بەشێوەیەکی سروشتی کاتێك دەبینین رۆژنامەیەکی حزبی کەلەراستیدا سەروەتی ئەو حزبەکەهەر لەخەڵكو ئیمکانیاتی ئەو وڵاتەوە هاتووە، ئەمە مافو هەقی کەسیچكو دامەزراوەیەکی راگەیاندنە، جا بەشێوەیەکی راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ دەبێ هاوسەنگی بکرێت بۆ دروستکردنی زەمینە بۆ رۆژنامەیەکی ئازاد، رۆژنامەیەکیش کەگوزارشت لەحزبێك بکات، کەپێویستە حکومەت ئەوە رێکبخات بەشێوەیەك لەشێوەکان، کەئەوە نەکراوە، خۆشمان دەزانین کە لەهەواڵێك، رێپۆرتاژێکدا وەکو باسمانکرد زۆر لەسەر لایەنێكو کەم لەسەر لایەنی بەرامبەر بدوێین خۆی جۆرێك لەجۆرەکانی لایەنگیرییە، ئەو پارەو بەشە ئابورییەی کە دەدرێتە حزب، لەراستیدا، پارەی

خەڵك بێ، واتا لێرە هاوسەنگیەکەی دیسان رانەگرتووەو ئەوەش ئەو گرفتە دروستدەکات کەجۆرێك لەپاشاگەردانیو ناهاوسەنگی هەیە لەمیدیای کوردیدا.

- فاکتەرێکی زۆر گرنگ کەبەلای منەوە رۆڵ لەم مەسەلەیەدا دەبینێت پێشخستنی یاساکانە، یاسای رۆژنامەنوسی لەوڵاتی ئێمەدا هێشتا زۆر لەدواوەیە، زۆر برگەی تێدایە گشتیو گشتگیرن، زۆر خاڵی تێدایە مانیعن، بەشێوەیەکی گشتیش دەستور، لەدەستوری وڵاتەوە تا دەگاتەو برگە بچکۆلەکانی یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنوسیو راگەیاندن پێویستی بەچاوپێداخشاندنەوەو گۆرانو پێشخستنە.
- خاڵێکی تر، مەسەلەی پیشەییە، ئێمە **لەمێژووی هاوچەرخی خۆماندا رۆژنامەنوسیمان تەنها لەخانەی حزبییەوە گەشەی کردووە، تەنها لەناو لۆژیکی حزبدا گەورەبوون، لەبەرئەوە رۆژنامەنوسەکانیشمان ئالودەی فکرو جۆرە بیرکردنەوەیەکی حزبی بوون کەلەدەرەوەی حزب زەمینەیان بۆ نەخوڵقاوە دنیا ببینن، لەدەرەوەی ئایدۆلۆژیا دنیا ببینن،** ئەوانە پێویستیان بەگۆرانە، بەپێشخستنە، پێموایە لەوانە: کردنەوەی خولو گواستنەوەی ئەزموون لەدنیاو وڵاتە پێشکەوتوەکان کەلەهەموو بوارەکان دەمانەوێ بەتایبەتیش لەبواری رۆژنامەنوسیدا پێویستمان پێیە، بۆ نمونە ئێمە لەم وڵاتەدا چوار ئەزموونی بچکۆلەی خوێندنی راگەیاندنمان هەیە بەکەمترین گرنگی پێدانەوە، من لەیەکێك لەو دەزگا فێرکاریانەی رۆژنامەنوسی کاردەکەم، هەمیشە بەزەییم بەحاڵی ئەو بەشەدا دێتەوە، دواجار بەزەییم بەحاڵی خۆمدا دێ لەبواری زانستیەوە، بوارەکانی تر ناڵێم، بۆ نمونە: هیچ کام لەو بەشانە چاپخانەیەکی خۆی نییە، تائێستا رادیۆیەکیان نییە، هۆڵێك، شوێنێکی نییە بۆ دارشتنو فێرکردنو چەندین هۆکاری تر، بۆیە تیۆریبوون بەسەر هەموو خوێندکارەکاندا زالەبەسەر فێربوونو بیرکردنەوەیاندا، ئەمەش بۆ خۆی مانای بێ ئیمکانێتییە، بۆ نمونە: لەساڵانی هەشتاکاندا لەبەشی راگەیاندنی کۆلیژی ئادابی زانکۆی بەغدادا (٨٥) کامێرامان هەبوو، بەڵام ئێستا بەهەموو بەشەکان (١٠) کامێرایان نییە.

- جگەلەوە جدیەتێکیش نییە لەکاروچالاکی باش‌و موعتەبەر لەدامەزراوەی پەیوەست بەرۆژنامەنوسان وەکو سەندیکای رۆژنامەنوسان، نەبوونی هەمەجۆری لەرێکخراوەکانی رۆژنامەنوسان، ئەمانە هەمووی بەیەکەوە زەمینەی ئەوە دروستدەکەن رۆژنامەنوسی ئێمە بچێتە ئەو ئاستەی کە پێویستە.

**عەدنان عوسمان** – سەرنووسەری ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە" (*)

**لەتەوەری:**

**میدیای ئەهلیو ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی**



**"بۆشایی لەنێوان نێوەندی سیاسیو ڕۆژنامەنووسی لەکوردستاندا زۆرە"**

* ئەم دیدارە لە نیسانی ٢٠٠٧ دا سازکراوە. ئەوکاتە (عەدنان عوسمان) سەرنووسەری ڕۆژنامەی "هاوڵاتی" بوە.

## عەدنان عوسمان

- سالّی ١٩٦٦ لەناوچەی شێخ باوە کە دەکەوێتە نێوان کەلار و جەلەولا لەدایکبوە.
- تا قۆناغی سێیەمی بەشی زمانی ئینگلیزی لەبەغدا خوێندوەو سالّی ١٩٨٩ بەهۆی بەشدارینەکردنی لەجەیشولشەعبی لەزانکۆ دەرکراوە.
- لەهەشتاکانەوە بەشداری چالاکی سیاسی کردوە.
- سالّی ٢٠٠٠ نوێنەری رۆژنامەی "هاولاّتی" بوە لەئەوروپاو پاشان بۆ ماوەیەك سەرنووسەری هەمان رۆژنامەی وەرگرتوە.
- ئێستا سەرنووسەری رۆژنامەی "رۆژنامە"یە.

**هێرش ڕەسوڵ: ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەدوای ڕاپەڕین تاچەند فەزای بۆ ئازادیی ڕادەربڕین ڕەخساندووە؟**

**عەدنان عوسمان:**

کە باس لە ڕۆژنامەنوسی کوردی پێش ڕاپەڕین بکەین دەبێ ئەوەمان لەبەرچاوبێت کەوا ئێمە لەدوای ڕاپەڕینەوە ڕاستەوخۆ ڕوبەڕوی ڕۆژنامەی حزبی بوینەوە نەوەك ڕۆژنامەی گشتی، یا سەربەخۆ. بۆخۆی ڕۆژنامەی حزبیش کۆمەڵێك میکانیزم هەیە زاڵە بەسەریداو بەناچاریش پەیڕەوی لێدەکات. دوای ڕاپەڕین ئێمە شاهدی هاتنە پێشەوەی کۆمەڵێك ڕۆژنامەی حزبی سەر بەحزبەسیاسیەکانی گۆڕەپانی کوردستانین کە هەریەکە لەهەوڵی ئەوەدا بوو گوزارشت لەراوبۆچونی حزبەکەی خۆی بکات. بەڵام زۆری ئەو ڕۆژنامانەو ململانێو جیاوازی بیروڕاو بۆچونو بەرژەوەندی ئەو حزبانە لەگەڵ یەکتر وایکرد تارادەیەك بوارێك بۆ ڕای جیاواز بکرێتەوە. بەڵام ئەمە هێشتا هەر لەسنورێکی بەرتەسکدا بوو، یا نەدەکرا لەڕۆژنامەیەکدا بیروبۆچونە دژبەیەکەکان کۆبکرێتەوە. هەندێ تاقیکردنەوەی هەتیوانەش نەیتوانی ئەو مەوداو هەوڵانە فراوانتر بکاتەوە. بەڵام گۆڤارەکان تا ڕادەیەك توانیان ئەو بۆشاییەی نەبونی ڕۆژنامەی سەربەخۆ پڕبکەنەوەو هەندێ هەوڵی باش هەبوو بۆ فەراهەمکردنی بواری زیاتر بۆ ڕای ئازاد. هەوڵی جدیو ڕاستەقینە لەڕاستیدا لەدوای ساڵی ٢٠٠٠ ەوە دەستپێدەکات لەگەڵ لەدایکبونی یەکەمین هەفتەنامەی گشتیو سەربەخۆی بەردەوامدا کە ئەویش "هاوڵاتی"یە.

بەڵام گەر بەگشتی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە ئەوا دەبێ بڵێین ڕۆژنامەی کوردی هەوڵێکی باشی داوە بۆ ڕەخساندنو چەسپاندنی ئەو فەزایەو بەردەوام

ئیشی لەسەر بەرینترکردن‌و فراوانکردنی ئەو فەزایە داوە، هەرچەند بەگوێرەی پێویست نەبوبێتیش، بەڵام هەستدەکرێت بەئاراستەی ئەو ئامانجە دەڕوات.

**هێرش ڕەسوڵ: گومان پرۆژەیەکە لەبەرامبەر ڕۆژنامەی ئازاد بەوەی گومانی حیزبیبوون تواناکانی پەکدەخات؟ ئایا مەرجە ڕۆژنامەی ئەهلی پەیوەندی بەدەزگا سیخوریەکانەوە هەبێت؟**

**عەدنان عوسمان:**

ئەم پرسیارە زۆر بەوردی نارەحەتی‌و ئازارەکانی لەدایکبونی ڕۆژنامە ئەهلی‌و سەربەخۆکان دەردەخات. دەزانن کە ئێمە هەر لەسەرەتاوە غەرق بوین لەکۆمەڵێك ڕۆژنامەی حزبی ئاراستەکراو. ڕۆژنامەنوس‌و نوسەرانمان دابەشببونە سەر ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە. قووتبونەوەی ڕۆژنامەیەك جیا لەو عورفی ڕۆژنامەنووسیە باوەو بەئاراستەیەکی جیاوازەوەو ئیشکردن لەسەر هەواڵ‌و گواستنەوەی بەبێلایەنانە، ئەمانە کۆمەڵێك هەوڵ بون کە بەئاسانی قبوڵنەدەکرا. کاتێك حزبەکان دەستیان بەسەر هەموو سەرچاوەکانی داهاتی ئابوری‌و بڕیاری سیاسیدا هەبێت‌و هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ خۆیان ئیحتیکار بکەن، کارێکی ئاسان نابێت ڕۆژنامەیەك لەو نێوەدا دروست ببێت‌و بیەوێت بەئیمکاناتی خۆی بەردەوامی بەژیانی خۆی بدات‌و چاوەڕێی دەیان پرسیارو گومان نەبێتەوە. ئەگەر "هاوڵاتی" بەنمونە بهێنینەوە ئەوا بەسە بۆ ئەوەی بڵێین هەر لەسەرەتاوە ئەم پرۆژەیە خرایە ژێر پرسیارو گومانێکی زۆرەوەو ساڵانێك دەسەڵاتی هەردوولا ئیشیان لەسەر ئەوە بوو ئەو هەوری گومانە نەڕەوێتەوەو بەردەوام بێت. ئەوەش کاردانەوەیەکی زۆر خراپی هەبوو.

لەراستیدا کێشەکە تەنها لەلایەن دەسەڵاتەوە نەبوو، بەڵکو زۆر ڕۆشنبیری ئێمە کە ساڵانێك ڕاهاتبون لەسەر ڕۆژنامەنووسیی حزبی‌و ئایدۆلۆژی‌و زۆربەشیان بەسەر حزبەکاندا دابەش ببون، زەحمەتبوو بۆیان بڕوا بەوە بهێنن کە لەتوانادا هەیە لەم وڵاتەدا ڕۆژنامەیەك هەبێت ئازادانەو بوێرانە قسە بکات‌و سەر بەهیچ لایەنێك نەبێت، یا هیچ کەسایەتیەکی سیاسی گەورە لەپشتیەوە نەبێت. بەداخەوە

ئـەم عەقڵیەتـە لـەنێو زۆر لایـەنو کەسـدا هێـشتا بـرەوی هەیـەو هێـشتا گومـانی سەربەخۆیی بۆ خۆی لایەنگری هەیە.

**مەرجی سەرەکیو تەنانەت تاکە مەرج بۆ ئەوەی بەرۆژنامەیەك بڵێن سەربەخۆ یـا ئەهلی ئەوەیە کە هیچ پەیوەندیەکی ئۆرگانیکی بەهیچ لایـەنێکی سیاسـیو حزبـیو دەوڵەتیەوە نەبێت، چ جای دەزگای سیخوڕی.**

**هێرش رەسولْ: ئایا لەکۆمەڵگایەکـدا کـە توانـای قبـوڵکردنی رەخنـەی لاواز بێـت، ئاسانە بتوانین میدیای ئازادمان هەبێت؟ چۆن؟**

**عەدنان عوسمان:**

مەرج نیە رۆژنامەنوس چاوەڕێی ئـەوە بێـت هـەموو زەمینـەکانی کـاری رۆژنامەنووسـیی ئازادانـەی بـۆ فەراهـەم بکرێـت ئـەوکات بـیر لـەدەرکردنی رۆژنامەیەك یا کەناڵێکی راگەیاندن بکاتەوە. ئەوە هەوڵێکی دوو سـەرەیە، چـونکە بۆ خۆی بەشێك لەهەوڵو پـەیامی رۆژنامەنوسـیش فراوانکردنـی پانتـایی ئـازادیو دروسـتکردنو بـەهێزکردنو چەسـپاندنی گیـانی رەخنـەگرتنو رێزگرتنـە لـەبیرورا جیاوازەکـان. رۆژنامـە دەتوانێـتو دەبـێ رۆڵێکـی سـەرەکی لـەو رووەوە ببینێـتو لەسەنگەری پێشەوە بێت بۆ دروستکردنی ئەو گیانە. میدیای ئازاد بـەمانای بـونی رای ئازادو جیاوازو تێگەشـتنی هەمـەجۆر لەمەسـەلەکانی نێـو کۆمـەڵگا. بـەوەش توانای قبوڵکردنی رەخنەگرتنو رەخنە قبوڵکردنیش بەهێز دەبێت.

کارەسـاتێکی گەورەشـە رۆژنامەنوسـی ئێمـە بـەبیانوی لاوازی رۆحـی رەخنـە قبوڵکردن ئەرکەکانی خۆی فەرامۆش بکاتو تەسلیم بەو واقعە ناڕاستە بێت.

**هێرش رەسـولْ: دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لەبەرامبەر رەخنەدا توشـی دەمـارگرژیو تورەبوون دێت، چۆن دەکرێت میـدیای ئـازاد لەگـەڵ دەسـەڵاتێکی تورە بەرهەم بێنین، تاچەند پێتوایە بۆشایی لەنێوان میدیای کـوردیو کایەی سیاسیدا لەکوردستان هەیە؟**

**عەدنان عوسمان:**

بۆشـــایی لـــەنێوان نێوەنـــدی سیاســـیو ڕۆژنامەنووســـی لەکوردستاندا زۆرە. لێکتێنەگەیشتنو گومـان لەیـەککردن لەبـەرزترین ئاسـتیدایە. لەهەردوولاشەوە دەمارگرژی هەیە، هەرچەندە دەسەڵات زیاتر لـەوە بەرپرسـیارە. خستنەڕوی لایەنە سلبیەکانی کۆمەڵگاو رەخنـەگرتن لەهەڵسوکەوتی سیاسـیەکان بەچـاوی گومـانو قینــەوە سـەیر دەکرێـت. بـەڵام قـسەیەکی بێمانایـە گـەر ئێمـە چاوەڕێی ئەوە بین توڕەیی دەسەڵات بنیشێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە میدیایەکی ئـازاد بەرهەم بهێنین، یا چاوەڕێی ئەو ساتەوەختە بین کە سیاسیەکانی ئێمـە بەتـەواوی لەئەرکـەکانی ڕۆژنامـە تێبگـەن. **کــاری ڕۆژنامەنووســی کــارێکی جەنگاوەریانــەی بەپــشووەو دەبــێ لەهــەموو زەمینەکانــدا کــار بــۆ ئــەوە بکــات بوارەکــانی ئــازادیی رادەربڕین و رەخنەگرتن فراوانتر بکاتو برەوی پێبدات.**

**هێرش رەسـوڵ: پێتوایە میدیای ئەهلی لەکوردستان (باشـور) تـوانیبێتی مـەوداکانی ئازادیی رادەربڕین فراوان بکات؟ چۆن؟**


**عەدنان عوسمان:**

بــەڵێو بەدڵنیاییــەوە دەتــوانم بڵــێم میــدیای ئــازاد توانیویــەتی مەوداکانی ئـازادی فـراوان بکـات، بـەڵکو دەتـوانم ئـەوەش بڵێم کـە ئـەوە میـدیاو بەتایبەت ڕۆژنامە ئازادەکان بوون کە توانیان نەك هەر ئەو مەودایانە فراوان بکەن، بەڵکو بیـشی خـوڵقێنن. ئـەو قارەمانێتیـەی ڕۆژنامـە سـەربەخۆکان لـەم سـاڵانەی دواییـدا نوانـدیان، کاریگـەری گـەورەی بەسـەر ژیـانی ئێمـەوە هـەبووەو ڕۆڵێکـی گەورەشی گێڕاوە لەبەرینکردنی ئەو ئازادیە نسبیەی لەم وڵاتەدا هەیە.

**فەرهاد عەونی** – نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان(*)

**لەتەوەری:**

**سەندیکا، ماف، ئازادیی رۆژنامەنووسیی**



**"لەروانگــەی ئــازادیی رادەربڕینــدا، هەندێجار هاووڵاتیـان یـاخود دەسـەڵاتی سیاسی تەجاوزیان دەکرێت"**

* ئەم دیدارە لە ئابی ٢٠٠١ دا سازکراوە.

## فەرهاد عەونی

- لە۱۹٤٦/۱۱/۲۸ لەگەڕەکی (بەفریقەندی) لەشاری کۆیە لەدایکبووە.
- سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی ناوەندی هەر لەکۆیە تەواوکردووە.
- ساڵی ۱۹۷۰ کۆلێژی (ئابووری‌و زانستە سیاسییەکان) ی لەزانکۆی بەغداتەواوکردوە.
- لەسەرەتای ساڵی ۱۹۷۲ بۆتە (بەڕێوەبەری کارگێڕی رۆژنامەی التآخي‌و برایەتی) لەبەغدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکرد، بەڵام لەهەمان کاتدا جێگای بڕوای سەرنووسەری خوالێخۆشبوو دارا تۆفیق بووە، هەر بۆیە وەکو سەرپەرشتکاری بابەتەکانی برایەتی پێ راسپاردووە.
- ساڵی ۱۹۷٤ جارێکی دیکە بۆتە پێشمەرگەو لە(ئەمانەتی رۆشنبیری‌و راگەیاندن‌و لاوان) پۆستی بەڕێوەبەری گشتی لاوانی وەرگرتووەو کە هەر لەم ساڵەدا (تۆپی پێی هەڵبژاردەی کوردستان)ی پێکهێناوەو دوو ژمارەی لەگۆڤاری (دیاری لاوان) دەرکردووە.
- لە۱۹۹۳/۱۰/۲٦ بۆتە سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەی برایەتی تاکو ۲۰۰۰/۲/۲۰ لەم پۆستەدا ماوەتەوە. لەهەمانکاتدا سەرنووسەری گۆڤاری سەنتەری برایەتی‌و هەفتەنامەی برایەتی ئەدەب‌و هونەر و، رۆژنامەی وەرزشی برایەتی بووە.
- سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوەو لەکۆنگرەی یەکەمی ئەم سەندیکایە وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبژێردرا، دیسان لەکۆنگرەی دووەمیشدا هەر بەنەقیبی رۆژنامەنووسان هەڵبژێردرایەوە.
- لەم سەندیکایە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (رۆژنامەنووس)و سەرنووسەری رۆژنامەی (الصحفی)یە کە بەزمانی عەرەبی دەردەچێت.

- لێپرسراویەتیو بەشداری لەدەرچوونی ئەم رۆژنامەو گۆڤارانە هەبووە: نضال الطلبة ١٩٧٠-١٩٧٢) چوار ژمارە، التآخيو برایەتی بەغدا ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٤، گۆڤاری دیاری لاوان ساڵی ١٩٧٤ لەناو شۆڕش لەگەڵ خوالێخۆشبوو شەهید (دارا شێخ نوری)، ژینۆ کە لەلەندەن لەلایەن شێرکۆ حەبیب-ی ئامۆزای دەردەچێت، کوردستان الیوم لەگەڵ شێرکۆ لەهەولێر دەریان دەچواند.
- لەساڵی ١٩٩٣وە ئەندامی هەردوو مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنو مەکتەبی ناوەندی دیراساتو لێکۆڵینەوە بوە لە(پ.د.ك) تاکو ساڵی ٢٠٠٢.
- لەساڵی ٢٠٠٣ەوە ئەندامی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ)یە.
- لەساڵی ١٩٧٠ەوە دەستی بەنووسین کردووە لەبواری سیاسی ماوەیەك لێپرسراوی لاپەڕەی قوتابیان بووە لەالتآخي (١٩٧٠- ١٩٧٢)، تاکو ئێستاکە بەسەدان بابەتو لێکۆڵینەوە سیاسی سەروتارو نووسینی جۆراوجۆری بڵاوکراوەتەوە، بەهەردوو زمانی عەرەبی کوردی لەرۆژنامەو گۆڤارەکانی کوردستان.
- نامیلکەی چاپکراوی هەیە بەناوی (پێشەکیەك لەمێژووی رێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان ١٩٥٣-١٩٩٢).
- بەنۆ زنجیرە لەگۆڤاری رۆژنامەنووس ئەزمونی رۆژنامەنووسیی خۆی بڵاوکردۆتەوە.
- خێزاندارەو کوڕو کچێکی هەیە.

**هێرش رەسوڵ: تاچەند ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی ئامادەگی هەبووە؟ چۆن؟**

**فەرهاد عەونی:**

پێوەری ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی یاخود لەکوردستان بەشێوەیەکی بەرچاو ئامادەگی هەبووە، بەرادەیەك سەرەرای بوونی دەنگی هەموو لایەنە سیاسییەکانی سەر گۆرەپانی کوردستان لەگەڵ ئەو چین و توێژانەی کە نوێنەرایەتیان دەکەن، ئەوجا لەوپەری راست تا ئەوپەری چەپ، بەئیسلامیی و دیموکراتخوازو نەتەوەخوازەوە، بەرادەیەك کەرۆژانە بەبێ بوونی سانسۆر ئەو راستییە دەبەخشێ، کەئازادیی رادەربڕین شێوازێکی تایبەتیش بەخۆیەوە دەبینێ، کەتێیدا زۆرجار لەروانگەی ئازادیی رادەربڕیندا هەندێجار هاوولاتیان یاخود دەسەلاتی سیاسی (تەجاوز)یان دەکرێت و هەندێجاریش لەدەزگاکانی دەسەلاتی سیاسی پەنا دەبەنە بەر یاساو دادگا بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان، کەتەفسیرەکەی لای هەندێ لەرۆژنامەنووسان وا لێکدەدرێتەوە کەبەرتەسککردنەوەی پانتایی ئازادیی بیرورایە. بەمەبەستی رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان و نەهێشتنی ئەو لێکناحاڵیبوونە، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ماوەیەکی دوورودرێژ سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژەیەك بوو بەناوی (پرۆژەی رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لەکوردستان) کەئێستا لەبەردەم پەرلەمانی کوردستانە، بەو هیوایەی کەبڕیاری لەسەر بدرێت، کەبێگومان دەبێتە هۆکاری زامنکردنی ئازادیی رۆژنامەنووسیی و رێکخستنی کارەکە لەهەموو بوارەکاندا.

**هێرش رەسوڵ: رۆژنامەی حیزبی لەئێستادا کـۆنترۆڵی گۆڕەپانەکـەی کـردووە، ئـەو گۆڕەپانە بـەچ شـێوەیەك لـەو رۆژنامەیـە دەسـەنرێتەوەو دەدرێتـەوە بەرۆژنامــەی ئــازاد، لەکاتێکــدا حیــزب پارەیــەکی خــەیاڵی بــۆ رۆژنامەکانی خۆی تەرخاندەکات؟**

**فەرهاد عەونی:**

بەنـسبەت وشـەی کـۆنترۆڵکردنی گۆڕەپانەکـە لەلایـەن رۆژنامـەی حیزبییەوە لەکوردستان، بەڕای مـن ئامانجەکـە ناپێکـێ، چـونکە وشـەی کـۆنترۆڵ بەمانایەك لێکدەدرێتەوە، بـەلاّم ئەگـەر بلّـێین بـوونی رۆژنامـەی حیزبـی بـەژمارەو بەقەبارە لەگۆڕەپانەکە زۆرتـرە کەتێیـدا لـە ٧٥٪ ی داگیرکـردووە، بـەڵێ راسـتە، بەلاّم لەسەر حیسابی رۆژنامەی ئەهلی نییە، چونکە رێگـاش لـە رۆژنامـەی ئـەهلی نەگیراوەو هەر کەس ئازادە لەدەرکردنی رۆژنامە بەپێی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ و هەموارکراو، بەلاّم بۆ ژمارەی رۆژنامەی ئەهلی کەمترە بـەژمارە، ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە (مادی)یەکە، چـونکە تـاکو ئێـستاکە ئـەم بـوارە قـازانجی مادی تێدا نییە، کەئەوەشیان هۆکاری زۆرە، کە لەپێشەوەیان نـەبوونی رێکلامـەو رۆژنامەنووسـیش لەسـەر فرۆشـتن هـیچ قـازانجی تێـدا نییـە، بـەلاّم لەبەرئـەوەی حیزبەکان بودجەی بەرچاویان بۆ ئەم بوارە تەرخانکردووە، بێ ئـەوەی مەسـەلەی قـازانج لێکبدرێتـەوە، بۆیـە گۆڕەپانەکـە ئـەو لایەنـەی پێـوە دیـارەو ئەمەشـیان قۆناغێکــەو دەشــبینین رۆژانــە رۆژنامــەو گۆڤــاری ئــەهلیو نیمــچە ئــەهلی لەزیادبووندایە.

**هێــرش رەســوڵ: پێتوایــە ســەندیکای رۆژنامەنوســان لەئاســت مــافو ئــازادیی رۆژنامەنووسان هەنگاوی جیدی نابێـت، لەکاتێکـدا وەك زۆربـەی سەندیکاو رێکخراوەکـانی تـری هـەرێمی کوردسـتان وابەسـتەی حیزبو دەسەلاّتی سیاسییە؟**


**فەرهاد عەونی:**

**باوەڕ ناکەم هیچ سەندیکاو ڕێکخراوێك لەسەر گۆڕەپانی کوردستان هەبێت، توانیبێتی وەکو سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، خزمەتی توێژی خۆی کردبێت،** لەچوارچێوەی یاسای سەندیکاو دروشمە سەرەکییەکەی‌و لەئایندەشدا ئەم ڕاستییە زیاتر لەڕاپۆرتی گشتیی ئەنجومەنی سەندیکا دێتە بەرچاو، کەپێش بەستنی کۆنگرەی دووەم بڵاودەکرێتەوە، بەڵام چونکە ڕۆژنامەنووسان بەتەواوی ئاگاداری کارو چالاکییەکانی سەندیکا نین، بۆیە هەندێ جار ئەم مەسەلەیە دێتە ئاراوە، کەلێرەدا بەداخەوە دەزگاکانی ڕاگەیاندن وەکو پێویست باس لەکارو چالاکییەکانی سەندیکا ناکەن، بۆ نموونە لەناوەڕاستی مانگی ئابی ئەم ساڵەوە گەورەترین پرۆسەی هەڵبژاردن نوێنەرانی کۆنگرەی دووەم ئەنجام دەدرێ لەهەموو لقەکانی سەندیکا لەکوردستان، لەکەشوهەوایەکی زێدە دیموکراتییانە، بەبێ هیچ فشارو دەست خستنەکار، بەڵام تاکو ئێستاکە یەك ڕۆژنامە لەم وڵاتە ڕیپۆرتاژێکی لەسەر ئەم پرۆسەیە بڵاونەکردۆتەوە، سەیریش ئەوەیە پرۆسەکە لەخودی ناومالّی ڕۆژنامەنووسان ئەنجام دەدرێت، بەڵام ئەگەر ئاهەنگی (ئەصاڵە میسری‌و هیسم یوسف) با ئەوە دەتدیت کە چ "حەشرێك"ی بۆ دەکرا..

**فەرید ئەسەسەرد** - نووسەرو لێکۆڵیار (*)

**لەتەوەری:**

**ئازادیی رادەربڕین و کایەی سیاسی لەکوردستاندا**



**" هەڵوێست وەرگرتن لەمەسەلەی ئازادیی رادەربــڕین بەرژەوەنــدیو ئایــدیۆلۆژیای لەپشتەوەیە"**

* ئەم دیدارە لەشوباتی ٢٠٠٧ دا سازکراوە.

## فەرید ئەسەسەرد

- ساڵی ١٩٥٦ لەهەولێر لەدایکبوە.
- ساڵی ١٩٧٨ خوێندنی زانکۆیی لەبەشی دەروننناسی لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد تەواونەکردوەو هەمان ساڵ بوەتە پێشمەرگە.
- ماوەیەك لێپرسراوی بەشی زمانی عەرەبیو ساڵی ١٩٨٦ تا ١٩٨٨ بەڕێوەبەری رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بوە لەشاخ.
- ساڵانی ١٩٧٩ بۆ ١٩٨٦ بەوتاری رۆژنامەنووسی بەشداری لەگۆڤارەکانی "الشرارة" بەزمانی عەرەبیو "رێبازی نوێ" بەزمانی کوردی کردوە.
- ساڵی ١٩٨٨ بوەتە سەرنووسەری گۆڤاری "رێبازی نوێ".
- ساڵی ١٩٨٨ نوێنەری یەکێتی بوە لەدەزگای راگەیاندنی هاوبەشی بەرەی کوردستان لەگوندی رازانی نزیك ناوچەی ورمێو بەشداری دەرچواندنی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی "بەرەی کوردستانی" کردوە.
- ساڵی ١٩٩٢ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستانی دامەزراندوەو بوەتە سەرنووسەری گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی.
- ساڵی ١٩٩٣ بوەتە سەرنووسەری (روانگەی جیهان) کە گۆڤارێکی تایبەت بوە بەوەرگێڕانی سیاسیی دەربارەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.
- ٢٠٠١ بوەتە ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.
- ٢٠٠١ بۆ ٢٠٠٣ نەقیبی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان بوە.
- شەش کتێبی چاپکراوی هەیە: (گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا ١٩٨٦، شێوەی ئاسیایی بەرهەمهێنان لەکوردستاندا ١٩٨٧، کوردستانو مەسەلەکانی ئەمنی قەومی ١٩٩٨، المسألة الكردية بعد قانون ادارة الدولة العراقية ٢٠٠٣، اصول العقائد البارزانية ٢٠٠٤، اتجاهات السياسة الكردية بعد الحرب العالمية الثانية ٢٠٠٨).

**هێـرش ڕەسـوڵ: ئـازادیی ڕادەربـڕین لەمێـژووی نووسـین و ڕووناکبیریی کوردیـدا بەگـشتی هـەر لەمیرنـشین و دەسـەڵاتەکانەوە تـا ئـەمڕۆ چـۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**فەرید ئەسەسەرد:**

ئـەم دەسـتەواژەیە دەسـتەواژەیەکی تازەیـە. **لـەنێو کـورددا ئازادیی ڕادەربڕین ڕیشەیەکی قوڵی نیەو مێژومان هیچ جێیەکی بۆ ئەم دەستەواژەیە تێدا نیـە.** لـەماوەی نێـوان دوو سـەردەمی جیـاوازدا کـەزیاتر لـە٧٠٠ سـاڵ لێکیـان دادەبڕێ، واتە لەنێوان کۆتایی سەدەی دوانزەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەم دا، هیچ ئاماژەیەك بۆ ئازادیی ڕادەربڕین لەنێوان کورددا چنگ ناکەوێ.

سـاڵی ١١٩١ سـەڵاحەددینی ئـەیوبی لەحەلـەب فەیلەسـوفێکی سـۆفیگەری گەورەی وەك سەهرەوەردیی داهێنەری فەلسەفەی ئیشراق کوشـت، چـونکە لـەو بڕوایەدا بـوو کـە نـە سـەهرەوردیو نـە هـیچ کەسـێکی تـر بـۆی نیـە لـەدەرەوەی چوارچـێوە تەنگەبـەرەکان ڕای خـۆی دەربـڕێ. سـاڵی ١٩٢٢ یـش لەسـلێمانی ڕوناکبیرێکی وەك جەمال عیرفان تیرۆر کرا، چونکە ئەو بیروباوەڕی ئەو گوزارشتی لێ دەکرد، لەگەڵ بیروباوەڕی دەسترۆیشتووەکانی ئەو سەردەمەدا نەدەگونجا.

لەنێوان کوشتنی سەهرەوەردیو تیرۆرکردنـی جـەمال عیرفانـدا (دوای ئـەویش تیرۆرکردنی عارف سـایب لەسـاڵی ١٩٢٣دا) هـیچ کەلـەپورێکی ئـازادیی ڕادەربـڕین نابینرێ. لەمێژوماندا ئەم دەستەواژەیە نامۆیـە، تەنانـەت کـەحیزبی هیـواش وەك یەکەم حزبی ناسیونالیست لەباشوری کوردستان دامەزرا، حزبەکە هیچ پەراوێزێکی بۆ ئازادیی ڕادەربـڕین لـەنێو ڕیزەکـانی خۆیـدا نەهێـشتبۆوەو زیـاتر وەك حزبێکـی تۆتالیتار هەڵسوکەوتی دەکرد.

واز لەرابردوو بێنە. ئایا ئەمڕۆ ئازادیی ڕادەربڕین لەکوردستاندا هەیە؟ پێموایە هەیە، بەڵام ئەم ئازادیی ڕادەربڕینە لەو سۆنگەیەوە کەپشت ئەستور نیە بەکەلەپورێکی پتەو، زۆری پێ دەچێ تا سەقامگیر دەبێو هەر ئەم هۆیەشە وای کردووە دوو جۆر تێگەیشتن لەم بارەیەوە لەئارادا بێ. یەکێکیان وا تێدەگا ئازادیی ڕادەربڕین بەو مانایە دێ کەمافی ئەوەت هەبێ هەموو شتێ بڵێیتو هەمو شتێ بڵاو بکەیتەوە. ئەمەش زیاتر تێگەیشتنی میدیا ئەهلیو بازرگانییەکانە کەبێگومان بۆچونێکی نادروستە. ئەوی تر ئەوەندە کۆتو ڕێسا لەبەردەم ئازادیی ڕادەربڕین دا دادەنێ کەپەراوێزێکی زۆر تەنگەبەری بۆ دەهێڵێتەوە. ئەمەش بۆچونی بەشێکی چینی سیاسیی کوردە کەتەنها بۆ ئارایشتکردنی ژیانی سیاسیمان کەلێنێك بۆ ئازادیی ڕادەربڕین دەهێڵێتەوە.

بەبۆچونی من پێویستە ئازادیی ڕادەربڕین مانای هەستکردن بەلێپرسراوەتی لەخۆ بگرێتو ئەوەندە فراوان بکرێ کەببێتە هۆیەك بۆ دروستبونی بزاوتێکی فیکری.

**هێرش ڕەسوڵ: پێتوایە ڕۆژنامەنووسیی کوردی پاش پتر لەسەدەیەك لەتەمەنی خۆی توانیویەتی ببێتە پێداویستیەکی گرنگی کۆمەڵگاو لەمبارەیەوە ڕۆڵی کایەی سیاسیی لەکوردستان (باشور) چۆن لێکدەدەیتەوە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:**

من بەو جۆرە سەیری مەسەلەکە ناکەم. تۆ پێتوایە ڕۆژنامەنووسی تەنها کاغەزو چاپخانەو مەرەکەبو پلێتە؟ ئەگەر ڕۆژنامەنووسی هەر ئەو شتانە بێ، دەکرێ سەد ساڵێك بۆ تەمەنی ڕۆژنامەنووسیمان بژمێردرێ. بەڵام **ئێمە بەکردەوە ڕۆژنامەنووسیمان نەبوە، چونکە لەسایەی داگیرکردندا هیچ دەرفەتێکمان بۆ دامەزراندنی ڕۆژنامەنووسییەکی ڕاستەقینە بۆ پێکنەهات.** هەر لەبەر ئەوەشە کەسیمای زاڵ بەسەر مێژوی ڕۆژنامەنووسیماندا ئەوەیە کەئەو ڕۆژنامەنووسییە گوزارشت لەویستو باوەڕمان ناکا.

رۆژنامەنووسی بەبێ ئازادی گەشە ناکاو نەبونی رۆژنامەنووسیی ئازاد وای کـرد مێـژومان دابو نـەریتی رۆژنامەنووسـیی تێـدا دروسـت نـەبێ. بـەکردەوە، ژیـانی رۆژنامەنووسـیی راسـتەقینەمان لەسـاڵی ١٩٩١ بـەدواوە دەسـت پێـدەکا. هـەموو کۆمـەڵێکی زینـدو پێویـستی بەرۆژنامەنووسـییە. لـەم سـەردەمەی ئێـستا ئەگـەر رۆژنامەنووسـیت لەکۆمـەڵ دامـاڵی، کۆمەڵەکـە دەمـرێ. ئەمـە هـانم دەدا بڵـێم پاراستنی ژیانی رۆژنامەنووسی بەشێکی گرنگی نیشتمانپەروەری پێکدێنێ.

**هێرش رەسوڵ: پێتوایە ئازادیی رۆژنامەنووسی لەئازادیی قسەکردندا کورتدەکرێتـەوە گەر هاتوو کایەی سیاسی قسەکانی بەهێند وەرنەگرێت؟ واتا تاچـەند پێتوایە کەلێنێك لەنێوان کایەی سیاسیی کـوردیو میـدیای کوردیـدا هەیە؟**

**فەرید ئەسەسەرد:**

پـێش هـەموو شـتێك نـابێ بەموجـەڕەدی سـەیری مەسـەلەی ئازادیی رادەربڕین بکرێ. ئازادیی رادەربڕین شتێکی دابڕاو نیە لەمەسەلەکانی تـر. ئەم مەسـەلەیە دەبـێ لەچوارچێوەی دیموکراسـیدا سـەیر بکـرێ، چـونکە خـودی خۆیـشی لایـەنێکی گرنگـی دیموکراسـی پێکـدێنێ. دیموکراسـی بـەبێ ئـازادیی رادەربڕین نابێو ئازادیی رادەربڕینیش بەبێ ئازادیی قسەکردن نابێ.

ئەمـە لەلایـەك. لەلایـەکی تـرەوە، چـینی سیاسـیی کـورد دیـدی جیـاوازی بـۆ ئـازادیی رادەربـڕین هەیـە. سـەرنجت بـۆ ئـەوە رادەکێـشم کەئێمـە تاکـە وڵاتـین لەجیهانـدا کـەدادگاکانمان سـزای ٣٠ سـاڵ زینـدانی کردنیـان بەسـەر روناکبیرێکـدا سەپاندو پاشان سـزاکە لەسـۆنگەی گوشـاری دەرەکییـەوە هەڵوەشـایەوە. بـەڵام لەهەمانکاتیشدا ئێمە ئەو وڵاتەین کەزۆربەی رۆژنامە ئەهلییەکانی بەبێ هەستکردن بەلێپرسراوەتی هەواڵو وتاری وروژێنەر بڵاو دەکەنەوە.

وا تێدەگـەم چـینی سیاسـیی کـورد دوو رەوتـی تێدایـە، یـەکێکیان پـشتیوانی لـەفراوانکردنی ئـازادیی رادەربـڕین دەکـاو لـەم رێیـەوە پانتـایی دیموکراسـی بەریندەکاو رەوتێکیان پشتگیری لەتەنگەبەرکردنی ئازادیی رادەربـڕین دەکـاو لـەم

ڕێیەوە دەیەوێ سنورێك بۆ بڵاوبونەوەی دیموکراسی دانێ. ئازادیی ڕادەربڕین لەدیموکراسی جیا ناکرێتەوەو پێموایە هەڵوێست وەرگرتن لەمەسەلەی ئازادیی ڕادەربڕین بەرژەوەندیو ئایدیۆلۆژیای لەپشتەوەیە.

**هێرش ڕەسوڵ: چی بکرێت بۆ ئەوەی لەکوردستان میدیا ببێتە "دەسەڵاتی چوارەم"، لەکاتێکدا بۆ بوونی میدیا بە"دەسەڵاتی چوارەم" پێویستمان بەدڵگەورەیی هەریەك لەدەسەڵاتەکانی تر هەیە، ئەم هاوکێشەیە لەکوردستان چۆن دەبینیو چ هەنگاوێك بۆ ئەم قۆناغە بەپێوست دەزانیت؟**

**فەرید ئەسەسەرد:**

پێش ئەوەی بیر لەدەسەڵاتی چوارەم بکەینەوە، پێویستە سێ دەسەڵاتەکەی تر سەقامگیر بکەین. **ئێمە تا ئێستا وڵاتێکی بێ دەستورو بێ پەرلەمانێکی کاراو بێ نەریتی دیموکراتیو بێ نەخشەدانانین و چینی سیاسیمان تازە فێری هونەری حوکمڕانی دەبێ.**

**کاوە محەمەد** – سەرنووسەری رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" (*)

**لەتەوەری:**

**ئازادیی رۆژنامەنووسیی- بەراوردێك لەنێوان میدیای حیزبیی و ئەهلیدا/ هۆکار، پێشنیار**



**"مەرج نییە (دەسەڵاتی چوارەم) لەرێگەی سەندنەوەی ئەو پانتاییە لەرۆژنامەی حزبی بەدیبێت"**

* ئەم دیدارە لەنیسانی ٢٠٠٧ دا سازکراوە.

## کاوە محەمەد

- شوێنو ساڵی لەدایکبوون: هەولێر- ١٩٦٦.
- دەرچووی بەشی بایۆلۆجی- کۆلێجی زانست- زانکۆی سەلاحەددین- ساڵی ١٩٨٩.
- لەساڵی ١٩٩١ەوە لەبواری رۆژنامەنووسییدا کاردەکات.
- سەرەتا لەرۆژنامەی "راپەڕین" کە ساڵی ١٩٩١ لەلایەن مەڵبەندی رێکخستنی هەولێر لەشەقڵاوە دەردەچوو، دەستی بەکاری رۆژنامەنووسی کردوە.
- لەساڵی ١٩٩٢ەوەو لەسەرەتای دەرچوونییەوە لەرۆژنامەی "کوردستانی نوێ" دەستی بەکارکردووە، سەرەتا وەك نووسەرێك لەبەشی سیاسەت، دواتر پلەبەپلە بوەتە لێپرسراوی لاپەڕەو بەشو ئەندامی دەستەی نووسەرانو ئینجا بەڕێوەبەری نووسینو دواتریش جێگری سەرنووسەرو لە٢٠٠٢/٤/٦ شەوە بوەتە سەرنووسەرو تا ئێستا لەو پۆستەدایە.

**هێرش رەسوڵ: تاچەند ئـازادیی رادەربـڕین لەرۆژنامەنووسـیی کـوردی ئامـادەگی هەبووە؟ چۆن؟**

**کاوە محەمەد:**

لەرۆژنامەنووسیی کوردییدا، ئازادییـەکی ناسیـستماتیکی رادەربـڕین هەیە، بەڵام رۆژنامـەی ئـازاد بـوونی نییـە. چـونکە ئەگـەر قـسە لـەبارەی ئـازادیی رادەربـڕین بکـەین، دەتـوانین بڵـێین ئازادییەکـە نـەك هـەر بەرقـەرارە، بـەڵکو زۆر لەسنوورەکانیـشی بەزانـدووەو رۆژانـە لەرۆژنامـەو سـایتەکاندا تانـەو تەشـەرو ناوزڕاندنی ئەمو ئەو دەبینین‌و دەخوێنینەوە. باشترین بەڵگەش بۆ ئەوەی کە ئـەو ئازادییـە نـا سـنوردارە لەکوردسـتاندا هەیـە، ئەوەیـە کـە هـەر نووسـینێك چـەندە پـەلاماردەر و ناوزڕێنـەری بـێ بەڵگـەش بێـت، بـوارێکی هـەر بـۆ دەڕەخسێت کـە بڵاوبکرێتەوە، لەم رۆژنامەیە نا لەرۆژنامەیـەکی دیکـە، لـەم سـایتە نـا لەسـایتێکی دیکە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا **ناتوانین بڵـێین رۆژنامـەی ئـازاد لەکودسـتاندا بـوونی هەیە، چونکە ئەو رۆژنامە ئەهلییانەی خۆیان وەك رۆژنامەی ئـازاد پێناسـەو مـەترەح دەکـەن، لەئەساسـدا وەك کاردانـەوەی رۆژنامـە حزبییـەکان هاتنـەئارا،** کەچـی تـا ئێـستاش نـەیانتوانیوە خۆیـان لـەو قۆناغـە دەربـاز بکـەن، بوونەتـە رۆژنامـەی ئۆپۆزیسیۆن، بێ ئەوەی ئەمە ئەرکی ئەوان بێت، سانسۆرێکی توندیان خستۆتە سەر هەر کار و هەنگاوێکی ئیجابی کە دەسەڵات هەیبێت، ئینجا ئەم مەنتیق–ەیان (بەمەبەست بێت یان نا) بەسـەر کـۆی کۆمەڵگاشـدا تـەعمیم کـردووە. لەکاتێکـدا کـاری رۆژنامـە، بڵاوکردنـەوەی زانیـاری‌و رەخنـەکردنی کەموکووڕییـەکان‌و تیـشك خستنە سەر جوانییەکانی کۆمەڵگاو هاندانیانە، کـە ئەمـە لەرۆژنامـە ئەهلییەکانـدا تاڕاددەیـــەکی بەرچـــاو غائیبـــە. هۆکارەکـــانی ئـــەو حاڵەتـــە ناتەندروســـتەی

ڕۆژنامەنووسیی کوردیی، زۆرن کە ئەگەر نەچینە ناو وردەکارییەکانەوە، دەتوانین بۆ دوو هۆکاری سەرەکی بگەڕێنینەوە:

- یەکەمیان، گەلاڵەنەبوونی ئەو زەمینە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییەی کە بۆ دروستبوونی ڕۆژنامەی ئازاد پێویستن.
- دووەمیان، نەبوونی یاسایەکی تایبەت بەرێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسیی لەکوردستان، کە تا ئێستا پڕۆژەیە و لەپەرلەمان گفتوگۆی لەسەر نەکراوە بۆ پەسندکردنی.

**هێرش ڕەسوڵ: ڕۆژنامەی حیزبی لەئێستادا کۆنترۆڵی گۆڕەپانەکەی کردووە، ئەو گۆڕەپانە بەچ شێوەیەك لەو ڕۆژنامەیە دەسەنرێتەوەو دەدرێتەوە بەڕۆژنامەی ئازاد، لەکاتێکدا حیزب پارەیەکی خەیاڵی بۆ ڕۆژنامەکانی خۆی تەرخاندەکات؟**

**کاوە محەمەد:**

لەبەر ئەو هۆکارانەی لەوەڵامی پرسیاری پێشووتاندا باسمکرد، تائێستاش ڕۆژنامەی حزبی ستایلی زاڵەلەگۆڕەپانی ڕۆژنامەنووسیی کوردییدا، ڕۆژنامەی حزبیش لەکوردستان(بەتایبەتیش لێرەدا قسەم لەسەر کوردستانی نویێ-یە) نە ستایلی ڕۆژنامەی (پراڤدا)ی سۆڤیەتی کۆنەو نە بڵاوکراوە ناوخۆییەکانی حزبەکانی ئەوروپایە کە تەنیا لەنێو ئەندامانی حزبەکە دەستاودەست دەکرێن، بەڵکو ستایلێکی تایبەت بەواقیعە کوردستانییەکەی دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ە و تێکەڵێکە لە(ڕۆژنامەی ئازاد)و حزبی. بۆیە مەرج نییە (دەسەڵاتی چوارەم) لەڕێگەی سەندنەوەی ئەو پانتاییە لەڕۆژنامەی حزبی بەدیبێت و ئەوەش بەدوور نازانم کە ئەگەر ڕۆژنامەی حزبی ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی نەمێنێت کە ئێستا لەگەڵ حزبدا هەیەتیو ئەو زەمینەیەی بۆ بڕەخسێت کە گۆڕانکاریی لەخۆیدا بکات، لەسەرەنجامدا ببێتە هەوێنی سەرەکی لەدایکبوونی (ڕۆژنامەی ئازاد) و بەشێوەیەك لەشێوەکانیش ڕایەڵێکی ناڕاستەوخۆی لەگەڵ حزبدا بمێنێت.

**هێرش رەسولّ: رۆژنامەی حیزبی لەهەرێمی کوردستاندا تاچەند توانیویەتی کراوە بێتو ئازادیی رادەبڕینی تیا بپارێزرێت؟**

**کاوە محەمەد:**

لەوەلامی پرسیارەکانی پێشوودا هەندێ شتم لەوبارەیەوە روونکردەوە، کە رۆژنامەی حزبی(کوردستانی نوێ–بەنموونە) ستایلێکی تایبەتی هەیە، بۆیە تاڕادەیەکی بەرچاو دەرگای بۆ بیروڕای جیاجیاکان کردۆتەوەو زۆرجار رەخنەی وای تێدا بلاوکراوەتەوە کە لوتکەی دەسەلاتی حزبەکەی گرتۆتەوە، هەروا رۆژانە کێشەو داواکارییەکانی خەلکی خستۆتەڕوو بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی دەسەلات لێیان ئاگاداربکرێنەوەو بەدواداچوونیان بۆ بکەن. بەلام لەرووی زمانی رەخنەو خستنەڕووی کێشەکانەوە جیاوازیی لەکەلّ رۆژنامەکانی دیکەدا هەیە کە ئامادە نییە رێگە بەزمانی زبرو بریندارکەرو تانەو تەشەر بدات، بەلام دەبێ ئەو راستییەش بلێین کە بەرپرسیارییەتە سیاسییەکەی حزبەکە (هەر حزبەو بەپێی قورساییەکەی خۆی) کۆمەلێك سانسۆری بۆ رۆژنامەکەی دروستکردووە کە ئەگەر لەبەرچاویان نەگرێت، زۆر قورس لەسەر حزبەکەو کۆمەلگاش دەکەوێت. **بۆیە رۆژنامەی حزبی کاتێك دەتوانێت لەو سانسۆرە سیاسییانە دەربازی بێت کە ئەگە ئەو پەیوەندیە راستەوخۆیەی لەگەلّ حزبدا نەمێنێت، بۆ ئەوەی هەموو بابەتەکانی رۆژنامەکە وەك بیروڕای حزبەکە حسابیان بۆ نەکرێت.** لەبەرامبەر ئەوەدا رۆژنامە ئەهلییەکانیش بەجۆرێکی دیکە سانسۆریان خستۆتە سەر رۆژنامەکانیانو خۆیان لەهەر بابەتو رووداوێك بەدوور دەگرن کە جوانییەکی دەسەلات نیشان بدات یان لەبەرژەوەندییدا بشکێتەوە. بۆ نمونە، **کاتێك مام جەلال وەك یەکەم کورد لەمێژوودا بوو بەسەرۆك کۆماری عێراق، کە هەموومان بایەخو گرنگیی ئەو رووداوەو ماناو دەلالەتەکانی دەزانین، کەچی رۆژنامە ئەهلییەکان ئامادە نەبوون تەنانەت وەك هەوالێکی گرنگیش بایەخی پێویستی پێبدەن! ئەی ئەمەش جۆرێکی دیکە لەسانسۆر نییە؟**

**هێرش رەسوڵ: چی بکرێت بۆ ئەوەی لەکوردستان میدیا ببێتە "دەسەڵاتی چوارەم"، لەکاتێکدا بۆ بوونی میدیا بە"دەسەڵاتی چوارەم" پێویستمان بەدڵگەورەیی هەریەك لەدەسەڵاتەکانی تر هەیە، و ئەم هاوکێشەیە لەکوردستان چۆن دەبینیو چ هەنگاوێك بۆ ئەم قۆناغە بەپێویست دەزانیت؟**

**کاوە محەمەد:** بۆئەوەی میدیا لەکوردستاندا ببێتە دەسەڵاتی چوارەم، پێویستە:

١- زەمینەیەکی سیاسیی بۆ بسازێت، کە دەسەڵاتەکانی دیکە (یاسادانان، جێبەجێکردنو دادوەریی) لەسەر پایەکانی خۆیان جێگیرببنو بەشێوەیەکی سیستماتیك دەسەڵاتەکانیان لەیەکتر جیابکرێنەوەو سنورەکانیان دیارییبکرێ.

٢- پێشکەوتنێکی ئابووریی بەرچاو بەدیبێت، کە ببێتە مایەی ئەوەی سیستمی بازاڕی ئازاد بەرقەراربێت، کە ئەو سیستمەش لەئەساسدا پشت بەکێبڕکیی (منافسە) دەبەستێت، لەسەرەنجامی ئەوەش، هۆشیاریی ریکلامکردن زیاتر بڵاودەبێتەوە بۆ بردنەوەی گرەوی کێبڕکێ-کەو راکێشانی سەرنجی زۆرترین کڕیار بۆ لای کۆمپانیاو دەزگا بازرگانییەکان. ئەوکاتە میدیای کوردستانی دەتوانێ داهاتەکانی ریکلام بکاتە سەرچاوەی سەرەکی بەڕێوەبردنی کەناڵەکەی، ئەمەش سەربەخۆییەکی زیاتری بۆ دەستەبەر دەکات.

٣- بوونی یاسایەکی تایبەت بەکاری رۆژنامەنووسیی، کە پەیوەندیی نێوان میدیاو دەسەڵات رێکبخاتو هەریەکەو ئەرکو مافەکانی خۆی بەرامبەر ئەویدیکە بزانێت، چونکە ئەمە تەنیا بەیاسا دەبێ رێکبخرێتو هیچ پەیوەندییەکی بەنیازپاکی یان دڵگەورەیی سێ دەسەڵاتەکەی دیکەوە نییە (وەك لەپرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێداوە).

**پ.ی.د. کەمال سەعدی**– پسپۆڕ لە یاسای رۆژنامەنووسی [*]

**لەتەوەری:**

**ئازادیی رادەربڕین و میدیای رەسمی**



**"بۆئەوەی میدیا لەکوردستاندا ئازادبێت و ببێتە دەسەڵاتی چوارەم باشترین شت ئەوەیە سیستمی وەرگرتنی مۆڵەتی پێشینە لابردرێت"**

---

[*] ئەم دیدارە لەئازاری ٢٠٠٧ دا سازکراوە.

## پ.ی.د. کەمال سەعدی مستەفا

- ١٩٥٦ لەشاری هەولێر لەدایکبووە. ١٩٨٨
- ١٩٨٩ کۆلێژی یاسای لەزانکۆی سەلاحەددین تەواوکردووە.
- ١٩٩٦/٥/٢١ بڕوانامـەی ماسـتەری لەیاسـا لەنامـەی (حـق الملكيـة الآدبيـة والفنية في القانون العراقـي والمقـارن) لەکۆلێـژی یاسـاو رامیـاری لـەزانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە.
- ٢٠٠٣/٧/٧ بڕوانامــەی دکتــۆرای لەیاســا لــەتێزی (چوارچــێوەی یاســایی ئـازادیی رۆژنامەگـەری لەکوردسـتانی عێراقـدا) لەکۆلێـژی یاسـاو رامیـاری لەزانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە.
- ماوەیەك راگری کۆلێژی یاساو ماوەیەکیش راگری کۆلێژی یاساو رامیـاریی زانکۆی سەلاحەددین بوە.
- ئێستا راگـری کۆلێـژی پەروەردەیـە بـۆ زانـستە مرۆڤایەتیـەکان لـەزانکۆی سەلاحەددین.
- ئـەم توێژینــەوە زانـستیانەی خـوارەوەی هەیـە: (ئـازادیی رۆژنامەگـەری) بەپێی نووسراوی دەزگای بڵاوکردنـەوەو رۆشـنبیری کـوردی ژمـارە (٥١٣) لە١٩٩٩/٨/٣١ پەسندکراوە بۆ بڵاوکردنـەوە. (ئـازادیی رۆژنامەگـەری، رای گشتیو دیموکراسییەت) لەگۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە (٢٥) لـەپایزی سـاڵی ٢٠٠٢ بڵاوکراوەتــەوە. (ئــازادیی رۆژنامەگــەریو ئــەخلاقی پیــشە) لـــەگۆڤاری ســـەنتەری برایـــەتی ژمـــارە (٢٧) لەبـــەهاری ســـاڵی ٢٠٠٣ بڵاوکراوەتەوە. (دور النفقات العامة في تنمية اقليم كوردستان) بەهاوبەشی. (تـاوانی جوێنپێـدانی ئاشـکرا). (مـافی وەڵامدانـەوەو راسـتکردنەوەی ئـەو بابەتانەی کـە لەرۆژنامـەو گۆڤارەکانـدا بڵاودەکرێنـەوە). (حقـوق الانـسان ومعاييرها الدولية) لەگۆڤاری یاساو رامیاریی ئەکادیمی بڵاوبۆتەوە. (حقـوق الانسان في المـذاهب الفكريـة) لـەگۆڤاری تـەرازووی ئـەکادیمی بڵاوبۆتـەوە. (دراسة شرعية وقانونية معمقة للقوانين الحديثة الصادرة عن المجلس الوطني

لكوردستان العراق بصدد المرأة وتنظيم الاسرة الكردستانية) بەهاوبەشی، لەگۆڤاری تەرازووی ئەکادیمی بڵاوبۆتەوە.

- کتێبەچاپکراوەکانی لەبواری یاسادا: (لێکدانەوەی یاسای بەکرێدان)، (چەمکی ماف – چاپی یەکەم + چاپی دووەم)، (چەمکی یاسا)، (حقوق المؤلف)، (یاساو ماف)، (مافی دانەر– وەرگێڕان، هاوبەش)، (دەسەڵاتی چوارەم)، (یاسای رۆژنامەگەری)، (چوارچێوەی یاسایی ئازادیی رۆژنامەگەری لەکوردستانی عێراقدا).
- کتێبەچاپکراوەکانی لەبواری ئەدەبدا: (شەش کورتە چیرۆکی کوردی– هاوبەش)، (ون بوون– کۆمەڵە چیرۆك)، (دەرگا– کۆمەڵە چیرۆك)، (ترحێو– کۆمەڵە چیرۆك)، (سەعید زەبۆکی لای خۆمان– رۆمان).

**هێرش رەسوڵ: باری رۆژنامەنووسیی کوردیو رۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستان لەژێر سێبەری یاسای چاپەمەنیی دا چۆن دەبینیت، پێتوایە ئەمە خۆی بەیاسایکردنی کۆتوبەندەکانی دەسەڵات بێت بەسەر ئازادیی رۆژنامەنووسیدا؟**

**د. کەمال سەعدی:**

بەڕای ئێمە رۆژنامەنووسیی کوردی لەسایەی یاسای چاپەمەنیدا وێڕای ئەو کەموکوڕیانەی کە لەیاساکەدا هەنە، ئازادییەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە، تەنانەت دەتوانم بڵێم هیچ چینو توێژێکی کۆمەڵ نەماوە کەناڵێکی راگەیاندنی نەبێت بۆ گوزارشتکرن لەبیروڕاکانی، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا پانتایی ئازادیی رۆژنامەنووسی بەرفراوان دەکات بەچەشنێك رۆژنامەنووسی دەبێتە زمانحاڵی گەل یان دەسەڵاتی چوارەم.

جا هەروەکو وتمان وێڕای ئەم لایەنە ئیجابیانەی یاسای رۆژنامەنووسیی کوردستان، کەچی ئەم یاسایە لەکەموکوڕی بەدەر نیە، یەکێك لەکەموکوڕیەکانی ئەوەیە کە بەپێی ئەم یاسایە بەبێ مۆڵەتی پێشینە رۆژنامە دەرنایەت، هەروەها چەمکەکانی نیزامی عامو ئادابی عامو ئاساییشی گشتیو کۆمەڵێك مەرجیتر کۆتوبەندەکانی دوتۆی ئەم یاسایە پێکدەهێنن بەتایبەتی ئەگەر لەلایەن ئیدارەوە بەخراپ بەکاربهێندرێن.

**هێرش رەسوڵ: بەبڕوای ئێوە تاچەند میدیای رەسمی لەسەر فراوانکردنی مەوداکانی ئازادیی رادەربڕین کاریگەری دەبێت؟**

**د. کەمال سەعدی:**

بەڕای ئێمە **میدیای رەسمی دوورە لەئازادی، چونکە خۆی لەخۆیدا مادام لەلایەن حکومەتەوە دەردەچێت مانای ئەوەیە زمانحاڵی حکومەتەو گوزارشت لەسیاسەتی حکومەت دەکات، ئەمەش خۆی لەخۆیدا دوورە لەئازادیی بیروڕادەربڕین**، ئەمەو تەنانەت ئەو ئەنزیمانەی کە شمولین عادەتەن رۆژنامەنووسی لەو گۆشەیە حەسر دەکەن بۆئەوەی پانتایی ئازادیی رۆژنامەنووسی کەمکەنەوەو بازاڕ بۆخۆیان بکەنەوە لەسەر حسێبی میدیاکانی کەرتی تایبەت، هەروەکو چۆن لەسەردەمی رژێمی بەعس، هەروەها وڵاتە سۆشیالیستەکانو دیکتاتۆرەکان، بەگشتی حکومەت کۆنترۆڵی ئەم بوارەی بیروڕادەربڕینی کردبوو. ئەمەو تەنانەت بۆیە بەئازادیی رۆژنامەنووسی دەڵێن دەسەڵاتی چوارەم، چونکە دەسەڵاتێکی جیاوازە لەهەرسێ دەسەڵاتەکەی دەوڵەت (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) واتە دەسەڵاتی جەماوەرە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك میدیای رەسمی بەشداری ناکات لەفراوانکردنی مەودای ئەم ئازادیە.

**هێرش رەسوڵ: لەهەرێمی کوردستاندا کە حکومەتیش بەجۆرێك لەجۆرەکان دووبارەبوونەوەی حیزبە لەبەرگی دەسەڵاتی سیاسییدا، ئایا میدیای رەسمی دەتوانێت جیاواز لەوەی میدیای حیزبی، ئەرکێکی دیکە ببینێت؟**

**د. کەمال سەعدی:**

نەخێر، چونکە ئەو پارتە سیاسیانەی کە لەپرۆسەی هەڵبژاردن دەردەچن یان بەهەرشێوەیەك لەشێوەکان دەسەڵات بگرێتە دەست

لەمومارەسەکردنی دەسەڵاتەکەیدا گوزارشت لەو ئایدیۆلۆژیایە دەکات کە باوەڕی پێیەتیو هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی تریشی قبوڵ نیە، جا بۆیە شتێکی ئاساییە لەو میدیایەی کە دەریدەکات بەهەمان چاوی میدیا حزبیەکە سەیری دەکاتو درێژەپێدەری ئەو مینبەرەیەو زیاتر نیە.

**هێرش رەسوڵ: چی بکرێت بۆ ئەوەی فەزای ئازادیی رادەربڕین لەکوردستان فراوان بکریٚو میدیا ببێتە "دەسەڵاتی چوارەم"؟**

**د. کەمال سەعدی:**

بەڕای ئێمە **بۆئەوەی میدیا لەکوردستاندا ئازادبێتو ببێتە دەسەڵاتی چوارەم باشترین شت ئەوەیە سیستمی وەرگرتنی مۆڵەتی پێشینە لاببردرێت، هەروەها وەزارەتی رۆشنبیری ئەوکارەی لێ وەربگیرێتەوەو تەنها خەریکی کاری رۆشنبیری بێتو بەس،** هەروەها رۆژنامەنووسان بەئازادیو دوور لەدەست تێوەردانی حزبایەتی سەندیکای رۆژنامەنوسان پێك بهێننو بەوپەڕی ئازادیو لەرێگای سندوقی هەڵبژاردن نوێنەری خۆیان هەڵبژێرنو لەغەیری ئەو سەندیکایە ملکەچی هیچ دەسەڵاتێکی تر نەبن. واتە خۆیان بەڵگەنامەی شەرەفی پیشەی رۆژنامەنووسی بۆ خۆیان دابنێنو پابەندیشی بن. ئەمەو یاساکانی رۆژنامەنووسی لەجیاتی بەندینشینو گرتن لەزۆربەی حاڵەتەکان جەخت لەسەر حوکمی غەرامەو قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتوو بکاتەوە مەگەر لەهەندێك حاڵەتی زۆر دەگمەن نەبێت کە ئازادیی رۆژنامەنووسی بەچەشنێکی وا بەکاربێت کە گشت هێلەسوورەکان ببەزێنێتو رۆژنامەنووس نەتوانێ سوود لەرێگاپێدانی یاسایی وەربگرێت، هەروەها هەڕەشەی ئەمنو ئاساییشی وڵات بکات یان هانی رقو کینەو بەکارهێنانی هێز بکات یان ببێتە مایەی تانەو تەشەردانی ناڕەواو سووکایەتیکردن بەخەڵك.

**مەریوان وریا قانیع** - نووسەرو رووناکبیر (*)

**لەتەوەری:**

**دەسەڵاتی کوردیو ئازادیی رادەربڕین**



**"دەسەڵات لەمڕۆدا بەو رادەیەی جاران لەسەر ستراتیژیەتی بێدەنگکردنی دەنگە رەخنەییەکان کارناکات، بەڵکو لەسەر ستراتیژیەتی بێنرخکردنی ئەو دەنگانە کاردەکات"**

---

* ئەم دیدارە لەنیسانی ٢٠٠٧ دا سازکراوە.

## مەریوان وریا قانیع

- ساڵی ١٩٦١ لەسلێمانی لەدایکبوە.

- قوتابخانەی سەرەتاییو ناوەندی لەسەیدسادقو سلێمانیو هەولێر تەواوکردوە.

- ساڵی ١٩٨٢ زانکۆی لەهەولێر تەواوکردوەو هەر لەو ساڵەدا بەشداری لەخۆپێشاندانی خوێندکاراندا لەهەولێر کردوەو دوای خۆپێشاندانەکان بوەتە بەپێشمەرگە.

- لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٥دا وازی لەپێشمەرگایەتی هێناوە.

- ساڵی ١٩٨٩ بڕوانامەی ماستەری لەئابوریو کارگێریدا لەزانکۆی موستەنسەریە تەواوکردوە، دوای تەواوبوونیش تا راپەڕین سەربازی هەڵاتوو بوە.

- لەسەرەتای هەشتاکاندا هەندێك شیعری بڵاوکردۆتەوەو لەسەردەمی پێشمەرگایەتیدا لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی دیکەدا دوو گۆڤاری سیاسی لەگوندی "وەرتێ" دەردەکرد بەناوی"پێشمەرگە"و" راپەڕین". گۆڤارەکان لەناو هێزی پێشمەرگەدا بڵاودەبوونەوەو بەقاچاغیش نوسخەیان لێدەچوو بۆ ناو شارەکان.

- لەساڵی ١٩٨٧ەوە دەستیکردوە بەبڵاوکردنەوەی بڕێك لەنووسینە فیکرییەکانی، هەر لەو ساڵەدا کۆمەڵێك نووسینی رەخنەیی لەسەر بەرهەمی چەند نووسەرێکی کورد بڵاوکردەوە، لەوانە: مەحوی، گۆران، شێرزاد حەسەنو محەمەد عومەر عوسمان. ئەو رێبازە رەخنەییەی پێیدەگوترێت "رەخنەی بونیادگەری" لەو نووسینانەی ئەوەوە هاتنە ناو رۆشنبیریی کوردییەوە.

- دوای راپەرین لەگەڵ هەندێك نووسەرو رۆشنبیری تردا گۆڤـاری "ئـازادی" یان دەرکرد.
- ساڵی ١٩٩٢ کوردوستانی بەجێهێشتوەو لەساڵی ١٩٩٣ ەوە لەهۆڵەندا دەژی.
- لەهۆڵەنـدا دوای تـەواوکردنی ماسـتەر لەزانسته سیاسـییەکاندا لەسـاڵی ١٩٩٧دا لەزانکۆی ئەمستردام وەك نووسەرو رۆژنامەنووس کاریکردوەو لەزۆر رۆژنامـەی هۆڵەندیـدا نووسـینی بڵاوکردۆتـەوەو لەیـەکێك لەرادیۆکانیـشدا بەرنامـەی تایبـەتی خـۆی هـەبوو. کتێبێکیـشی بـەزمانی هۆڵەنـدی لەسـاڵی ١٩٩٨دا لەسەر مەنفا نووسیوە.
- لەساڵی ٢٠٠٠ ەوە وەك شارەزای بواری عێراقو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەرادیۆو تەلەڤزیۆنە هۆڵەندییەکاندا سەرنجو رای لەسەر روداوەکان پێشکەشکردوە.
- لەدامەزرێنەرانی نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی بـوەو هـەروەها یـەکێك لەئەنـدامانی دەسـتەی نووسـەرانی گۆڤـاری "رەهەنـد"یـش بـووە. لەدەستەی نووسەرانی گۆڤاری "سەردەمی رەخنە" ش بـوە کـە لەسـلێمانی دەردەچوو.
- لەچەند سـاڵی رابـردوودا کۆمـەڵێك کتـێبی نووسـیوە لەوانـە: "دەسـەڵاتو جیاوازی"، "بەختەوەریو بێدەنگی"، "ناسـیۆنالیزمو سـەفەر"، "دەربـارەی ئیـسلامو فەلـسەفەو رۆشـنگەری"، "شـوناسو ئـاڵۆزی"، هـەروەها دیوانێـك شیعری بڵاوکردۆتەوە بەناوی "کتێبی دڵشکان".
- لەئێستادا خەریکی ئامادەکردنی لێکۆڵینەوەی دکتۆرایە لەزانکۆی ئەمستردامو لەهەمانکاتیشدا وەك مامۆستا لەهەمان زانکۆدا کاردەکات.

**هێرش ڕەسوڵ: ئایا لەکۆمەڵگایەکدا کە توانای قبوڵکردنی ڕەخنەی لاواز بێت ئاسانە بتوانین میدیای ئازادمان هەبێت؟ چۆن؟**

**مەریوان وریا قانیع:**

پێموایە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان هێزو توانای گەشەکردنی ڕەخنەگرتن لەلایەکەوەو ئامادەگی قبوولکردنی ئەو ڕەخنانە لەلایەن کۆمەڵگاوە لەلایەکی دیکەوە. کۆمەڵگایەك ئامادەنەبێت ڕەخنە قبووڵبکات، لەڕەخنە بترسێت، یان بەکارێکی نەشیاو و حەرامو خراپی بزانێت، بێگومان هەوڵی ئەوە دەدات دەروازەی ڕەخنە گرتن دابخات، ڕووبەرەکانی تەسك بکاتەوە، سانسۆری بکات، ڕەخنەگرەکانی بشکێنێت، فشاریان بخاتەسەرو ژیانیان لێ تاڵبکات. کۆمەڵگایەك کە لەڕەخنە ترسا یەکەمشت بیریلێدەکاتەوە ڕێگرتنە لەدروستبوونی میدیای ئازاد، دروستیشببێت ناهێڵێت پێبگاتو هەمووشتێك دەکات بۆ ئەوەی نەهێڵێت ڕەخنەگرتن ببێتە یەکێك لەئاکارە فەرهەنگیو سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵگایە. ڕەخنە لەپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە بەڕادەی کراوەیی کۆمەڵگاوە. میدیای ئازاد پێچەوانەی بوونی کۆمەڵگای داخراوە، پێچەوانەی کۆمەڵگایەکە بترسێ لەوەی بەئاشکرا باسی خۆیو کێشەکانی بکات. پەنجە بخاتە سەر ڕەهەندە ناشیرینەکانی خۆیو لەژێر هیچ دروشمو ئایدیۆلۆژیایەکدا نەیانشارێتەوە. **کۆمەڵگایەکیش لەسەر داخرانو شاردنەوەی دیاردەکانی بژی ناتوانێت ئازادی بەهیچ هێزێکی ناوخۆی ببەخشێت**، لەپێش هەمووشیانەوە بەمیدیایەك بیەوێت ببێت بەچاودێر بەسەر ئەو دیاردانەوە. ئەو جۆرە کۆمەڵگایانە مەگەر بتوانن ئازادی تەنها بەو دەسەڵاتدارانە بدەن کە داخرانو خۆشاردنەوەو باسنەکردنی کێشەکان

مەیسەردەکەن، ئازادی ئەوەی هەموو دەنگێك بێدەنگ بکەن گەر بیەوێت ڕەخنەگرانە لەدیاردەو دەرکەوتەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە بدوێت. بەڵام گەر ڕەخنە سەرباقی ئەم هەموو هەوڵانە بۆ ڕێلێگرتنو سنووردارکردنو بێدەنگرکردن هەر دروستبوو و هەر کۆڵینەداو بووە بەشێك لەوشیاریی کۆمەڵایەتی، ئەوکات کۆمەڵگا، یان ڕاستتر بدوێین هێزە باڵادەستەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە، شێوازی دیکەی ڕێگرتن لەڕەخنەو پوچەڵکردنەوەی کاریگەرییەکانی دەگرنەبەر. بۆ نموونە دەکرێت لەکۆمەڵگایەکدا بڕێکی کەم میدیای ئازاد هەبێت، واتە نەکرێت هەموو میدیاکان بکڕرێنو بێدەنگبکرێن، بەڵام هەوڵی تەواو دەدرێت بۆ ڕێگەگرتن لەبڵاوبوونەوەی ئەو ڕەخنانە، کێشە بۆ هێزو دەزگا ڕەخنەییەکان دروستدەکرێت، یان ڕەخنەگرتن بەشێوەیەك بێنرخ دەکرێت کە بوونو نەبوونی ڕەخنەو ڕەخنەگران وەك یەك وابێت. واتە دەکرێت هێزە باڵادەستەکانی کۆمەڵگایەك گەر نەیانتوانی هەموو میدیاکان بێدەنگ بکەن، ئەوکات هەوڵدەن دۆخێك دروستبکەن بوونو نەبوونی میدیای ئازاد تیایادا زۆر لەمەسەلەکان نەگۆڕێت، یان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر چۆنیەتی کاکرکردنی هێزە باڵادەستەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە نەبێت. باشترین نموونە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونانە کوردوستانی خۆمانە. من تا ئێستا چەندانجار گوتومە ڕۆژنامەی هاوڵاتیو ئاوێنە لەهەر وڵاتێکی دیموکراسی و ئازادی تری سەر ئەم ئەستێرەیەدا دەرچووبانایە هەموو هەفتەیەك حکومەتی ئەو وڵاتە دەڕوخا. یان لانیکەم تووشی قەیرانی سیاسی گەورەو قووڵ دەهاتو دەسەڵاتداران ناچاردەبوون بەبەردەوامی لەبەردەمی هەموو کۆمەڵگادا داوای لێبوردن بکەن. چونکە ئەو هەواڵانەی لەو دوو ڕۆژنامانەیەدا بڵاودەبنەوە هی ئەوەن دەسەڵاتدارانی وڵاتەکە بەردەوام بخەنە بەردەمی لێپرسینەوەی یاساییو سیاسیی قورسەوە. کەچی دەسەڵات لەکوردوستاندا هیچ کاردانەوەیەکی بەرامبەر ڕەخنەکان نییە، تەواو وەك ئەوەی ئەو ڕۆژنامانە باسی وڵاتو خەڵكو کۆمەڵگاو ناوەندێکی سیاسی دیکە بکەن، نەك ئەوان. وەك دەبینن دەکرێت کۆمەڵگا بڕێك لەمیدیای ئازادی هەبێت، بەڵام مەرج نییە کاریگەرییەکانی ئەو میدیایە لەسەر دەسەڵاتدارانی ئەو کۆمەڵگایە گەورەبێت. بەمانایەکی دیکە دەکرێت کۆمەڵگایەكو ناوەندێکی سیاسی داخراوت هەبێت، بەڵام نەتوانن تەواو هەموو دەرگاکانو هەموو

ئەگەرەكان بەڕووی دروستبوونی میدیایەكی ئازاددا دابخەن. بەڵام لەو دۆخانەدا میدیای ئازادو ڕۆژنامەنووسەكان نەك تەنها تووشی گێرمەو كێشەی زۆرو گرتن‌و فڕاندن‌و حوكمدانی قەرەقوشیانە دەبن، بەڵكو رەخنەكانیشیان ئەو كاریگەرییانەی نابێت كە پێویستە بیبێت. كە ئەمە دەڵێم مەبەستم نییە بڵێم رەخنە هەرگیز كاریگەریی نییە، رەخنە كە لەدایكبوو لەگەڵیشیا كاریگەرییەكانی لەدایكدەبێت. بەڵام كێشەكە لەوەدایە كە ئینسان چاوەڕوانیی كاریگەریی خێراو ڕاستەوخۆو دەستبەجێی هەبێت، وەك چاوەڕوانی میدیای ئازاد لەرەخنەكانی، كەچی لەهەمانكاتدا ناوەندێكی سیاسی‌و كۆمەڵایەتی لەئارادابێت كە زۆر سست‌و خاو بەدەم ئەو رەخنانەوە بڕۆن. یان هەر نەیانەوێت بڕۆن.

**هێرش رەسوڵ: پێتوایە ڕۆژنامەنووسیی كوردی پاش پتر لەسەدەیەك لەتەمەنی خۆی توانیویەتی ببێتە پێداویستییەكی گرنگی كۆمەڵگا؟ چۆن؟**

**مەریوان وریا قانیع:**

بێدوودڵییەكی گەورە دەكرێت لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا بڵێم: نەخێر ڕۆژنامەگەریی كوردی نەیتوانیوە ببێتە پێداوسیتییەكی گرنگی كۆمەڵگای كوردی. بۆ روونكردنەوەی ئەم وەڵامەش پەنادەبمە بەر باسكردنی نموونەیەك كە تێیدا ڕۆژنامەگەری بۆتە یەكێك لەپێداویستییە هەرە گرنگەكانی كۆمەڵگا. مەبەستم لەو نموونەیەش شوێن‌و جێی ڕۆژنامەیە لەكۆمەڵگا ئەوروپییەكاندا. لەئەورووپادا هەم سیستمە كۆمەڵایەتییەكە، هەم سیستمە ئابورییەكەو هەم سیستمە سیاسییەكە پێداویستییەكی گەورەیان بەڕۆژنامە هەیە. كۆمەڵگا پێویستی بەڕۆژنامەیە بۆ شارەزابوون‌و ناسینی ئەو راو بۆچون‌و چاوەڕوانی‌و كێشەو دیدو هەست‌و ویست‌و داخوازیی‌و تورەییە جیاوازانەی لەو كۆمەڵگایەدا ئامادەیە. وەكچۆن پێویستیشی پێیەتی بۆ چاودێریكردنی ئەو دەسەڵاتانەی كۆمەڵگا بەڕێوەدەبەن. ئەم چاودێریكردنەی دەسەڵاتە وادەكات لەم وڵاتانەدا بەڕۆژنامە بگوترێت دەسەڵاتی چوارەم. دەسەڵاتێك كە كاری سەرەكیی بریتییە لەچاودێریكردنی سێ دەسەڵاتەكەی دیكە. مەبەست لەو سێ دەسەڵاتەش

دەسـەڵاتی یاسـادانانو دەسـەڵاتی راپەڕانـدنو دەسـەڵاتی داوەریکردنـە کـە ڕۆژنامەگـەری دەبێـت بەچـاودێرێکی بـەردەوام بەسـەریانەوە. خـاڵێکی دیکـە کـەوایکردوە ڕۆژنامەگـەریی لەوڵاتـە ئەوروپییەکانـدا پێداویـستییەکی گـرنگ بێـت شێوازی کارکردنو ڕێکخستنو بەڕێوەبردنی سیستمە ئابوورییەکانی ئەو وڵاتانەیە. سیـستمی ئـابوریی ئـەو وڵاتانـە پێویـستییەکی گـەورەیان بـەبوونی ڕۆژنامەگـەری هەیە، چونکە ڕۆژنامە یەکێکە لەکەناڵە هەرە گرنگەکانی ریکلام بۆ پەیوەنـدیکردن بەکڕیارو بەکارهێنەرانی کاڵاو بەرهەمە پیشەسازییەکانەوە. زەحمەتە بتوانین باس لەسیـستمی ئـابوریی ئـەم وڵاتانـە بکـەین بـەبێ ڕۆڵـی ریکـلامو ڕۆڵـی ڕۆژنامـە لەبڵاوکردنەوەی ریکلامدا. ڕۆژنامە یەکێکە لەسەرچـاوە سـەرەکییەکانی ناسـاندنی کاڵاو بەرهەمە ئابوورییەکان بەکۆمەڵگا. ئیـدی لەناسـاندنی داهێنانـە تەکنۆلۆژییـە تازەکانەوە بیگرە بۆ ئـەو فـیلمو شـانۆو ئاهەنگـە مۆسـیقیانەی کـە بەبـەردەوامی پیـشانو ئەنجامـدەدرێن. لایـەنێکی دیکـە کـە ڕۆژنامـە لـەو وڵاتانـەدا دەکاتـە پێویـستییەکی ڕۆژانــە سیـستمی سیاسـی ئـەو وڵاتانەیـە. ئـەم سیـستمانە پێویـستییەکی گـەورەیان بـەبوونی ڕۆژنامەیـە نـەك تـەنها بـۆ ئـەوەی لـەڕێگای ڕۆژنامەوە بتوانن هەڵوێستی حکومەتو سیاسەت لەوڵاتەکەدا روونبکەنەوە، بـەڵکو بۆئەوەی بشزانن خەڵکی ئەو وڵاتە چۆن لەو سیاسەتانە دەڕوانن‌و چـیان دەوێـتو رەخنە لەچی دەگرن‌و چیان پێباشەو دەیانەوێت چی لـەو سیاسـەتانەدا بگۆڕێـت. واتـە سیـستمی سیاسـی ئـەو وڵاتانـە، کـە سیـستمێکی دیموکراسـییە، پێویـستی بەکـەناڵی تایبـەت هەیـە بـۆ گەیانـدنی سیاسـەتو لێکدانـەوەو داخوازییـەکانی دەوڵەتو لەهەمانکاتدا بـۆ گـوێگرتنی دەوڵـەتو کۆمـەڵگاو دەزگاکـانی کۆمـەڵگای مەدەنیش لەراو بۆچوونی تاکەکەس‌و گروپ‌و هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکـانی نـاو ئەو کۆمەڵگایە. هەموو ئەمانە وادەکەن نەبوونی ڕۆژنامە لەکۆمەڵگایەکی ئەوروپیدا بەرادەیەکی زۆر ئیفلیجبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوریی‌و سیاسـی لێبکەوێتـەوە. ئـەم سـێ ئاسـتەی ژیـانی ئـەو کۆمەڵگایانـە پەیوەندییـەکی هێجگـار پتـەو و راستەوخۆی بەبوونی ڕۆژنامەوە هەیە. بەڵام ڕۆژنامە لەکوردوستاندا لەهیچ یەکێك لەو ئاستانەدا ئەم پێداویستییە گرنگە نییە. ئابوریی کوردوسـتان ئابوورییـەك نییـە

پێویـستی بەرۆژنامـە هـەبێت، کۆمـەڵگای کـوردیش کۆمەڵگایـەك نییـە بتوانێـت لـەڕێگای رۆژنامــەوە چـاودێری دەسـەڵاتداران‌و سیاسـییەکانی بکـات، سیـستمی سیاسـییش لەکوردوسـتاندا بەپێویـستی نازانێـت هەقیقـەتی سیاسـەتەکانی خـۆی لەرێگای رۆژنامەوە بەکۆمەڵگا بڵێت. بەڵام هەموو ئـەم راسـتییانە نـاتوانن وەڵامـی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە دەپرسێت "کێ لەکوردوستاندا پێویستی بەرۆژنامەیە؟".
**زیرەکییەکی ئەوتۆی ناوێت بۆ ئەوەی بزانین ئەوەی لەکوردوستاندا لەهـەمووان زیـاتر پێویستی بەرۆژنامە هەیـە حیزبـە.** رۆژنامـە لەکوردوسـتاندا بەشـێکە لەپێداویـستییە هـەرە سـەرەکییەکانی حیـزب. هـەر ئەمەشـە وایکـردوە حیزبـەکانی کوردوسـتان، بەتایبـــەتی دوو حیزبەباڵادەســـتەکە، بـــەدەیان رۆژنامـــەی حیزبـــی‌و رادیـــۆو تەلەفیزیۆنیان هەبێت. بەڵام حیزب رۆژنامەی بۆ چییە؟ بێگومـان بۆئـەوەی نییـە بزانێـت چـی لەکۆمـەڵگادا هەیـە، چـی روودەدات، خـەڵك چـۆن بیردەکاتـەوە، چ چاوەڕوانییەکیان هەیە، چۆن بیر لەسیاسەت‌و سیاسییەکان دەکەنەوە، باسی چی دەکەن‌و چ وێنەیەکیان لەسەر ئەو وڵاتە هەیە کە تێیدا دەژین. ئەوەی لەسیاسەتی کوردیـدا غـائیبی ژمـارە یەکـە ناسـینی ویـست‌و تێـڕوانین‌و داخـوازی‌و رەخنـەو چاوەڕوانییەکانی خەڵکە. لەسـەرێکی دیکـەوە حیـزب رۆژنامـەی بـۆ ئـەوە ناوێـت چاودێری چۆنێتی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی دەسەڵاتدارەکانی ناو حیزب بکات، یان بۆ چـاککردنەوەی هەڵـەو بەگژاچـونەوەی گەنـدەڵیی بـەکاریبهێنێت. هـەروەها بـۆ ئەوەشی نییە لەڕێگایەوە ریکلام بـۆ ئـابوریی وڵات بکـەن ئەگەرچـی حیـزب خـۆی گەورەترین گەمەکەری ئابورییـە لەوڵاتەکـەدا. ئـەی کـەوابوو حیـزب رۆژنامـەی بـۆ چییە؟ دیسانەوە پێویستمان بەوە نییە شارەزای زانستی سیاسی بـین بـۆ ئـەوەی تێبگەین حیزب لەکوردوستاندا رۆژنامـەی بـۆ ئـەوە دەوێـت بەکۆمـەڵگا بڵێـت ئـەو چـەند دڵـسۆزە، چـۆن لەهــەوڵی ئاوەدانکردنـەوەی وڵاتدایـە، چـۆن بەشـەو رۆژ بەرپرسان لەخەمی گەشەداندان بەئاستی ژیانی خەڵك، خانو دروستدەکەن، بەردی بناغەی ناشتنی دەیان‌و سەدان نەمام دادەنێن، سەفەر دەکەن بۆ وڵاتـانی دەرەوە بۆ ئەوەی مەسەلەی رەوای گەلەکەمان بەدونیا بناسێنن..هتد... بـەکورتی حیـزب رۆژنامــەی بــۆ پڕوپاگەنــدەکردن دەوێــت. بــۆ باســکردنی مــەزنی ســەرکردەو

بەرپرسەکان، بۆ فرۆشتنی نیشتمانپەروەریتیو دڵسۆزی بەخەڵك، بۆ شاردنەوەی گەندەڵیو نووقسانییەکان، بۆ دروستکردنی کێشەو بابەتو رووداوی لاوەکیو وەهمی، بۆ سەرقاڵکردنی خەڵك بەو مەسەلانەوە کە گرنگ نین، بۆ فرۆشتنی سەروەرییە دروستکراوەکانی خۆی بەخەڵك. ئەم هۆیانەیە وادەکەن حیزبەکوردییەکان ئەو پێداویستییە گەورەو هەڵئاوساوەیان بەرۆژنامەگەری هەبێت. بێگومان هەموو ئەو لێکدانەوانەی سەرەوە لەو راستییە کەمناکەنەوە کە کۆمەڵگای کوردیی ئەمڕۆ پێداویستییەکی هێجگار گەورەی بەرۆژنامەی ئازاد هەیە. رۆژنامەیەك لانیکەم بتوانێت ئەو بەشە لەناشیرینیو ناعەدالەتیو گەندەڵیی دەسەڵات بڵاوبکاتەوە کە پێدزکەدەکەنە ناو رۆژنامەکانەوە. **گەر ئەمڕۆکەش کۆمەڵگای کوردیی نەتوانێت هیچی ئەوتۆ لەو راستییانە بکات کە رۆژنامەکان بۆیان کەشفدەکەن، ئەوا بۆ مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیو بۆ نەوەکانی سبەینێ کارێکی گرنگە.** لانیکەم دەکرێت بەنەوەکانی داهاتوو بڵێین ئێمە لەرۆژگاری خۆماندا راستگۆیانە ژیانو درۆمان لەگەڵ خۆمانو کۆمەڵگاو دونیادا نەکرد. ئەوەی بەراستمان زانی بێترس نووسیمان.

**هێرش رەسوڵ: دەسەڵاتی سیاسی هەمیشە لەبەرامبەر رەخنەدا توشی دەمارگرژیو توڕەبوون دێت، چۆن دەکرێت رۆژنامەی ئازاد لەگەڵ دەسەڵاتێکی توڕە بەرهەمبهێنین؟**

**مەریوان وریا قانیع:**

بەبۆچوونی من ئاکاری سەرەکی دەسەڵاتی سیاسیی کوردی لەمڕۆدا دەمارگرژی نییە بەرامبەر بەرەخنە، بەڵکو بێباکیەتی. دەسەڵاتی سیاسیی کوردی کۆمەڵێك کێشەی هێجگار گەورەی هەیە رەنگە یەکێك لەهەرە گرنگترینیان بریتیبێت لەوەی کە رەخنە کاری تێناکات. ئەم دەسەڵاتە دونیایەکی دروستکردوە کە تیایدا نەکرێت لەدەرەوەڕا کاری تێبکرێت. لەدوای راپەڕینو لەساڵەکانی سەرەتای دەسەڵاتی کوردیدا ترسێك لەنووسینو بڵاوکردنەوە هەبوو، دەسەڵات دەمارگرژ بوو لەبەرامبەر رەخنەدا، ئەمەش وایدەکرد ستراتیژی

سەرەکی دەسەڵات لەو ساڵانەدا لەسەر ترساندنو هەوڵی بێدەنگکردنی دەنگە رەخنەییەکان بدەن. بەڵام هەستدەکەم لەئێستادا گۆڕانی گەورە بەسەر ستراتیژیەتی رێکخستنی پەیوەندی نێوان رەخنەو دەسەڵاتی سیاسیدا هاتووە. دەسەڵات لەمڕۆدا بەو رادەیەی جاران لەسەر ستراتیژیەتی بێدەنگکردنی دەنگە رەخنەییەکان کارناکات، بەڵکو لەسەر ستراتیژیەتی بێنرخکردنی ئەو دەنگانە کاردەکات. واتە ئەم دەسەڵاتە لەوە تێگەیشتوە کە ناتوانێت قەڵەمو دەنگە رەخنەییەکان بێدەنگکەن، بۆیە لەستراتیژیەتی بێدەنگکردنەوە گواستویانەتەوە بۆ ستراتیژیەتی بێنرخکردنی دەنگ. ئەمەش وایکردوە دەسەڵاتی سیاسیی کوردی ئەمڕۆکە کەمتر دەمارگرژبێت لەبەردەم رەخنەدا، بەڵام زیاتر لەهەموو کات بێباکبێت بەرامبەر بەرەخنەو بەتەواویش لەسەر بێنرخکردنی رەخنە کاربکات. بێنرخکردن لەرێگای ترساندنەوە نا، بەڵکو لەرێگای حیساب بۆنەکردنو چاونوقان بەرامبەریی. ئەمەش وایکردوە ئەمڕۆکە لەکوردوستاندا چەند رۆژنامەو ناوەندێکی ئازاد هەبن کە بتوانن ئەو قسەو باسو بابەتانە بهێننەپێشەوە کە دەسەڵات حەزی پێیان نییە. ئەمەش مانای ئەوەی کە جۆرێك لەئازادیی رادەربڕینو ئازادیی نووسین لەکوردستاندا هەیە کە وابەستەی ئەو گۆڕانەیە کە لەسیستمی سانسۆرو مامەڵەکردن لەگەڵ رەخنەدا لەو وڵاتەدا هاتۆتەکایەوە. وەك وتم گۆڕان لەبێدەنگکردنی رەخنەوە بۆ بێنرخکردنی رەخنە. بەبۆچوونی من دەسەڵاتێك رەخنە دەمارگرژی دەکات کە ئامادەبێت گوێ لەرەخنە بگرێت، یان لانیکەم لەرەخنە بترسێت. بەڵام دەسەڵاتی کوردیی دەسەڵاتێکە چونکە زۆر داخراوە لەرەخنە ناترسێت. ئەوەی ئەمڕۆ ئەم دەسەڵاتە بەڕێوەدەبات کۆمەڵێك دەزگاو یاساو میکانیزمی دەزگاییانەی دەسەڵات نییە، بەڵکو کۆمەڵێك کەسایەتیو خێزانو بنەماڵەی تایبەتە. هەریەکێکیش لەمانە دونیایەکی داخراوە. ناکۆکییەکانی ناو خۆیان نەبێت کە دەشێت ببێتە مایەی فشارو مەترسی بۆیان، وەك ناکۆکی نێوان باڵێكو باڵێکی دیکەی دەسەڵات، یان ناکۆکی نێوان ئەم کەسی بنەماڵە لەگەڵ ئەو کەسی دیکەدا، دەڵێم ئەم ناکۆکییە ناوەکییانە نەبێت کە دەشێت مەترسی راستەوخۆ لەسەر ئەم دەسەڵاتە دروستبکات، لەناو کۆمەڵگا

خۆیدا ئامرازی فشاربۆهێنانو لێپرسینەوەی ئەم دەسەڵاتە زۆر لاوازە. ئەمەش وادەکات ئەم دەسەڵاتە کەمتر دەمارگرژبێت بەرامبەر بەرەخنە، بەڵام هێجگار بێباکبێت بەرامبەری. بێگومان ئەمە بەمانای ئەوە نییە کە خەڵکو نووسەرانو رۆژنامەنووسانو ئەکتیڤیستانی سیاسی ناتوانن هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر ئەم دەسەڵاتەو شێوازەکانی ئیشکردنی هەبێت. مێژووی ئێمە هێشتا نەچۆتە قۆناغی داخرانی تەواوەتییەوە. بەپێچەوانەوە دەکرێت رۆژنامەگەری، بەجۆرێك لەجۆرەکان، کاریگەری لەسەر دەسەڵات هەبێت، بەڵام ناکرێت چاوەڕوانی ئەوە بین کاریگەرییەکان گەورەو راستەوخۆو دەستبەجێبن. دەبێت عەقڵیەتی رەخنەگرانەی خۆمان لەگەڵ ئەوەدا رابێنین کە پێویستە بەردەوامبین لەرەخنەگرتندا گەرچی دەرەنجامی راستەوخۆی ئەم رەخنانەش نەبینین. ئەوەی رۆژنامەگەریی کوردی، مەبەستم رۆژنامە ئازادەکانە، نابێت لەدەستیبدات ئەو نەغمەی تووڕەبوونەیە لەدەسەڵات کە لەساڵانی رابردوودا سەرکەوتوانە دروستیکردوە. ئەگەر ئەم رۆژنامەگەرییە بکرێت ئایندەیەکی گەشی هەبێت ئەوا پێویستە ئەم نەغمەی تووڕەبوونو رەخنەگرییە درێژەپێبداتو بەهێزو بەردەوامیبکات.

**هێرش رەسوڵ: چی بکرێت بۆئەوەی فەزای ئازادیی رادەربڕین لەکوردستان فراوانبکرێتو میدیا ببێتە دەسەڵاتی چوارەم؟**

**مەریوان وریا قانیع:**

میدیا کاتێك دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم کەسێ دەسەڵاتەکەی دیکە لەیەکدیجیاکرابنەوەو توانیبێتیان بەسەربەخۆییو بەگوڕو تواناو کاریگەریی خۆیانەوە ئامادەبن. تۆ ناکرێت میدیات وەك دەسەڵاتی چوارەم هەبێت لەکاتێکدا بۆ نموونە، دەسەڵاتی داوەرییکردن، وەك دەسەڵاتێکی سەربەخۆو کاریگەر ئامادەنەبێت. ناکرێت میدیا ببێتە دەسەڵاتی چوارەم گەر دەسەڵاتی یاسادانانو دەسەڵاتی راپەڕاندن لەیەکدی جیانەکرابنەوە. واتە بۆئەوەی میدیا ببێتە دەسەڵاتی چوارەم پێویستە سێ دەسەڵاتەکەی دیکە لەیەکدیجیاکرابنەوە.

مەبەستم لەوەش جیاکردنەوەی دەسـەڵاتی یاسـادانانو راپەڕانـدنو  داوەریکردنـە لەیەکدی. گرنگی ئەم جیاکردنەوەیەی دەسەڵاتەکان لەیەکـدی بـۆ رۆژنامەنووسـان هێجگار گرنگـە. ئەگـەر رۆژنامەنوسـێك کێـشەی لەگـەڵ بەرپرسـێکی سیاسـیدا بـۆ دروستبوو، ئەوکات سیستمێکی داوەریکردنی سـەربەخۆ هـەبێت کـە ئـەم کێـشەیە بەشێوەیەکی یاسـاییو دادپەروەرانـە بـەلادابخات. نـەك بەتەلـەفۆنی بەرپرسـێکی سیاسـی داوەرەکـە ناچـاربکرێت رۆژنامەنوسـەکە زینـدان بکـاتو حـوکمێکی قەرەقۆشیانەی بەسەردابدات. **دەسەڵاتی چوارەم کاتێك دروستبێت کـە هەندەسـەی دەسەڵاتەکان لەپەیوەندییـەکی تەندروسـتو سـەربەخۆدابن لەگـەڵ یەکدیـدا.** بۆیـە هەنگاوی هەرەگرنگی زیـادکردنی پانتـایی ئـازادیی رۆژنامەنووسـی لەکوردوسـتاندا بەپێـداگرتنو ئیـشکردنی بـەردەوامی رۆژنامەنووسـانە لەسـەر جیاکردنـەوەی دەسـەڵاتەکان لەیەکـدی. واتـە رۆژنامەگـەریی سـەبەخۆ دەبێـت بـەردەوام ئـەوە بـەبیری کۆمـەڵگاو هێـزە رەخنەییـەکان بهێنێتـەوە کـە ئـەم دەسـەڵاتانە لەکوردوسـتاندا لەیەکـدی جیانەکراونەتـەوە. لـەدەرەوەی ئەمەشـدا پێویـستە کاربکرێـت بـۆ لابردنـی ئـەو برگـە یاسـاییانەی کـە ئـازادیی رۆژنامەنووسـان بەرتەسکدەکەنەوەو دەیانکەنە نێچیرێکی ئاسان لەبـەردەم تووڕەبـوونی ئـەم یـان ئەو سیاسیو بەرپرسدا. خاڵێکی دیکە دامەزراندنی سەندیکایەکی رۆژنامەنووسـیی راستەقینەیە کە ئامادەبێت لەسەر دروستکردنی کێشەی ناهەق بۆ رۆژنامەنووسـان بێتەدەنگو هەموو دونیا لەگرتنو ئازاردانی رۆژنامەنووسـان تێبگەیـەنن. بـەکورتی زیادکردنی پانتایی ئازادیی رادەربڕینو نووسینو بڵاوکردنەوە پێویستی بەخـەباتو هەوڵو کۆششێکی گەورەو رۆژانە هەیە.

**د. مەگدید سەپان** – دکتۆرا لەراگەیاندن (*)

**لەتەوەری:**

**یاسای راگەیاندن و ئازادیی رۆژنامەنووسیی**



**"لە قسەکردن تەواو ئازادین، نەمزانیوە کەسێك لەسەر قسەکردن، لەم دوو ساڵەی دوایی گیرا بێ!"**

* ئەم دیدارە لەنیسانی ٢٠٠٧ دا سازکراوە. ئەوکاتە (د.مەگدید سەپان) سەرۆکی بەشی راگەیاندن بوە لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین.

## د. مەغدید خدر سەپان

–١٩٦١/١/١٠ لەگوندی گڕاوی سەر بەهاوینەهەواری پیرمام لەدایکبوە.
– بۆ ماوەی حەوت ساڵ (١٩٧٦ – ١٩٨٣) لەچاپخانەی کوردستان لای گیو موکریانی کاریکردوە.
– لە١٩٨٣ ئامادەیی لەهەولێر تەواوکردوە.
– لە١٩٨٣ چوەتە وڵاتی سوید.
– لە١٩٨٨ – ١٩٩٣ خوێندنی بەکالۆریۆس و ماستەری فاکولتێتی رۆژنامەنووسی زانکۆی سانکت – پێتربورگی خوێندوەو ماستەرنامەکەی لەسەر (فیلمی دۆکیۆمێنتی) بوە.
– لە١٩٩٨ لەهەمان زانکۆو فاکولتێت دکتۆرای وەرگرتوە، تێزی دکتۆراکەی بەناوی (چاپەمەنیی رەوەندی کورد.. مێژووی سەرهەڵدان و قۆناغی سەردەم) بوە.
– ١٩٩١ فیلمێکی دۆکیۆمێنتی بەرهەمهێناوە.
– دوو ساڵ (١٩٩٦ – ١٩٩٨) سەرنووسەری رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" بەزمانی روسی بوە.
– دەیان وتاری بەزمانەکانی سویدی، روسی و کوردی لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە.
– دوو پێشانگای فۆتۆگرافی کردۆتەوە.
– کتێبەچاپکراوەکانی: بەرپرسانی حکومەتی هەرێم لەچەند چاوپێکەتنێکی رۆژنامەوانی– ستۆکهۆڵم ١٩٩٤. چاپەمەنیی رەوەندی کورد.. مێژووی سەرهەڵدان و قۆناغی سەردەم– سانکت پێتربورگ ١٩٩٨ بەزمانی روسی. تیۆری رۆژنامەوانی– ستۆکهۆڵم ٢٠٠٠، ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی رۆژنامە (١٤٥٠ – ١٥٠٠)– هەولێر ٢٠٠٥. ئاژانسەکانی دەنگوباس– هەولێر ٢٠٠٦. ئەگەر رۆژنامەنووس هات– سلێمانی ٢٠٠٨.

**هێرش رەسوڵ: رۆژنامەی حیزبی لەئێستادا کـۆنترۆڵی گۆڕەپانەکـەی کـردووە، ئـەو گۆڕەپانە بـەچ شـێوەیەك لـەو رۆژنامەیـە دەسـەنرێتەوەو دەدرێتـەوە بەرۆژنامــەی ئــازاد لەکاتێکــدا حیــزب پارەیــەکی خــەیاڵی بــۆ رۆژنامەکانی خۆی تەرخاندەکات؟**

**د. سە پان:**

من **بـاوەڕ ناکـەم، ئـەم گۆڕەپانـە بتوانـدرێ لەحیزبـەکان بـسەندرێتەوە، چونکە حیزبەکان لایان گرنگ نییە، تیراژی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیان چـەندە؟ بینـەری کەناڵ‌و بیـسەری ئێزگـەیان چـەندە؟ ئـەوان لەسـەر سیاسـەتی خۆیـان بـەردەوامن.**
ئەوەش لەوانەیە زۆر هەلەنەبێ، چونکە لـەزۆر وڵاتـانی جیهـان حکومـەت خـاوەنی کـەناڵی TV و دەزگـای راگەیانـدنی خۆیـەتی. لەسـوید حیزبـەکانیش راگەیانـدنی خۆیان هەیە، بەڵام سیاسەتی بـەڕێوەبردنی رۆژنامـەکان تـەواو لەگـەڵ کوردسـتان جیایە. لەیەك ڕۆژنامەی تەواو و نزیکەی ٥٠ لاپەڕە تەنیا دوو لاپەڕە بیروبۆچـوونی حیزبی تێدا بڵاودەکرێتەوە، ئەوانـەی تـر مـرۆڤ هەسـتناکات رۆژنامەکـە سـەر بـەچ حیزبێکـە؟ رۆژنامـەی DN (داگیـنس نیهێتـەر) گـەورەترین رۆژنامـەی بـەیانیانی هەموو سکەندناڤییە، رۆژانە نزیکەی یەك ملیۆن‌و نیو کەس دەیخوێنێتەوە، لەگەڵ ئـەوەش ئـەم رۆژنامەیـە سـەر بـەبلۆکی بۆرژوایـەو دەشـزانین، بـەردەوام سۆسـیال دیموکرات حوکمیان بەدەستەو وڵات بەڕێوەی دەبەن.

ئێمە دەتوانین ببینە خاوەن راگەیاندنی ئازاد ئەگەر:

- وەزارەتی رۆشنبیری یارمەتی دەزگاکان بدات، نەك حیزب.
- لەو کاتەی راگەیاندن لەئارەزووەوە بەپسپۆری دەگۆڕدرێ. یانی ئـەو کەسـانەی لەراگەیاندنـەکان کـار دەکـەن، دەبـێ بەشـێوەیەکی ئـەکادیمی فێـری پیـشەی رۆژنامەنووسی بووبن!

لەو کات لەوانەیە پێشبڕکێیەك لەنێوان ڕۆژنامەکانی ئازادو حیزبی پەیدا دەبێ، بۆ ئەوڕۆژەش بەلای کەم بیست ساڵمان پێویستە.

**هێرش ڕەسوڵ: باری ڕۆژنامەنووسیی کوردیو ڕۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستان لەژێر سێبەری یاسای چاپەمەنیدا چۆن دەبینیت، پێتوایە ئەمە خۆی بەیاساییکردنی کۆتوبەندەکانی دەسەڵات بێت بەسەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسیدا؟**

**د. سەپان:**

ئێمە یەك لاپەڕەو نیو یاسای چاپەمەنیمان لەکوردستان هەیە. من لەگەڵ د. ڕەزوان بادینیو مامۆستا ڕەحیم سورخی پرۆژەیەکی یاسای چاپەمەنیمان نووسیو لەکۆتایی مانگی پێنجی ساڵی ٢٠٠٦ دامانە پەرلەمانو ئەوانیش بەرەسمی بەوەزارەتی ڕۆشنبیرییان داوە. ئێستا زیاد لەشەش مانگە لەوەزارەت کەوتووەو بڕیارە لەم ماوەیە پاش هەندێك دەستکاری بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی بنێرنەوەو لەوێشەوە دیسان بۆ پەرلەمان. ئەوان هیچ پەلەیان لەدەرکردنی ئەم یاسا پێویستەی ئێمە نییە! دەبێ لەکوردستان یاسا بۆ هەموو کەسێك سەروەر بێ! ئەمەش نەك تەنیا یاسای چاپەمەنی، بەڵکو هەموو یاسایەك! جارێ لەو جۆرە سیستێمەمان لەکوردستان نییە، بەڵام خەڵك هەن کار بۆ ئەوە دەکەن و منیش زۆر گەشبینم! ئەمەش کاتی زۆری دەوێ.

**هێرش ڕەسوڵ: ڕۆژنامەی حیزبی لەهەرێمی کوردستاندا تاچەند توانیویەتی ئازادیی ڕادەبڕینی تیا بپارێزرێت؟**

**د. سەپان:**

**لەو بڕوایەدام، ڕۆژنامەنووسان ئازادییان زۆر لەوە زیاتر هەیە، لەوەی کە توانیویانە سوودی لێوەر بگرن!**

**هێرش ڕەسوڵ: پێتوایە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لەئازادیی قسەکردندا کورتدەکرێتـەوە گەر هاتوو کایەی سیاسی قسەکانی بەهێند وەرنەگرێت؟ واتا تاچـەند پێتوایە کەلێنێك لەنێوان کایەی سیاسیی کوردیو میـدیای کوردییـدا هەیە؟**

**د. سەپان:**

ئازادیی ڕاگەیاندن لەهـەموو وڵاتێـك لەچوارچـێوەی یاسـاو دابونەریتـە. ئێمە دابونەریتمان هەیە، نەمانتوانیوە وەك پێویست سـودی لێـوەربگرین، چـونکە بەئاشکرا لەهەندێك دەزگـاو سـایتی ئینتـەرنێت جـوێن بەیـەکتر دەدەن! ئەمـەش لەدابونەریتی کوردەواری ناوەشێتەوەو نییە.

ئێمە لەقسەکردن تەواو ئازادین، نەمزانیوە کەسێك لەسەر قسە کردن، لـەم دوو ساڵەی دوایی گیرا بێ!

ڕۆژنامەنووسان لەکوردستان توانیویانە سیاسییەکان لەهەنـدێك نووسـین بێـزار بکەن، بەڵام نەیانتوانیوە جێگاو کورسی لەق بکەن! نموونەش لەسـەر ئـەوە زۆرن من نامەوێ ناوی ئەو کەسانەی لەو چەند مانگەی دوایی زۆربەی میدیایان بەپاسـاو هێنانــەوە بــۆ قــسەکانیان خــەریك کردبــوو بهێــنم، چــونکە وەك جــاران ڕۆڵــی پاشایەتییان دەگێڕنو حیزبەکانیش تەواو لەپشتیانە.

## **مەلا بەختیار** - سیاسی‌و ڕووناکبیر (*)

**لەتەوەری:**

**ئازادیی ڕۆژنامەنووسیی لەنێوان میدیای حیزبی‌و ئەهلییدا**



**"سەرەڕای ئەو سنورانەی لەسەر ئازادی هەیە، وەکو تێستی ئازادی لەڕۆژنامەی ئەهلیدا بەتێستێکی باشی دەزانم"**

* ئەم دیدارە لەحوزەیرانی ٢٠٠٧ دا سازکراوە.

## حیكمەت محەمەد كەریم (مەلا بەختیار)

- ١٩٥٤/٨/٢٠ لەگوندی (مەركەز حدودی بانین) سەر بەناحیەی قۆرەتوی خانەقین لەدایكبوە.
- ١٩٧٠/٦/١٠ پەیوەندیی بەریزەكانی (كۆمەڵەی ماركسی لینینی كوردستان)ەوە كردوە.
- ١٩٧٣ ئەمری گرتنی لەلایەن بەعسەوە دەرچووە.
- ساڵی ١٩٧٤ چۆتە ریزی شۆڕشی ئەیلولەوە.
- ١٩٧٥/٩/٥ ئەمری گرتنی لەلایەن بەعسەوە دەرچۆتەوە.
- ١٩٧٦ لێپرسراوی تەواوی رێكخستنەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانو یەكێتی لەسەرانسەری كوردستاندا بووە.
- كۆتایی ساڵی ١٩٧٦ چۆتە ریزی شۆڕشی نوێ.
- لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا چەندین پلەی حزبیو پێشمەرگایەتی وەرگرتوە.
- ساڵی ١٩٧٩ یەكەمین بێژەری رادیۆی دەنگی شۆڕشی عیراق (دەنگی گەلی كوردستانی ئێستا) بوە.
- سەرپەرشتیاری گۆڤاری "نۆژەن"و رۆژنامەی "ئاڵای شۆڕش" بوە، كە لەشاخ دەرچوون.
- ماوەیەك سەرپەرشتیاری رۆژنامەی "كوردستانی نوێ"و "تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان" بوە.
- ئەندامی یەكەمین خولی پارلەمانی كوردستان بوە.
- چەندین كتێبو نووسینو وتاری بۆ سەر زمانەكانی عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، دانیماركی وەرگێڕدراون.
- ٢٠٠١ لەدووەمین كۆنگرەی یەكێتی دا بوەتە ئەندامی مەكتەبی سیاسیو ٢٠٠٧ بوەتە كارگێڕی مەكتەبی سیاسیو دواتریش وتەبێژی رەسمی مەكتەبی سیاسی.
- سەرنووسەری گۆڤاری "مەدەنیەت" ە.
- خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرسی رۆژنامەی "چاودێر"و سایتی "چاودێر" ە.
- كتێبە چاپكراوەكانی: (شۆڕشی كوردستانو گۆڕانكارییەكانی سەردەم، یاخی بوون لەمێژوو، كۆبەندی چەند بابەتێك، دیموكراسی دوای جەنگی سارد، كوردناسێكو شورەویو كورد، لەخزمەتی ئەدەبدا، ئازادیو كۆمەڵی مەدەنی، دیموكراسی لەنێوان مۆدێرنێتەو پۆست مۆدێرنێتەدا، دیموكراسیو دوژمنانی).

**هێرش رەسوڵ: تاچەند ئـازادیی رادەربـڕین لەرۆژنامەنووسـیی کـوردی ئامـادەگی هەبوە؟ چۆن؟**

**مەلا بەختیار:**

بۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیارێکی ئـاوا دەبـێ لـەخودی (ئـازادی) یـەوە دەست پێبکـەم، کـە ئـازادی بەچـەمکە زانـستیی هەمەلایەنەکـەی چـییە؟ ئـازادی لەگەڵ خولقەتی مرۆڤـە، لەگـەڵ ژیـانی مرۆڤـە، لەگـەڵ پێکهاتـەی هەسـتو پـژانی زمانو تێکەڵاوبوون بەسروشتو ژیانی کۆمەڵایەتی ئازادی بەشێوەیەکی خۆرسـکی لەگـەڵ لـەدایکبونی مـرۆڤ وەکـو هەسـت، وەکـو زمـان، وەکـو پێویـستی ژیـان لـەدایکبوە، بـەرە بـەرە لەگـەڵ رۆژگـاردا هــەر دیـنو فەلـسەفەو دەسـەڵاتێك لەبەرەبەیانی مێژەوەوە تا ئێـستا هـەبوبێ شـتێك لـەئازادی کەمکردۆتـەوە، هـەتا باشترین سیستمی ئازادی لەدنیادا شتێك لەئازادی کۆنترۆڵدەکا، **رێکخستنی ئازادی خۆی کـۆنترۆڵکردنی ئازادییـە بەشـێوەیەك لەشـێوەکان، واتـە ئەوەتـەی دەسـەڵاتی رۆحی، دەسەڵاتی دنیایی پەیدا بووە بەشێوە سەرەتاییەکەی هەتا شـێوە مۆدێرنەکـەی ئیشیان لەسەر ئەوە کردوە چۆن ئـازادی بەشـێوەیەك لەشـێوەکان کـۆنترۆڵ بکـەن،** هەڵبەتە لەسەردەمی مۆدێرنێتەو دیموکراسیدا جیاوازییەکی گەورە هەیە بۆ ئازادی دابینکردن لەچاو سیستمی کۆیلایـەتیو دەرەبەگایـەتیو ئـەو سـەردەمانە، ئێـستا ئازادییەکی زۆر هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دەسەڵاتێك نیـە لـەدنیادا یاسـای نەبێ، دەستوری نەبێ، دەستوری هەمیـشەیی بـێ یـا کـاتی، هـیچ دەسـتورێکیش لەدنیادا نیە ژیان رێکنەخا، دەسەڵاتەکان رێکنەخا، مافەکان رێکنـەخا، ئەرکـەکان دیارینەکا، کەوابێ هەر سـوننەتی گەشـەکردنی ژیـان خـۆی وا بـوە تـا ئـەم چـرکە ساتەی ئێمە قسەی تێدا دەکەین، تـا مـەودای نـەبینراوی تـریش لەژیانـدا، ئـازادی

خراوەتە چوارچێوەیەكی چۆنێتی ڕێكخستنی خودی ژیان، خـودی دەسـەڵاتەكان، خودی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان، پەیوەندیی تاكو كۆ، كۆو تاك، ئازادی وەكو بابـەت، ئـازادی وەكـو چـەمك، ژیـانیش وەكـو بابـەت، ڕێكخـستنی پەیوەندییـە سیاسیەكانی، پەیوەندییە فەلـسەفیەكانی، پەیوەندییـە ڕۆحیـەكانی، پەیوەندییـە ئاكارییەكانی ئازادیو ئەو ئازادییەی دەبەخشێ، ئەمە خـۆی لەخۆیـدا گیروگارێكـە لەژیاندا هـەتا ئێستاش ماوە، تـا ئێـستاش ئیـشی لەسـەر دەكـرێو تـا ئێـستاش ناكۆكییەكی گەورە لەنێوان ئازادیی تاكو ئـازادیی سیـستەم هەیـە، ئـازادیی تـاكو ئازادیی كۆمەڵ هەیە، ئازادیی تاكو نەریت هەیە، ئـازادیی تـاكو ئـازادیی ئـەخلاقی هەیـە، ئەمانـە هـەمووی مەسـەلەی گـرنگ گـرنگن جـارێ لەژیانـدا نـاكرێ هـەروا بەدابڕاوی، بەپەتی، بەئازادیی پەتی سەیری ئازادی بكرێو حوكمی لەسـەر بـدرێ، ئەمـە بەنـسبەت ئازادییــەوە، لــەم باوەڕەشــدام ئــیتر لەمــەودوا، لەســەردەمی جیهانگیریـدا ئـازادیو ژینگـەی ئـازادی هەمیـشە كەمـە كەمـە لەگەشـەكردندایە بەتایبەتی لەو وڵاتانەی ئـازادی نیـە، ئـازادی كەمـە، ئـازادی كـۆتكراوە، هەمیـشە ئازادی لەگەشەكردنو لەبەرەوپێشچوندایە بەتایبەت لەو وڵاتانـەی كـە ئێمـە تێیـدا دەژین، لەئایندەی هەر دوریشدا ئازادی سەرانسەری جیهان دەگرێتەوە. سەبارەت بـەكورد، **كـورد كۆمـەڵێك كـۆتی لەسـەر ئـازادی هەیـە، كـۆتی دەسـەڵات، كـۆتی كۆمەڵایەتی، كۆتی ئاین، كۆتی باوكسالاری، كۆتی تەریقەت، كۆتی مەزهەب، كۆتی كلتور، كۆتی پاشماوەكانی هۆزایەتی، كـۆتی پاشماوەكـانی دەرەبەگایـەتی، كـۆتی نەریت،** ئەمانە هەموو كۆتن لەسەر ئازادی هەیە تا ئێستا، ئـەم سیـستەمەی ئێمـە لەدوای ڕاپەڕینەوە، یەكەمینجارە لەدوای ڕاپەڕینەوە دەتوانین بڵـێین دەسـەڵاتمان هەیە، ناتوانین بڵێین هێشتا دەوڵەتێكی دەسەڵاتدارمان هەیە، دەسـەڵاتمان هەیـە، دەمانـەوێ لەئاینـدەدا ئـەم دەسـەڵاتە بـەرەو دەوڵەتمـەداری ببـەین، دەوڵـەتێكی سیستماتیك كە ئۆرگانەكانی بەتەواوەتی بچەسپێو بەرەو ئەوەی بەرین كە جـارێ ئێمە دەوڵەتمان نیە، لەئەوروپا دەوڵەت هەیە، دەسەڵات دەگۆڕێ، ئێمە دەسـەڵات دەگۆڕینو جارێ دەوڵەتمان نیە، تۆ دەوڵەتت هەبێو دەسـەڵات بگـۆڕی، دەوڵـەت لەسـەر بنـەمای پتـەوی دەسـتوری، ئـابوری، كۆمەڵایـەتی، فەرهـەنگیو هەرسـێ دەسەڵاتەكان دادەنرێ، دەستوری هەیە، هەر دەسەڵاتێك بـێ نـاتوانێ بـەئارەزوی

خۆی ئەو پێکهاتەیە بگۆڕێ، گەشەی پێدەدا، ئیدارەی پێدەدا، بەڵام ناشتوانێ سەراپای بگۆڕێ، لای ئێمە تا ئێستا وانیە، پانزە ساڵو شانزە ساڵو بیست ساڵو بیستو پێنج ساڵ تەمەن نیە بۆ لەمەحەکدانی ئازادی، بەتەسەوری من ئەمەی کوردستان هێشتا تێستە، تێستی ئازادییە، ئەم تێستی ئازادییە ئەگەر لەبواری رۆژنامەنووسیی ئازاددا هەڵبسەنگێنین، من پێموایە تێستێکی باشە، بۆچی باشە؟ لەتێستێکدا سانسۆر نەبێ، کەواتە ئازادی هەیە، واتە **بۆ ئەوەی بزانی ئازادی تا چ رادەیەك پێشکەوتوە دەبێ بەدوای قەڵەمە سورەکانی سانسۆر بگەڕێی،** ئەگەر قەڵەمە سورەکانی سانسۆر لەناو ئەو ئازادییە نەبوو، مەبەستم قەڵەمی سوری دەسەڵاتە، مانای ئەوەیە تێستی ئازادی لەبواری رۆژنامەدا رۆیشتوە، بەڵام ئایا ئەمە هەموو هەقیقەتەکانی ئازادییە؟ نەخێر. دوو هەقیقەت هەیە دەبێ لەپشتی ئەم تێستەوە بیخوێنینەوە، هەقیقەتی یەکەم ئەوەیە: **ناشێ بڵێی رۆژنامە ئەهلییەکانی ئێمە مادام مقەستی سانسۆر لەسەر ئازادییان نیە، ئیتر هەرچییەکیان دەوێ توانیویانە بیڵێن،** نەخێر، دەزانین هەژمونێکی دەسەڵات، هەژمونی یاسا، هێزی دەسەڵاتو دەسەڵاتی بەهێز لەسەروو ئەو قەڵەمو ئەو رۆژنامانە هەیە، کە ناتوانن بڵێن ئێمە هیچ حیسابێك بۆ ئەمانە ناکەین، بیانەوێو نەیانەوێ حیساب بۆ ئەوانە دەکەنو دەبێ لەهەقیقەتدا بیکەن، هەژمونی نەریتو هەژمونی کاریگەرییەکانی نەریتی کۆمەڵ، کێ دەتوانێ لەناو ئەم کۆمەڵەبڵێ گوێ نادەمە نەریت؟ ئەمە دوەمین هەژمون، سێیەمین هەژمون هەژمونی ئاینو مەزهەب، کێ دەتوانێ بڵێ من هیچ گوێ نادەمە ئاینو مەزهەب لەئازادیی رادەربڕین؟ لەئەوروپا هەژمونی ئاینو مەزهەب بەو شێوەیەی کە لێرە هەیە، لەسەریان نیە، واتە لەسەدا دە.. لەسەدا پانزە حیساب بۆ ئاینی مەسیحیو مەزهەبەکانی مەسیحیەت دەکرێ، بەڵام وەکو لای ئێمە نیە، دەتوانم بڵێم ئێمە دەبێ لەسەدا هەشتاش حیساب بۆ مەزهەبو ئاینەکان بکەین، ئەمانە هەمووی بتەوێو نەتەوێ سنور بۆ ئازادی دادەنێ، بۆیە من بەش بەحاڵی خۆم سەرەڕای هەموو ئەو هەژمونانەی باسمکرد، سەرەڕای ئەو سنورانەی لەسەر ئازادی هەیە، وەکو تێستی ئازادی لەرۆژنامەی ئەهلیدا، وەکو قۆناغی سەرەتایی بەتێستێکی باشی دەزانم.

**هێرش رەسوڵ: رۆژنامەی حیزبی لەئێستادا کـۆنترۆڵی گۆڕەپانەکـەی کـردوە، ئـەو گۆڕەپانە بـەچ شـێوەیەك لـەو رۆژنامەیـە دەسـەنرێتەوەو دەدرێتـەوە بەرۆژنامـەی ئـازاد لەکاتێکـدا حیـزب پارەیـەکی خـەیاڵی بـۆ رۆژنامەکانی خۆی تەرخاندەکات؟**

**مەلا بەختیار:**

کێشەی پارە، هەندێ لەرۆژنامەکانی ئێمە چارەسەرییان بۆکردووە، ئێستا بـوون بـەکۆمپانیا، قـازانج دەکـەن، مـن بـاوەڕ ناکـەم ئەمـە بـۆ هەنـدێ لەرۆژنامەکان کێشەیەکی گەورە بێ، ئەسڵەن هەندێ لەرۆژنامەکان بەناوی ئـەوەی ئەهلیین زۆرتریان لەرۆژنامەکانی ئێمە دەستدەکەوێ کـە هەنـدێ لەرۆژنامـەکانمان لەسایەی حزبیـشدا دەردەچن، ئەمـە کێشەیەکی نیـە، هـەروەها **شـتێکی زۆر زۆر ئاساییە کە حزب ئەگەر ئیمکانیەتی هەبێ بۆ رۆژنامەو کـەناڵی راگەیانـدن سـەرفی بکا، ئەمە شتێکی زۆر نامۆ نیە لەژیاندا، لەئەوروپاش وایە،** بـچۆ سـەیری تەلـەفزیۆنی حزبو دەسـەڵاتەکانی ئـەوروپا بکـە، بـچۆ سـەیری رۆژنامـەو گۆڤارەکانیـان بکـە، بێگومان چی پێویست بکات بۆی سەرفدەکەن ئەگـەر ئیمکانیاتیـان هـەبێ، هـەروا ئەگـەر لـەلای ئێمـە هێـشتا حزبـەکانمان رانـەهاتبن بـەبازرگانی ئـازاد، لەئـەوروپا حزبەکان بازرگانییەکی ئێجگار ئازادانە دەکەن، داهاتێکی زۆریـان هەیـە، بەشـێکی ئەو داهاتانە بۆ ریکلامی حزبەکانیان، بـۆ ریکلامـی رێکخراوەکانیـان، بـۆ ریکلامـی رۆژنامەکانیان سەرفدەکەن، ئەویش هەر بەپێی یاسـا سـەرفیدەکەن، لەبـەر ئـەوە هەنـدێ لەرۆژنامـە ئەهلییـەکان توانیویانـە شـێوەیەك لەچارەسـەر بـۆ خۆیـان بدۆزنەوەو چاکیان کـردوە، هەنـدێکیتر کـە نـەیانتوانیوە شـێوەیەك چارەسـەر بـۆ خۆیـان بدۆزنـەوە بـەغیلی بـەوە نەبـەن حـزب ئیمکانیـەتی هەیـەو ئـەوان نیانـە، ئـەوانیش بـچن بگـەڕێن بـەدوای شـێوە چارەسـەری بـاش بـۆ مەسـەلەمادیەکانی خۆیان، لەبەر ئەوە من ناتوانم ئێستا بڵێم سـنور بـۆ دەسـەڵاتی دارایـی حزبـەکان دابنـرێ لەبەرئـەوەی رۆژنامـەکانیان دەوڵەمەنـدە یـان دەوڵەمەنـد نیـە، چـەند ئیمکانیەتت هەیەو چەند بۆ رۆژنامەکەت سەرفدەکەی ئەوە نابێتـە مایـەی ئـەوەی رۆژنامەکەت باشترین رۆژنامە بێ ، لەدنیادا وانیە. رۆژنامەکەی تۆ چ رۆژنامەیەکـە،

چ پـەیامێکی پێیـە، چـەند خزمـەتی هەقیقەتـەکانی کۆمـەڵو ئازادییـەکانی تـاکو کۆمەڵ دەکات، ئەمە مەسەلەی مەحەکە.

**هێرش رەسولْ: بۆچـونت لەسـەر ئـەو مۆدێلەکارکردنـەی رۆژنامـەی حیزبـی چـۆنە؟ پێتوانیە پێویستە لەئێستادا رۆژنامەی حیزبیش لەو سـتایلە دەرچـێتو لەهـەواڵو زانیـاریی تەشـریفاتی دورکەوێتـەوەو کرانـەوە بەخۆیـەوە ببێنێت؟**

**مەلا بەختیار:**

مـن پێموایـە تۆزێـك ئـاڵوگۆڕی دەوێ، نـاتوانم بڵـێم نایـەوێ، بـەڵام مەسەلەی تەشریفاتی لەئەوروپاش مەسەلەیەکی ئاساییە، لەهـەموو لایـەك، ئێـستا تۆ سـەیری تەلەفزیۆنـەکان بکـە، واتـە ئەوانـە زۆر بەدیققـەت هـەواڵی تەشـریفاتی رێکدەخـەنو بەسـەر هـەموو کەناڵـەکانی دنیـای دابەشـدەکەن، کـەس نـاتوانێ بـەئارەزووی خـۆی دەسـتکاری ئەتـەکیاتو تەشـریفاتی ئەوانـە بکـا، گرتـەی تەلـەفزیۆنی سـەرۆکەکانی دنیـا جـاری وا هەیـە ١٠ جـار لەتەلەفزیۆنـە مەرکەزییەکانەوە پێیان دووبارە دەکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەو گرتەیە بەهەموو دنیادا بڵاوبکرێتەوە، واتە **تەشـریفاتو ئەتـەکیات لـەدنیای رەسمیاتـدا مەسـەلەیەکە بـوەو هەیەو دەشمێنێ، بەڵام هونەری رۆژنامـەنووس ئەوەیـە چـۆن ئـەو تەشـریفاتە لەگـەڵ هەستو نەستو ئاستی تێگەیشتنی خوێنەر دەگونجێنێ**، ئەمە مەسەلەکەیە.

**هێرش رەسولْ: پێتوایە میدیای ئەهلی لەکوردسـتان (باشـور) تـوانیێتی مـەوداکانی ئازادیی رادەربڕین فراوان بکات؟ چۆن؟**

**مەلا بەختیار:**

بە قۆناغ دەتوانێ، واتە ئێمە بڵێین بەکودەتا سەراپا ئـەو ئازادییـەی لەخەیاڵدانی هەندێ نووسەر هەیە لەکوردستاندا دەکرێ بەدیدبێ، من بـاوەڕم وایـە قورسە، هەتا ئێستا جاری وایە لیبرالیـەتی زیـاد لەسـنور لـەناو رۆژنامەکانـدا هـەم وەکـو نووسـەر، هـەم وەکـو رۆژنامـەکان سەریەشـەی تێدایـە، بـۆ؟ لەبەرئـەوەی

هەژمونەکان قبوڵیناکەن، هەژمونی دەسەڵات، هـەژمونی نـەریت، هـەژمونی ئـاین‌و مەزهەب ناتوانیٚ قبوڵی بکا، تۆ بزانە زۆربەی زۆری سکاڵا یاساییەکان یـان لەسـەر هـەژمونی دەسـەڵاتە یـان لەسـەر هـەژمونی نەریتـە یـان لەسـەر هـەژمونی ئاینـە، تەقینـەوەی ئـەم ناکۆکیـە لـەنێوان خەیاڵـدانی ئـازادیی نووسـەرێك، لـەنێوان هەژمونـەکانی هەیـە، دەبـیٚ بزانـی بـەقۆناغ چـۆن ئـەم ناکۆکییـە دەگـۆڕی، چـۆن هەژمونەکان دەخوسێنیتەوە، ئەمە دەیەویٚ، دەبـیٚ بنـەمای ئـابوری پێـشبکەویٚ، بازاڕی ئازاد پێـشبکەویٚ، تەکنـەلۆژیا پێـشبکەویٚ، تێگەیـشتنی ئێمـە لەمنداڵـەوە بگۆڕیٚ بەرەو سەرەوە، ئەمـە بابـەتێك نیـە بـەوتارێك‌و بـەدروشمێك‌و بەمانـشێتێك بگۆڕێت، گۆڕینی ئەم حاڵەت‌و قەناعەتانە، ئامـادەکردنی زۆرتـرین گـوێگر بـۆ ئـەم ئازادییەی کە لەخەیاڵـدانی ئـازادیزای زۆربەمانـدا هەیـە، ڕۆژگـاری دەویٚ، گـۆڕان‌و گەشەکردنی زۆری دەویٚ.

**هێرش رەسولٚ: پێتوایە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لەئازادیی قسەکردندا کورتدەکرێتـەوە گەر هاتوو کایەی سیاسی قسەکانی بەهێند وەرنەگرێت؟ واتا تاچـەند پێتوایە کەلێنێك لەنێوان کایەی سیاسیی کوردی‌و میـدیای کوردییـدا هەیە؟**

**مەلابەختیار:**

ئازادی پێش هەموو شتێك لەدەربڕیندایە، واتـە ئـەوەی هەتـە دەبـیٚ تـۆ دەریبـبڕی، ئـەو رەخنەیـەی بەراسـتی دەزانـی، ئـەو پرۆژەیـەی هەتـە، ئـەو کەموکوڕییانەی زانیارییت لەسەری هەیـە دەریبـبڕی‌و باسـی بکـەی‌و بیـسەلمێنی، ئەمە پێش هەموو شتێك، دوایی **دەبیٚ بزانی چۆن فشاری ئـازادیی ڕۆژنامەنووسـی لەسەر دەسەڵات بەکاردێنی، تاکو ناچاری بکەی گویٚ لەقـسەکانت بگـریٚ**، ناچـاری بکەی نووسینەکانی تۆ، بۆچونەکانی تۆ، پرۆژەکانی تۆ، پێـشنیارەکانی تـۆ چـۆن بـشێت ببنـە بەشـێك لەبیرکردنـەوەی دەسـەڵات، لەبیرکردنـەوەی گۆڕانکـاری، لەبیرکردنـەوەی لابردنـی کۆسـپەکانی بـەردەم ئـازادی‌و کۆسـپەکانی بـەردەم بەدیهێنانی پێویستیەکانی خەڵك، قۆناغی یەکەم فۆرمەلەکردن‌و دەربڕینە، قۆناغی

دووەم ناچارکردنی بەرامبەرە بۆئەوەی گوێت لێبگرێت، بۆ ئەمەش دەبێ کۆمەڵ تێبگەیەنرێ، رایگشتی لەوڵاتی ئێمە، تێگەیشتنمانو ئاراستەکانمان پەرەپێبدرێو بچێتە پێشەوە، لەزانکۆکان، لەپەیمانگاکان، لەخوێندنگاکان، لەناو کۆمەڵدا وردە وردە ئەمە بچێتە پێشەوە، روبەری تێگەیشتنی هاوچەرخ، روبەری تێگەیشتنی دیموکراسی، روبەری کلتوری دیموکراسیو پێویستیەکانی دیموکراسی لەناو کۆمەڵدا گەشە بکا، واتە لەناو هەڵبژاردەیەك دەربیبێنیو بەرە بەرە ببێتە بەشێك لەرایگشتی، کە بوو بەرایگشتی، فشاری رایگشتی گەورەیە، فشاری هەڵبژاردە زۆر کاریگەر نیە.

## **مەم بورهان قانع** – رۆژنامەنووس(*)

**لەتەوەری:**

**ئێتیك و یاسای چاپەمەنیی هەرێمی كوردستان و ئازادیی رۆژنامەنووسی**



**"بوونی پەیمانی شەرەفی كاری رۆژنامەنووسیی، تاكە پێوەر نییە بۆ چەسپاندنی بنەماكانی ئەخلاقی رۆژنامەنووسیی لەمیدیای كوردیدا"**

---

* ئەم دیدارە لە نیسانی ٢٠٠٧ دا سازكراوە.

## مەم بورهان قانع

- ساڵی ١٩٧٤ لەدایکبوە.
- لـــە١٩٩٣ ەوە خـــەریکی کـــاری ڕاگەیاندنـــە لـــەبواری نووســـراو، بینـــراو، بیستراودا.
- خاوەنی حەوت کتێبی نووسراوو وەرگێڕدراوە لەبواری ڕۆژنامەنووسییدا.
- هـــەڵگری دوو بڕوانامـــەی دبلۆمـــە لـــەبوارەکانی شـــانۆ (دەرهێنـــان)و ڕۆژنامەنووسیدا.
- ساڵی ٢٠٠٢ سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ڕای گشتی) بـوە، کـە ڕۆژنامەیـەکی ئەهلیی ئازاد بوو.
- یەکەمین سەرنووسەر بوە لەکوردستان، کە لەدوای ڕاپەڕینو بەهۆی کـاری ڕۆژنامەنووسییەوە، ٣٤ ڕۆژ زیندانیکراوە.
- ئەنـــدامی ســـەندیکای ڕۆژنامەنووســـانی کوردســـتانو فیدراســـیۆنی ڕۆژنامەنووسانی جیهانە.
- خێزاندارەو منداڵێکیشی هەیە.

**هێرش ڕەسوڵ: گومان، پرۆژەیەکە لەبەرانبەر ڕۆژنامەی ئازاد، بەوەی گومانی حیزبیبوون تواناکانی پەکدەخات؟ ئایا مەرجە ڕۆژنامەی ئەهلی پەیوەندیی بە دەزگا سیخوڕییەکانەوە هەبێ؟**

**مەم بورهان قانع:**

هەڵبەتە ڕاستییەك هەیە ناشاردرێتەوە، ئەویش بوونی گومانە بەرانبەر ئەو میدیایانەی بانگەشەی سەربەخۆبوون دەکەن، کە زۆرجار ئەو گومانەیش لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیو دامەزراوەکانی سەر بەحزبەوە دروستدەکرێو پەرەشی پێدەدرێت. هەندێ جاریش، ئەوە ڕۆژنامەنووسانو ناوەندە ڕۆژنامەنووسییەکان خۆیانن، کە بانگەشەی ئازادییو بێلایەنی دەکەن، بەڵام دواجار سەر بەناوەندێکی تری حزبن، بەڵام بەفۆرمو شێوەی ترو بەبەرگێکی ترەوە، کە لەژێر ناوی "ڕۆژنامەنووسی"دا، ناڕاستەوخۆ خزمەتی کایەی حزبی دەکەن. واتە، گومانەکە دووسەرەیە، کە ئەمەش بێگومان وا دەکات تواناکانی ئەو ناوەندە ڕۆژنامەنووسییە پەکبکەوێت، بەتایبەتی لەڕووی بەدیهێنانی ئەرکە پیشەییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسیی، کە لەسەروویانەوە ڕەچاوکردنی بێلایەنییە لەکاری ڕۆژنامەنووسیدا، واتە بەهۆی بوونی سیاسەتێکی ڕۆژنامەنووسیی لایەنگیرەوە، کە پێشتر هەندێکیان لەلایەن حزبەوە سکێچی کارکردنیان دیاریکراوە، ئەمە وایکردووە ئەو میدیایە نەتوانێت لەتەغتییەکردنی ڕۆژنامەنووسییو سیاسەتە ڕۆژنامەنووسییەکەیدا، بابەتیو بێلایەن بێ (بەکارهێنانی دەستەواژەی بێلایەن، مەبەست لێی تەغتییەکردنێکە کە دووربێت لەداڕشتنەوەو بەدواداچوونو لایەنگیرکردنی زەق، چونکە لەدنیادا ناوەندێکی میدیا نادۆزینەوە بێلایەن بێ، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە کە هەر ناوەندێکی

راگەیانـــدن، هـــەڵگری سیاســـەتی ڕۆژنامەنووســـیی تایبـــەت بەخۆیـــەتیو لـــەو ڕوانگەشـــــەوە تەغتییــــەی ڕۆژنامەنووســــیی دەکــــاو سیاســـــەتو گوتـــــارە ڕۆژنامەنووسییەکانی ئاراستەدەکاو هەڵوێستی تایبـەت بـەخۆی هەیـە، وەکـچۆن یەکێك لە بیریارەکان دەڵێ "هەر بێ هەڵوێستییەك گوزارشتە لەهەڵوێست".

دەربارەی بەشی دووەمی پرسیارەکەشتان، کە ئایا مەرجـە ڕۆژنامـەی ئـەهلی پەیوەندیی بەدەزگا سیخوڕییەکانەوە هەبێت، ئەوا دەڵێین:

نـەك ڕۆژنامــەی ئــەهلی، بــەڵکو ئــەخلاقی کــاری ڕۆژنامەنووســیو پــەیمانی شەرەفی کاری ڕۆژنامەنووسییو سوێندی ڕۆژنامەنووسیش، ڕۆژنامەنووسان ملکەچ دەکەن، نابێت پەیوەندییان لەگەڵ دەزگا سـیخوڕییەکاندا هـەبێتو بەتـەنها پـشت بەزانیارییەکانی دەزگا سـیخوڕییەکان، لەبڵاوکردنـەوەی هەواڵەکانیانـدا ببەسـتن،و پەیامە ڕۆژنامـەنووسـییەکانیان ئاراسـتە بکـەن، واتـە نـەك میـدیای ئـەهلی، بـەڵکو ڕۆژنامەنووسـان بەگـشتی، گـەر لەگـەڵ دەزگـا سـیخوڕییەکاندا، لەپەیوەندییـەکی دۆسـتانەدا بـوون، مانـای وایـە ئـەخلاقی ڕۆژنامەنووسـیان تەلاقـداوەو تەلاقـدانی ئــەخلاقی ڕۆژنامەنووســیش لــەکاری ڕۆژنامەنووســیدا، هــەموو ئــەرکو پەیامــە ڕۆژنامەنووسییەکانی ئەو پیشە مەزنە خاڵیدەکاتەوە. بەڵام ئـەوەی گرنگـە لێـرەدا ئاماژەی پێبکرێت، ئەوەیە: دەشێت ڕۆژنامەنووس جاروبار پشت بەزانیاریی دەزگا ســـــیخوڕییەکان ببەســـــتێ (ئەمــــەش دوای بەدواداچــــوونو پــــشکنینی وردی زانیارییەکانیان)و وەك هەر سەرچاوەیەکی تری هەواڵ، دەشێت بۆ بەدواداچـوونو وەرگرتنی زانیاری، وەك ڕۆژنامـەنووس پەیوەنـدییان پێـوە بکرێـتو هەنـدێ جـار تەنسیقیشیان لەگەڵدا بکرێت (بێ ئەوەی ئەخلاق تەلاقبدەنو پیرۆزیی پیشەکەیان بدۆڕێنن، بەڵکو بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین زانیـاریی بەکـەڵكو بڵاوکردنـەوەیان دوای ڕەچـاوکردنی سیاسـەتی ڕۆژنامەنووسـیی کەناڵەکـەیان)، بـەڵام هـەرگیز ناشـێت ڕۆژنامەنووســـان لـــەدەزگا ســـیخوڕییەکاندا کاربکـــەن، هـــەروەك چـــۆن لەبەنـــدو پرەنـــسیپەکانی ئـــەخلاقی ڕۆژنامەنووســـیی سەرنووســـەری ڕۆژنامـــە ڕۆژانـــەکانی ئەمەریکاشـدا، ئامـاژەی پێکـراوە (لەمبارەیـەوە دەتـوانن بگەڕێنـەوە بـۆ: جـۆن. ل.هـــاتلنگ، ئـــەخلاقی ڕۆژنامەنووســـیی، وەرگێڕانـــی: مـــەم بورهـــان قـــانع، سلێمانی،٢٠٠٥).

**هێرش ڕەسوڵ: باری ڕۆژنامەنووسیی کوردیو ڕۆژنامەنووسان لەهەرێمی کوردستان لەژێر سێبەری یاسای چاپەمەنیدا چۆن دەبینیت، پێتوایە ئەمە بۆ خۆی بەیاساییکردنی کۆتوبەندەکانی دەسەڵات بێت بەسەر ئازادیی ڕۆژنامەنووسییەوە؟**

**مەم بورهان قانع:**

یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان، کە ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣ی پارلەمانی کوردستانەو جێگرەوەی یاسای چاپەمەنی ژمارە (٢٠٦)ی ساڵی ١٩٦٨ی یاسای چاپەمەنیی عیراقییە لەهەرێمی کوردستان، هەڵگری خەوشگەلێکە، بەتایبەتی لەرووی بوونی لێشاوێك قەدەغەکراو (وەك چۆن لەبەندی نۆیەمی یاساکەدا هاتووە)و بوونی ئەو قەدەغەکراوانەش وایکردووە، فەزای ئازادیی رادەبڕین لەکوردستان تەسکترببێتەوەو خۆ لەقەرەدانی رۆژنامەنووسانیش لەحەرامکراوەکانی نێو یاساکە، بۆ نمونە قسەکردن لەسەر خەوشی یەکێك لەتایەفە ئایینیەکان لەهەرێمی کوردستان، دەبێتە سەرکێشی بۆ رۆژنامەنووسان، لەرووی ئەوەی کە یاساکە رێگای قسەکردن لەسەر تایەفە ئایینییەکانی قەدەغەکردووە، واتە ئەو لێشاوی قەدەغەکردنو دەستەواژە لاستیکییانەی لەنێو یاساکەدا هاتوون، بۆ نمونە دەستەواژەکانی وەك دابونەریت، سیستمی گشتی، کە دەستەواژەگەلێکی لاستیکین، وایکردووە ئازادیی رۆژنامەنووسیی لەقاڵب بدرێت، هەر بۆ نمونە: گەر بێتو رۆژنامەنووسێك لەناوەندێکی رۆژنامەنووسییەوە، بڵێت خەتەنەکردنی کچان دیاردەیەکی کۆنەپارێزییە (کە لەراستیدا وایە)، دەشێت شکات لەو رۆژنامەنووسە بکرێت، کە سوکایەتی بەدابونەریتی ناوچەیەکی دیاریکراو لەهەرێمی کوردستان دەکات، بۆ نمونە گوندنشینەکان، کە ئەمرۆشی لەگەڵدا بێت، ئەم دیاردەیە لەلایان وەك نەریتێك بوونی هەیە.. یاخود رەخنەگرتن لەتاوانی شەهیدکردنی "دوعا"، ئەو کچە ئێزدییەی لەسەر خۆشەویستی لەرۆژی ٢٠٠٧/٤/٧و لەشارەدێی بەعشیقە، کە بەبەرچاوی پۆلیسەوەو بەدڕندانەترین شێوە، بەبلۆکو بەردو دارو لەلایەن چەند هاووڵاتییەکی ئێزدییەوە شەهیدکرا. رەخنەگرتن لەتاوانێکی لەوجۆرە، کە لەلایەن هاووڵاتیانی ئێزدییەوە بەرانبەر

کچێکی پاکیزەو بێدەسەڵات دەکرێت، کە یەکێك بوو لەهەرە تاوانە قێزەونەکانی چەند ساڵی رابردوو، دەشێ ئێزدییەکان لەسایەی یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا، شکات لەو نووسەرو رۆژنامەنووسانە بکەن کە رەخنە لەو تاوانە دەگرن‌و بەرپرسیارێتییەکەی رووبەرووی ئێزدییەکان دەکەنەوە (کە لەراستیدا خەڵکی ئێزدی ئەو تاوانەی کردووە)و لەشکاتکردنەکەشدا بوترێت سوکایەتیی بەئێزدیی کراوە. ئەمە، چ ئازادییەکی رۆژنامەنووسییە، کە یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان بۆمانی فەراهەمدەکات؟! هەروەك چۆن هەن کۆمەڵگەی کوردی بەسەگ دەشوبهێنن، کەچی دواجار لەسایەی ئەم یاسا مەدەنییەی چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان‌و یاسا دیموکراسییەکەی سزادانی عیراقیشدا، شکات لەو قەڵەمو رۆژنامەنووسانە دەکەن، کە پێیدەڵێن "برادەر ئێمە سەگ نین"و داکۆکی لەو کۆمەڵگەو پیرۆزییەکانی ئەو نەتەوەیە دەکەن، کە ئەم برادەرە بەسەگی داناون، کەچی دواجار دادگا بانگێشتی داکۆکیکەران دەکات!!

واتە **یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان، هێندەی کە تەسککەرەوەی فەزای قسەکردن‌و کارکردنە، نیو هێندە یارمەتیدەرنییە بۆ بەجێهێنانی ئەرکە رۆژنامەنووسییەکان‌و قسەکردن لەو کێشەو قەیرانانەی پەیوەندیی راستەوخۆیان بەهاووڵاتیانەوە هەیە،** کە دەشێت لەزەمینەی واقیعدا، ئەم حاڵەتە لەپیادەکردندا باشتربێت، وەك لەوەی کە لەیاساکەدا هاتووە، بەڵام ئێمە قسە لەسەر یاسایەك دەکەین کە داخراوەو پیادەکردنیش دیوێکی ترە، کە تارادەیەك توانراوە لەو دەرگایانە بدرێت، بەڵام ئەوەش دواجار سەرکێشییەکی تری رۆژنامەنووسیی بووە (ئەمەش لەسایەی بوونی یاسایەکی چاپەمەنیی لەوجۆرەدا). هەڵبەتە، بوونی یاسایەکی لەوجۆرە، دواجار مانای کۆتوبەندکردنی ئازادیی رۆژنامەنووسییە لەهەرێمی کوردستان، کە یاسایەکە لەرێی فلتەری پارلەمانی کوردستانەوەو لەرێی چەند دانیشتنێکی پارلەمان لەساڵی ١٩٩٣دا دەرچووە، کە ئەمەش دوای رەزامەندیو پەسەندکردنی لەلایەن نوێنەرانی حزبەوە لەپارلەمان پەسەندکراوە، کە کۆی بەندەکانی، بەتایبەتی بەندی نۆیەمی، کە هەستیارترین‌و چارەنووسسازترین بەندی یاساکەیە، خزمەتی رەوتی رۆژنامەنووسیی لەهەرێمی کوردستاندا ناکات، سەرباری ئەوەی لەبەندی دووەمیدا پێمان دەڵێت "سانسۆر نییە"، بەڵام دواجار لێشاوێك سانسۆرمان لەبەندی نۆیەمیدا بۆ قوتدەکاتەوە.

بەگشتی، سەرباری تەسکبوونەوەی ئازادیی قسەکردن لەو یاسایەدا، هاوکات یاساکە، هەڵگری چەندین خەوشی ترە، لەرووی پێچەوانەیی بەندێك بۆ بەندێکی ترو دابەشنەکردنی وەك پێویستی دەسەڵاتەکان لەنێو سەرنووسەرو خاوەنی ئیمتیازو نەبوونی سزا لەنێو یاساکە خۆیدا، کە ئیحالەی یاسای سزادانی عیراقیمان دەکاتەوەو لەیاسای سزادانی عیراقیشدا، سزاکانی سەر رۆژنامەنوسانو ئەو بابەتانەی لەمیدیادا بڵاودەکرێنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە بەندەکانی (٤٣٣و٤٣٤)ی یاسای سزادانی عیراقییەوە هەیە، سزای قورسنو لەگەڵ بنەماو پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو دیموکراسیدا یەکناگرنەوە (لەمبارەیەوە دەتوانن بۆ تێگەشتینی زیاتر لەسەر یاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستان، بگەڕێنەوە بۆ: مەم بورهان قانع، ئازادیی رۆژنامەنووسیی لەیاسای چاپەمەنیی هەرێمی کوردستاندا، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە بۆ یاساکانی چاپەمەنیی عوسمانیو عیراقیو گەڕانەوە بۆ نێو دانیشتنەکانی پارلەمان، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی چاپو بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠١).

**هێرش رەسوڵ: تاچەند پەیماننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسییو پەیڕەونەکردنی وەك پێویستی ئێتیکی کاری رۆژنامەنووسیی لەهەرێمی کوردستان، کاریکردۆتە سەر ئازادیی رادەبڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا؟**

**مەم بورهان قانع:**

بەنیگەرانی زۆرەوە، ئێمە لەماوەی رابردوودا یادی تێپەڕبوونی (١٠٩) ساڵەی رۆژنامەنووسیی کوردیمان کردەوە، کە تائێستاو لەماوەی ئەو (١٠٩) ساڵەدا، نەمانتوانیووە ببینە خاوەنی پەیمانی شەرەفی کاری رۆژنامەنووسیی بۆ میدیای کوردی، تاوەکو رۆژنامەنوسانی کوردو میدیای کوردی، پێیەوە پابەندبن. بەنیگەرانی زۆرەوە، گەر ئێمە خاوەنی پەیمانێکی شەرەفی رۆژنامەنووسیش بین، پێناچێت لەحاڵەتێکدا (بۆ نمونە وەك گریمانەیەك ئەگەر وەریبگرین) حزبە کوردییەکان بەشەڕهاتنەوە، ئەوا رۆژنامەنووسانو میدیاکانیان بە پەیمانێکی شەرەفی رۆژنامەنووسیی لەوجۆرەوە پابەند دەبن، وەك چۆن لەجەنگی ناوخۆی

نـەوەدەکانی سـەدەی رابـردوودا بینیمـان، کـە میـدیای کـوردی تاڕادەیـەکی زۆر لەپرەنـسیپو ئـەخلاقی رۆژنامەنووسـیی لایـدا، واتــە هێـشتا بـوونی پـەیمانێکی شـەرەفی کـاری رۆژنامەنووسـیی، تاکـە پێـوەر نییـە بـۆ چەسـپاندنی بنـەماکانی ئـەخلاقی رۆژنامەنووسـیی لەمیـدیای کوردیـدا، چـونکە ئەمرۆیـشی لەگەڵدا بێـت، بەرژەوەندییــەکان بەتــەنها، میــدیای کــوردی بــەرێوەدەبنو حزبــەکان میــدیای کوردییان قۆرغکردووەو ناکۆکیو کێبەرکێی ناشەریفانەی نێو حزبەکانیش (لەهـەر حاڵەتێکــدا ئەگـــەر کلێپەیـــسەند)، ئـــەوکات کلێپەســـەندنەکە لەمیدیاکانیانـــەوە دەستپێدەکاو شتێك نامێنێتـەوە نـاوی پـەیمانی شـەرەفی کـاری رۆژنامەنووسـیی بێت.. نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت، مەسەلەی ئێتیكو پەیمانی شەرەفی کارکردن، هێنـــدەی بڕوابـــوونێکی ویـــژدانی خـــودی رۆژنامـــەنووس خۆیـــەتی، هێنـــدە چوارچـێوەیەکی یاسـایی نییـە، لەکاتێکـدا لـەلای ئێمـەو لـەنێو رۆژنامەنووسـیی کوردیدا، رەچاوی بنەما یاساییەکان ناکرێت (سـەرباری داخرانیـان، کـە بـۆ خـۆم وەك رۆژنامەنووســێك بــڕوام بەخـــەباتی بــەردەوام بــۆ ریشەکێــشکردنی یاســا داخراوەکان هەیە)، ئینجا ئەگەر شتێك پەیوەندیـداربێت بەلایـەنێکی ویژدانییـەوە، کە بەداخەوە ئەم ویژدانە تارادەیەکی زۆر لەلای رۆژنامەنووسـیی کـورد بەگشتیو میدیای کوردی بەتایبەتی، غیابێکی کوشندەی هەیە..

خــاڵێکی تــری ئــەم ئێتیکــە، وەك لەپرسـیارەکەتاندا هــاتووە، بەمەســەلەی ئازادییەوە گرێدراوەتەوە، بۆیە بەپێویستی دەزانم لەمبارەیەوە ئیستێك بکەم:

مەســەلەی نــەبوونی ئێتیکـی رۆژنامەنوسـیی، یـان پـەیمانی شـەرەفی کـاری رۆژنامەنووســیی لەکوردســتان، کارینەکردووەتــە ســەر تەســککردنەوەی فــەزای ئازادیی رۆژنامەنوسـیی، بـەڵکو **ئـەوە یاسـاکانو دواجـار دەسـەڵاتی راپەڕانـدنو هەڕەشەکانی دەسەڵاتەکانی تـرن، کـە هەنـدێجار لەشـێوەی مافیـادا دەردەکـەون، وایکردووە فەزای ئـازادیی رۆژنامەنووسـیی تەسـکببێتەوە..** بگـرە، بـۆ خـۆی بـوونی پەیمانی شـەرەفی کـاری رۆژنامەنووسـییو رەچـاوکردنی پرەنـسیپەکانی ئێتیکـی رۆژنامەنووسیی، لەبری ئەوەی فەزای ئازادیی فراوانبکەن، دواجـار فـەزای ئـازادیی تەسـکدەکەنەوە، ئەمــەیش لــەرووی دروســتکردنی بەرپرســیارێتیی زیــاتر لــەلای رۆژنامەنووسانو ناوەندەکانی میدیاو پابەندبوون بەبڕگەکانی ئەو پەیمانەوە، وەك

لەسـەبقی رۆژنامەنووسـیی‌و کردنـەوەی هـەموو دەرگـا کلۆمـدراوەکان. هەربۆیـە، ئێتیکی رۆژنامەنووسیی، بەوجۆرە رێنماییمان دەکات: چـەندە مـافی هـەقیزانینی هاوولاتیان‌و خستنەڕووی زۆرتـرین زانیـاری پێیـان، لەبەرپرسـیارێتییە گرنگـەکانی میـدیاو رۆژنامەنووسـانە، بـەلام بەرلـەوە، رەچـاوکردنی پرەنـسیپەکانی ئـەخلاق‌و پابەنـدبوونی ویـژدان بـەو پرەنـسیپانەوە، لەسـەرووی ئەولەویاتـەکانی پیـشەی رۆژنامەنووسییە. واتە ئەخلاقی رۆژنامەنووسیی، دواجار چوارچـێوەیەك بـۆ کـاری رۆژنامەنووسیی دروسـتدەکاو وا دەکـات لـەژێر چـەتری ئـازادیی رۆژنامەنووسـیدا، لەتـەواوی دەرگاکـان نـەدرێت‌و هاوکـات ئـەو بێسـەروبەرییەیش رێکـدەخات؛ کـە لەغیابی ئەخلاق‌و لەنێو پیشەی رۆژنامەنووسیدا دەبینرێتەوە.

**هێرش رەسولْ: چی بکرێت بۆ ئەوەی لەکوردستان میدیا ببێتە "دەسەلاتی چوارەم"، لەکاتێکـدا بـۆ بـوونی میـدیا بەدەسـەلاتی چـوارەم، پێویـستمان بەدڵگەورەیی هەریەکە لەدەسەلاتەکانی تر هەیـە،و ئـەم هاوکێـشەیە لەکوردستان چۆن دەبینی‌و چ هەنگاوێك بۆ ئـەم قۆناغـە بەپێویـست دەزانیت؟**

**مەم بورهان قانع:**

لەبەشـی دووەمـی پرسـیارەکەتانەوە دەسـتپێدەکەم، کـە چ هەنگاوێك بۆ ئەم قۆناغە لەکوردستان بەپێویست دەزانرێـت، تـاوەکو میـدیا ببێتـە دەسەلاتی چوارەم..

لێرەدا چەند پێشنیازێك دەخەمە روو:

- لێکترجیاکردنەوەی دەسەلاتەکان، بەجۆرێ کە هەریەکـە لەدەسـەلاتەکان کـاری خۆیان بکەن‌و سەروەریی قەزا لەپێش ئەوانی ترەوە، پایەداربێت.
- گۆڕانکاریی ریشەیی لەنێو یاسای چاپەمەنیدا، کە پێـشتر ئامـاژەم پێکـرد، یـان دەرکردنـی یاسـایەکی تایبـەت بـە میـدیا، کـە فـەزای ئـازادیی رۆژنامەنووسـیی بەگشتی، تیا فراوان بێت.

- زامنکردنی هەقیزانین‌و شەفافیەتی دەسەڵاتە جیاجیاکان بەرووی میدیاداو دەستنیشانکردنی سزا بۆ هەر فەرمانبەرێکی دەوڵەت، کە ئامادەنەبێت بەڵگەنامە پێویستو راپۆرتو نوسراوە رەسمییەکانی دەوڵەت، بخاتە بەردەم رۆژنامەنووسان.
- بەشدارییپێکردنی رۆژنامەنووسان لەزۆربەی کۆبوونەوەکانی ئەو دەسەڵاتانەی کۆمەڵگە بەڕێوەدەبەن‌و پەیوەندیی راستەوخۆیان بەهاووڵاتیانەوە هەیە، تاوەکو رۆژنامەنووسان بتوانن بۆ شەقامی بگوێزنەوەو هاووڵاتیانی لێ ئاگاداربکەنەوە.
- دڵگەورەیی دەسەڵاتەکانی تر بەرانبەر بە رۆژنامەنووسان..

کۆی ئەوانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێکردن، یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی میدیا بتوانێت ببێتە چاودێرو ئاگاداربوون لەدەسەڵاتەکانی تر (راپەڕاندن، یاسادانان‌و دادوەریی)و لەو حاڵەتەشدا، دەبێتە دەسەڵاتی چوارەم (Fourth- Power)، یان هێزی چوارەم، کە ئەم هێزەشش لەهێزی دەسەڵاتەکانی ترو کرانەوەو دیموکراسیبوونی دەسەڵاتەکانی ترەوە، سەرچاوە دەگرێت.

بەنیگەرانی زۆرەوە، لەکوردستاندا، نەك هەر دەسەڵاتەکان لێکتر جیانەکراونەتەوە، بەڵکو لەدەرەوەی ئەو دەسەڵاتانەو لەلایەن حزبو مەکتەبی سیاسیی حزبە باڵادەستەکانەوە، دەسەڵاتەکانی تری وەك پارلەمان، راپەڕاندن‌و قەزا بەڕێوەدەبرێ‌و شتێك نییە بەناوی سەروەریی ئەو دەسەڵاتانە، تارادەی بۆ نمونە، بودجە کە پەیوەندیی راستەوخۆی بەگوزەرانی هاووڵاتیانەوە هەیە، لەبری ئەوەی پارلەمان بڕیاری لەسەر بداتو حکومەت جێبەجێی بکات، کە چۆن سەرفبکرێ‌و قەزا لەگەندەڵکارەکان بپرسێتەوەو چاودێریی وردی ئەو فەسادە بکات کە هەیە، هیچیان لەلایەن ئەوانەوە ناکرێن‌و لەژووره داخراوەکانی مەکتەبی سیاسیی حزبە باڵادەستەکانەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێتو هەر لەلایەن ئەوانیشەوە میکانیزمی سەرفکردنی دادەڕێژرێ‌و هەر ئەوانیش، ئەگەر ئارەزوویان کرد، لێپێچینەوە لەگەڵ گەندەڵکاراندا دەکەن، کە دیسانەوە بەنیگەرانی زۆرەوە، تائێستا لێپێچینەوەیەکی لەوجۆرەمان نەبینیووە. سەرباری دەیان‌و سەدان بابەتی تری گرنگی چارەنووسساز؛ کە پەیوەندییان بەژیانی هاووڵاتیانەوە هەیەو

بەهەمان میکانیزم بڕیاریان لەبارەوە دەدرێت. ئینجا دەبێت لەسایەی سیستمێکی لەوجۆرەدا، شتێك هەبێت بەناوی دەسەڵاتی چوارەم، کە من پێموایە، تا ئەو چەند خاڵەی لەسەرەوە ریزبەندم کردن بەفیعلی لەکوردستان پیادەنەکرێن، قسەکردن لەسەر بوونی دەسەڵاتی چوارەم، لەنوکتە بەوەلاوە چیتر نابێ.

**د.محەمەد دلێر ئەمین** – دکتۆرا لەئەدەبی رۆژنامەنووسی(*)

**لەتەوەری:**

**پێگەی ئازادیی رادەربڕین لەمێژووی رۆژنامەنووسیی کوردیدا**



**"رۆژنامەی ئازاد، ئەرکی گەورەو مێژوویی لەئەستۆیە"**

* ئەم دیدارە لەئازاری ٢٠٠٧ دا سازکراوە.

## پ.ی. د. محەمەد دلێر ئەمین

- لە١٩٥١/١/١١ لەسلێمانی لەدایکبوە.
- خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لەسلێمانی تەواوکردوە.
- ساڵی ١٩٧٦ بەشی کوردی– کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی تەواوکردوە.
- ساڵی ١٩٨٩ بڕوانامەی ماستەری لەکۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین بەدەستهێناوە، ماستەرنامەکەی بەناونیشانی "رۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لەگەشەو پێشخستنی ئەدەبیی کوردیدا ١٩٣٩ – ١٩٤٩" بوە.
- ساڵی ٢٠٠١ بڕوانامەی دکتۆرای لەزانکۆی سلێمانی بەدەستهێناوەو تێزی دکتۆراکەیشی بەناونیشانی "رۆژنامەنووسیی کوردی‌و بزوتنەوەی ئەدەبی لەسایەی یەکەمین دەسەڵاتی سیاسیی کورددا" بوە.
- بەشداری چەند سیمینارو کۆنفرانسێکی زانستی کردوە.
- چەند کتێبێکی چاپکراوی هەیە.
- چەند بابەتێکی زانستی لەچەند گۆڤارو رۆژنامەیەکدا بڵاوکردۆتەوە، لەوانە: (سانسۆری رۆژنامەنووسی‌و جۆرو ئاراستەکانی، رۆژنامەی پێشکەوتن ١٩٢٠ – ١٩٢٢و کاریگەریی لەبزوتنەوەی ئەدەبیدا، دەنگی ئەدەبی نوێ لەگۆڤاری رزگاریدا، ئەرکی راگەیاندن لەپرۆسەی هەڵبژاردندا، پڕوپاگەندەی سیاسی، گەلاوێژ: مێژوو.. چەخماخەی داهێنان، تیۆرو ستراتیژی راگەیاندن، پەیوەندیی نێوان ئەدەبو راگەیاندن، تیشکێك بۆ سەر ئازادیی رۆژنامەنووسی، راگەیاندنی کورد لەبازنەی مێژوودا، رایگشتی لەکۆمەڵگا داخراوە گەشەسەندوەکاندا، گۆڤاری رۆژی کورد، کامەرانی رۆژنامەنووس، ٧٥ ساڵ لەمەوبەر رۆژی کوردستان، رۆژنامەنووسیی خوێندکاران‌و ئەرکی ئەم قۆناغە).
- ماوەی چەند ساڵێك خاوەن ئیمتیازی گۆڤاری "گەلاوێژی نوێ" بوە.
- ماوەی چەند ساڵێك سکرتێری نووسینی بەشی B ی گۆڤاری "زانکۆی سلێمانی" بوە.
- ماوەی چەند ساڵێکە سەرپەرشتیاریی چاپخانەی زانکۆی سلێمانی یە.
- ئێستا راگری کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی یە.
- خێزاندارەو دوو منداڵی هەیە.

**هێرش رەسوڵ: تاچەند ئـازادیی رادەربـڕین لەرۆژنامەنووسیی کـوردی ئامـادەگی هەبووە؟ چۆن؟**

**د. محەمەد دلێر:**

پێش ئەوەی راستەوخۆ وەڵامـی پرسـیارەکە بدەینـەوە، باشـترە لەچـەمکو مێـژووی ئـازادیی رادەربـڕین بـدوێن، بـزانین کـە سـەرجەم مێـژووی مرۆڤایـەتی ململانێیـە لـەنێوان خواسـتی ئـازادیی رادەربـڕینو هـەوڵی نـەیارەکانی ئـازادی بـۆ خەفانـدنو کپکردنـی بـیرورا، کـە بـاس لـەئازادیی رادەربـڕین دەکـەین پێویـستە وەك مـافێکی رەوای مـرۆڤ باسـی بکـەین، نـەك منـەتو پاداشـتێك لەدەسەڵاتێکی سیاسی یان رۆژنامـەو کـەناڵێك بـەتاكو کۆمـەڵ بـدرێت بەچـاویاندا بدرێتەوە، تاکی هۆشیار ئەو مافەی کە دەربڕینـی بیروبـاوەڕی خۆیـەتی بـەئازادی لەرێگەی کەناڵەجیاجیاکانەوە دەربڕیو ئەو کەناڵانـە بـەهیچ شـێوەیەك ملکەچـی سانسۆری پێشوەخت نەبن، تەنیا رۆژنامەو کەناڵەکانی پەیوەندی بـەپێی ئێتیکـی رۆژنامەنووسـی کـە چـەمکێکی ویـژدانیو خودیـە، هەڵـسوکەوت بکـەنو رێگـا لەبڵاوکردنەوەی یان بڵاونەکردنەوەی بیرورا بگرن.

دیارە لەم سـەردەمەدا کـە بەسـەردەمی سـێ شۆڕشـی گـرنگ ئـەژماردەکرێت: شۆڕشـی دیموکراسـی بەپێداویـستیە نوێیەکەیـەوە، شۆڕشـی زانیـاریو شۆڕشـی تەکنـەلۆژیای پەیوەنـدیکردن، ئـەم شۆڕشـانە کـە تەواوکـەری یـەکترن، پانتـایی فراوانیـان بـۆ ئـازادیی رادەربـڕین کردۆتـەوە بەشـێوەیەك هەنـدێجار بـەبێ بەرپرسـیارێتی بـەکاردەبرێتو ئەوەنـدەی دەبێتـە هۆکـاری تانـەو تەشـەرو قوڵکردنەوەی پانتایی رقو کینـە، ئەوەنـدە نابێتـە هـۆی دروسـتبوونی دایـەلۆگو خوێندنەوەو رێز لەرای بەرامبەرو پتەوکردنی گیانی دیموکراسیو دروستبوونی رای گشتی.

رۆژنامەنووسیی کوردی لەبەر رۆشنایی ئەو هێلەگشتیانەدا، وەك تەمەنو ئەزموون نوێیە، ساڵانێکی زۆر ئەم رۆژنامەنوسیە لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەرو دژەکورددا، خواستو ئارەزووەکانی کپکرابوون، بەشێوەیەك کە ئەم کۆمەلەلەدوورەوە ئاشنایەتی لەگەڵ شۆڕشی دیموکراسیو پیادەکردنیدا بووە، ترسو گومان، سانسۆری دەرەکیو ناوەکی تا کۆتایی سەدەی پێشوو، پێگەیەکیان بۆ ئازادیی رۆژنامەنوسیو رادەربڕین نەهێشتبووە، لەم پازدەساڵەی دواییدا، وەك پێویست ئازادیی رادەربڕین ئامادەیی نەبووە، لەم رۆژگارەدا کە زیاتر ئەرکی رۆژنامەنووسییە، هەوڵی قووڵکردنەوەی بنەماکانی دیموکراسیو دایەلۆگی کۆمەڵایەتی بدات، هاندەری وریاکردنەوەی هاوڵاتیان بێت، رێگرنەبێت لەبەردەم مافی زانینو ئەو گۆڕانکاریو کارو ئەرکانەی دامەزراوە دەوڵەتیەکان بەرێوەی دەبەن، بەسەرنجدان بۆ ئەم خاڵانە، دەکرێ بڵێین هێشتا رۆژنامەنووسیی ئێمە لەسەرەتادایە وەك پێویست هەنگاوەکانی لەپێناوی فراوانکردنی پانتایی ئازادیی رادەربڕیندا سستن، ئەمەش مەرج نیە هەمووی لەئەستۆی رۆژنامەنووسی دا بێت، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیو رۆڵی دەسەڵاتی سیاسیو هۆشیاریی تاك، کە لەبری ئەوەی ئازادیی رادەربڕین وەك چاودێرو هۆکاری بەخۆداچوونەوەو چاکسازی سەیر بکەن، دەیخەنە خانەی گومانو نەیارو دژەوە.

**هێرش رەسوڵ: دەسەڵاتو حوکمڕانیە کوردیەکان بەدرێژایی مێژوو چۆن لەپێگەی میدیاو رۆژنامەنووسییان روانیوەو تاچەند هاوکاری فەراهەمکردنی فەزای ئازادیی رادەربڕین بوون؟**

**د. محەمەد دلێر:**

ئاشکرایە رۆژنامەنووسیی کوردی سەدو نۆ ساڵ لەمەوبەر وەك وەرچەرخانێکی مێژوویی‌و پڕ بایەخ لەبیستنەوە بۆ نوسینو تۆمارکردن، کوردو زمانی کوردی بەچاپخانەو دەسەڵاتو سەردەمی خۆی ناساند. **پێش ئەم مێژووە، کەناڵی پەیوەندیکردن زارەکیو سنوردار بووە، دەگمەن لەجوغزی دەسەڵاتی میرنشینێك تێپەڕیوە، هەر لەبەر ئەوەشە وردەکاری ئەو مێژووەی پێش رۆژنامە**

**نووسـراوه، زیـاتر هـەوڵی بێگانـەو گەشـتیارو گەڕۆکەکانـە**، بایـەخێکی گرنگـی ڕۆژنامەنووسـی کـوردی رووە مێژووییەکەیـەتی کـە سـەرەتاو بەردەوامییـە بـۆ نوسـینەوەیەکی نـاوەکی مێـژووی هاوچـەرخ، دەسـەڵاتە کوردیـەکان، گـروپو رێکخـراوە سیاسـیەکانی دوای سـەرهەڵدانی ڕۆژنامەنووسـی، بـەپێی مـاوەی فەرمانڕەوایی‌و فشاری ناوەکی‌و دەرەکی لەگەڵ میـدیادا هەڵسوکەوتیان کـردووە، هەوڵی زۆریان بۆ ئەوە بـووە گوتـاری خۆیـان لـەو ڕێگەیـەوە پـەخش بکـەن‌و رای گشتی‌و (جەماوەر) لەبەرنامە ناسیۆنالستیە سەرەتاییەکان بەئاگا بهێننەوە، ببنـە بڵنـدگۆی بەرنامـە نهێنـی‌و ئاشـکراکان، دیـارە گەشـەی تەکنـەلۆژیاو پەیـدابوونی کەنالەنوێیەکان وەك (رادیۆو تەلەفزیۆن‌و ئامێری چاپی نوێ‌و ئینتـەرنێت... هتـد) ڕۆڵی خۆیان هەیەو هەبووە لەلاوازی‌و بەهێزی پەیوەندی دەسـەڵاتو میـدیادا، بـۆ نموونـە هـەردوو ئـەزمونی (حوکمـدارێتی باشـوری کوردسـتان‌و جمهوریـەتی کوردستان) بەبەراورد لەگەڵ حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دا، جیـاوازی زۆریـان هەیە لەرووی زۆربوونی کەناڵو سەرچـاوەی هـەواڵو پەیوەندییـەوە، گەرچـی لـەم سێ ئەزموونـەدا بـەپێی مـاوەی دەسـەڵاتو جـۆری کـەناڵ، تاڕادەیـەکی بەرچـاو ئـازادیی رادەربـڕین رێگـەی پێـدراوە، بـەڵام وەك لـەوەڵامی پرسـیاری پێـشوودا ئاماژەمان پێدا، وەك پێویست نیـەو خواسـتی هەموانـە لەگـەڵ تێپـەڕینی سـاڵو ڕۆژدا ئەم لایەنە زیاتر وەك ماف دەستەبەربکرێت، ئەرکی ڕۆژنامەنوس‌و خوێنـەرو ناوەندەکەیــە کــە وتــارو دوانــدنی ڕۆژانــە لــەبارەی ئــازادیی دەربڕینــەوە لەکەرەسـەیەکی بـەرخۆرەوە بکەنـە واقعێکـی هەسـتپێکراو، **تـەنیا ئامـادەیی‌و فراوانکردنی کەشوهەوای ئازادی بـەس نیـە، ئەگـەر لەلایـەن کەنالەنوسـراوەکانەوە بەتایەتی سوودی لێوەرنەگیرێتو** دەسەڵاتو نەیارەکانی راکێشنە نـاو ململانێیـەکی تەندروسـت بەشـێوەی نوسـین‌و شـیکردنەوەو ئاشـکراکردنی کەموکورتیـەکان بەبەڵگـەو داتـاو دواتـر بەدواداچـوون‌و لێپرسـینەوە، تـا ڕۆژنامـە ببێتـە پـردی پەیوەنـدی‌و گواسـتنەوەی هـەواڵو قـسەکردن لەسـەر ئـەو دیاردانـەی خـەڵکی سەرقاڵکردووە.

**هێـرش ڕەسـوڵ: ڕۆژنامـەی ئـازاد بـەچ شـێوەو سـتایلێك توانـای بوونـە دەسـەڵاتی چوارەمی هەیە؟**

**د. محەمەد دلێر:**

ڕۆژنامەی ئازاد، ئەركی گەورەو مێـژوویی لەئەسـتۆیە، وەك چـۆن نووسـین ئـەركو بەرپرسـیارێتییە، وەهـاش ڕۆژنامــە قوتابخانەیــەكی گەڕۆكــەو لەسیـستمی دیموكراسـی دا، داهێنـەرو فێركـەری عـورفی دیموكراسـییەو بێداركردنـەوەی تاكـە لەسـەر سـوربوونو داوای مافـەكانی، نـاكرێ ڕۆژنامەیـەك بەئازادو سەربەخۆ ناوببرێت ئەگەر لەرەوتی دەرچوونی خۆیدا كاری بۆ دوو ئامـانج نـەكردبێو بەدواداچـونی نـەكردبێ تـا چـەند دوورو نزیـك ئـەو ئامانجانـەی جێبەجێكردبێت، یەك: بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاریی كۆمەڵ لـەرووی سیاسـیو كۆمەڵایەتیو ئابووریو ژیاری یەوە، دوو: ڕۆژنامە بكاتە چاودێر بەسەر دەسەڵاتو كۆمەڵەوە، رەخنە لەكەموكورتیەكان، وریاكردنەوەو ڕێنمایی بۆ چاكسازی... هتد، بەم شێوازە دەتوانێ رای گشتی هوشیار دروست بكاتو خۆی لەیاریكردن بەسۆزو خواستی ناوبانگ دەركردن بەدوور بكرێت.

جگـە لـەو ئامانجانـە چـەند مـەرج دیـاریكراون كەپێویـستە لەرۆژنامـە یـان بڵاوكراوەیەكدا هەبن تا بەئازاد ناوببرێن لەوانە سەربەخۆیی داراییو پـشت بەسـتن بەفرۆشـتنو ریكـلام، دووركەوتنـەوە لـەوەرگرتنی یارمـەتیی مەرجـدار، بێلایـەنی لەوەرگرتنی هەواڵو سەرچاوەدا... هتد.

باشـترە ئـەوەش بـەیاد بهێننـەوە كـە تـەنیا لەكۆمـەڵگای دیموكراسـی دا، ڕۆژنامەنوسـی دەبێتـە دەسـەڵاتی چـوارەمو بەرپرسـە بەرامبـەر خوێنـەرەكانیو لەسایەی ئازادی دا نەبێت توانای كارو چالاكی نیە.

**هێرش ڕەسوڵ: پێتوایە ئازادیی ڕۆژنامەنووسی لەئازادیی قسەكردندا كورتدەكرێتـەوە گەر هاتوو كایەی سیاسـی قـسەكانی بەهێنـد وەرنـەگرێت؟ واتـا تـا چەندە پێتوایە كەلێنێك لـەنێوان كایـەی سیاسـی كـوردیو میـدیای كوردییدا هەیە؟**


**د. محەمەد دلێر:**

ئازادیی رۆژنامەنووسی، گەر نەبێتە جێی سەرنجو لالێکردنەوە لەلایەن هەردوو جەمسەری دەسەڵاتو خەڵکەوە، نەبێتە پردی گەیاندنی کێشەکانو هۆکاری ئاشکراکردنو وروژاندنی سەرپێچییەکان، گەر تەنیا نووسینو بڵاوکردنەوەو لەبیرچوونەوە بێت وەك لەئەمرۆدا دەیبینین، ئەوا زۆربەی بڵاوکراوەکان لەگوتاری بەرهەمهێننو کاریگەرەوە دەبنە گوتاری بەرخۆرو فەرامۆشکراو، بەشێوەیەك زەبری نووسینەکان لەچاوو سەرنجی خێرای خوێنەر تێپەڕ نەکەن، دیارە ئەمەش حاڵەتێکی مەترسیدارە لەبەر ئەوەی گەر کار بەو شێوەیە بڕوات، رەنگە ژمارەیەك لەقەڵەمە بوێرو بەتواناو بەگریکارەکان لەچەسپاندنو قوڵبوونەوەی بنەماکانی دیموکراسی، کۆڵ بدەنو بێزار ببن، دواتر ئەو نووسینانە بمێننەوە کە ئازادیی بیرورا دەربڕین تیایاندا، بۆتە هۆی چەواشەکاریو شێواندنی راستیەکان یان ناوزڕاندنو تۆمەت دروستکردن، کە رێگاخۆشکەرە بۆ زیندوکردنەوەی سانسۆرو بەربەستی زۆرتر بۆ ئازادیی رادەربڕین. ئەمرۆ بەهۆی خێرایی رووداوەکانو نائارامی ناوچەکەو دەوروبەر، هەروەها زۆری رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەو کەمی خوێنەر، کەمی رۆژنامەنووسی ئازاد، کەلێنێك لەنێوان کایەی سیاسیی کوردیو میدیادا هەیە، هەمووان بەرپرسن لەدروستبوونی ئەو بۆشاییە کە زەمینەی بۆ دروستبوونی دەسەڵاتی چوارەم پەکخستووە، هۆکاری ئەم دیاردەیەش زۆرن کە بەشێکیان لەوەڵامی پرسیارەکانی تردا ئاماژەیان پێدراوە.

**نەژاد عەزیز سورمێ** – سەرنووسەری رۆژنامەی "خەبات"[*]

**لەتەوەری:**

**کایەی سیاسی لەکوردستان و ئازادیی رۆژنامەنووسی**



**"ئـازادیی رادەربـڕین لەرۆژنامـەنووسـیی کوردی دا هەبـووە، هـەنـدێجار، چـونکە یاسایەك بۆ ئەو مەبەستە لەگۆڕێ نـەبـووە ئـەو ئازادیـە گـەیـشتووەتـە رادەی سـنور بەزاندنیش"**

* ئەم دیدارە لەئایاری ٢٠٠٧ دا سازکراوە.

## نەژاد عەزیز سورمێ

- ساڵی ١٩٥٧ لەگەلاڵە- ناوچەی باڵەکایەتی لەدایکبوە.
- بەکالۆریۆس لەئارکیۆلۆژی (شوێنەوارناسی)لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد.
- لەسەرەتای ساڵی حەفتاکانی سەدەی بیستەوە لەبواری رۆژنامەنووسییدا کاردەکات.
- لەناوەڕاستی هەشتاکان، بۆ یەکەمینجار پرۆژەی دەرکردنی رۆژنامەی رۆژانەی کوردی لەگۆڤاری (رۆشنبیری نوێ) بڵاوکردۆتەوە.
- بۆیەکەمینجار لەسەرەتای نەوەدەکاندا، توێژینەوەیەکی لەسەر میتۆدی شیکردنەوەی ناوەرۆکی لەسەر رۆژنامەی "برایەتی" وەك یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی کوردی، بڵاوکردۆتەوە.
- بۆ یەکەمینجار لەسەرەتای نەوەدەکاندا، پرۆژەیەکی دەربارەی دامەزراندنو بەڕێوەبردنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان بڵاوکردۆتەوەو بەشێوەی کتێبیش دووجار چاپکراوە.
- ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ٢٠٠٣ بەرپرسی دەزگای "برایەتیو خەبات" بوە.
- لە ٢٠٠٤ ەوە تا ئێستا سەرنووسەری رۆژنامەی "خەبات" ە.
- زیاتر لە ٢٠ کتێبی چاپکراوی هەیە، لەوانە: چوار دیوانی شیعری، وەرگێڕان لەفارسیو عەرەبییەوە، رۆژنامەگەریی کوردی- چەند سەرەقەڵەمێك دەربارەی تەکنیكو هونەرەکانی/ دووجار چاپکراوە.
- دەیان وتاری لەرۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە.
- لەبواری شێوەکارییشدا کاردەکاتو تا ئێستا پێنج پێشانگای تایبەت بەهونەری کۆلاجی کردۆتەوە.

**هێرش ڕەسوڵ: تاچەند ئـازادیی ڕادەربـڕین لەرۆژنامەنووسـیی کـوردی ئامـادەگی هەبووە؟ چۆن؟**

**نەژاد عەزیز سورمێ:**

دیارە ئێوە مەبەستتان سەردەمی دوای ڕاپەڕینە.. وایدەبینم ئازادیی ڕادەربڕین لەرێگای کەناڵەکـانی میـدیاوە بووبێـت، یـاخود لـەسـەر سـەکۆ جیاجیاکانی دیکەدا بەبەراورد لەگەڵ پێش ڕاپەڕین نەك هەر ئامـادەگی هـەبـووە، بـەڵکـو ئامـاژەیـەکـی دیـارو ڕاشـکاوانەیـش بـووە لەروناککردنـەوەی تاریکـە ڕێـی سەردەمی دەمکوتکردنو ستەمو گەمارۆی ڕۆشنبیریماندا.

لێم دەپرسی چۆن؟

پێتدەڵێم ئەگەر مەبەستت لەئازادیی ڕادەربڕین ئەوەبێت هەرچی بڵێـیو بـڵاوی بکەیەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی هیچ یاساو ڕێسایەك، دیـارە لـەوەیانـدا ڕەنگـە مـن وەکو خۆم هەڵوەستەیەکم هەبێت، ئەو هەڵوەستەیەشـم لـەو دیتنـەوە سـەرچـاوە دەگرێ کە وەکو خۆم مەرج نییە بەرژەوەندی باڵای خاكو گەلەکەم لـەکاودانێکی وەك دوای ڕاپەڕین کەبێگومان بەپێوەری چوونە پێـشی کێـشەی ڕەوام لـەژیانێکی لایەق بەئادەمیزاداندا پیلانەکانیش بەپێچو گەورەترو تۆخترو مەترسـیدارتر بـوون، لەوەدا بووبێـت یـا لـەوە دابێـت بـەدابڕان لـەڕادەی پـەرەسـەنـدنو پێـشکەوتـنی کۆمەڵی کوردەواری هیچی تێدا نەهێڵینەوە.....

وەکو خۆم لەگـەڵ ئـەوەی بـڕوای تـەواویـشم بـەمافی تـاكو ئـازادیی ڕادەربـڕین هەبێت، ویژدانم ڕێگەی پێ نەداوم، هەموو فاکتەرە بابەتیەکان بخـەمـە ژێـر پـێ.. ئەمەشم بەبەشێك لەپاراستنی بەرژەوەندیی میللەتەکەم زانیوە...

بۆیه وای دەبینم ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردی دا هەبووە، هەندێجار، چونکە یاسایەك بۆ ئەو مەبەستە لەگۆڕێ نەبووە ئەو ئازادیە گەیشتووەتە رادەی سنوور بەزاندنیش...

**هێرش رەسوڵ: رۆژنامەی حیزبی لەئێستادا کۆنترۆڵی گۆڕەپانەکەی کردووە، ئەو گۆڕەپانە بەچ شێوەیەك لەو رۆژنامەیە دەسەنرێتەوەو دەدرێتەوە بەرۆژنامەی ئازاد، لەکاتێکدا حیزب پارەیەکی خەیاڵی بۆ رۆژنامەکانی خۆی تەرخاندەکات؟**

**نەژاد عەزیز سورمێ:**

جارێ پێشەکی من لەوەدا لەگەڵتدا نیم کە دەڵێی حزب پارەیەکی خەیاڵی بۆ رۆژنامەکانی خۆی تەرخان کردووە.

من وەکو کارمەندی بەرپرسیاری رۆژنامەی (خەبات)ی زمانحاڵی پارتی ئامادەم حساباتی مانگانەی ئەو رۆژنامەیەتان بۆ روون بکەمەوە ئەگەر بتەوێ (والمجالس بالامانات)، رەنگە سەرتان سووڕ بمێنێ بەوەی زۆر لەو خەیاڵەی تۆ لای خۆت دروستت کردووە دووردەکەوێتەوە.

بۆئەوەی رۆژنامەی ئازادیش گۆڕەپانەکە لەرۆژنامەی حزبی وەرگرێتەوە لەوەشدا من مەسەلەکە بەو چەشنە نابینم..

جارێ بابێین بزانین‌و ببینین کامەن ئەو رۆژنامە ئازادانەی لەگۆڕەپانەکەدان ئایا ئەو رۆژنامانە بەڕاستی سیمان یاخود تارمایین...

من **وای نابینم رۆژنامەیەك هەبێت لەهەموو دنیا نەك بەتەنیا لەکوردستانێکی کاولکراوی دواکەوتوو، ئازاد بەهەموو مانای وشەی ئازادی..**

رەنگە لەڕووی پەیڕەوکردنی پیشەییایەتیەوە هەندێك لەو رۆژنامانەی دنیا بەتایبەتی لەئەوروپاو ئەمەریکادا لەپێش بن، بەڵام ئایا ئەو رۆژنامانە لەکوێوە خەرجی دەرچوون‌و بڵاوکردنەوەکەیان دابیندەکرێ؟ پێم دەڵێی ریکلام.. باشە ئەو ریکلامانە هی کێن‌و کێ دەیانداتێ‌و بەچ حسابێك وەری دەگرن کە بەشی ئەوە بکات رۆژنامە پێویستی بەخەرجی تر نەبێت... کەواتە ئەو رۆژنامانەیش کە

لەدنیای پێشکەوتوودا دەردەچن لایەنێك پاڵپشتیان دەکا ئینجا گرنگ نییە ئەو لایانە چییەو کێیە. ڕەنگە حزبێك بێت یا کۆمپانیایەك، یاخود کەسێکی خاوەن سەرمایە، یا دەزگایەکی تایبەتی کە لەوانەیە هەندێ جار دەزگای جاسووسیەتیش بن...

لێرەرا **پێموایە نەرۆژنامەگەری حزبی لەکوردستاندا لەو ساڵ و زەمانانەدا دەتوانێ رێگە لەسەرهەڵدانی جۆرەکەی تر ئەوەی کە تۆ ناوت لێناوە رۆژنامەی ئازاد بگرێ، نە ئەوانیش دەتوانن گۆڕەپان بەرۆژنامەنووسیی حزبی چۆڵ بکەن..**

**هێرش رەسوڵ: رۆژنامەی حیزبی لەهەرێمی کوردستاندا تاچەند توانیویەتی کراوە بێتو ئازادیی رادەبڕینی تیا بپارێزرێت؟**

**نەژاد عەزیز سورمێ:**

بەو پرەنسیپو بیرو بۆچوونانەی لەهەردوو پرسیاری پێشوودا باسم کردن بەتایبەتی لەپرسیاری دووەم تاڕادەیەکی باش، دیارە وەکو ئاماژەم پێدا بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخی زاتیو بابەتی کوردستانو ئاستی پێشڤەچوونی کۆمەڵی کوردەواری.

**هێرش رەسوڵ: چی بکرێت بۆ ئەوەی لەکوردستان میدیا ببێتە "دەسەڵاتی چوارەم"، لەکاتێکدا بۆ بوونی میدیا بە"دەسەڵاتی چوارەم" پێویستمان بەدڵگەورەیی هەریەك لەدەسەڵاتەکانی تر هەیە،و ئەم هاوکێشەیە لەکوردستان چۆن دەبینیو چ هەنگاوێك بۆ ئەم قۆناغە بەپێویست دەزانیت؟**

**نەژاد عەزیز سورمێ:**

بەڕای من ئەمە رۆژگارو رادەی رەوتی بەرەو پێشچوونی کۆمەڵو ئەزموونی دیموکراسی لەکوردستان یەکالای دەکاتەوە.


برای بەرێز **دەسەڵاتیش، ئەگەر دەسەڵات بێ هەرگیز دڵی گەورە نابێت. ئەگەر دەسەڵات دڵی گەورە بوو دەسەڵات نییە، شتێکی دیکەیە...**

دیارە ململانێش ئیکسیری پێشکەوتنو بەردەوامبوونە..

## **نیهاد جامی** - نووسەرو رووناکبیر (*)

**لەتەوەری:**

**رۆژنامەی ئەهلیو حیزبیو دەمامکە شاراوەکان**



**"لەپشت رۆژنامەی ئەهلیەوە پرۆژەی نوقم بوو لەناو حزب دەبینین، ئەوانە گەمەیەکی سیاسی دەکەن"**

* ئەم دیدارە لەئازاری ٢٠٠٧ دا سازکراوە.

## نیهاد جامی

- لە١٩٧٢/٣/٥ لەکەرکوك لەدایکبوە.
- لە چەند کەناڵێکی ڕاگەیاندنی نووسراو، بینراو، بیستراودا کاریکردوە.
- چـەندین وتـارو لێکۆڵینـەوەی فیکـریو ئـەدەبیو شـانۆیی لـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە.
- چ وەك نواندنو چ وەك دەرهێنان بەشداری چەندین کاری شانۆیی کردوە.
- سەرنووسەری گۆڤاری "شانۆکار"ە.
- کتێبە چاپکراوەکانی: (خودی کوردی، ڕەخنەگرتن لەمۆدێرنێتی، لـەبارەی شێخ زاناوە —بەهاوبەشی لەگەڵ زیرەك عەبدوڵڵا—، نائومێدییەکانی شـانۆ، شانۆی پۆست مۆدێرنیتی).

**هێـرش ڕەسـوڵ: ڕۆژنامـەی ئـازاد بـەچ شـێوەو سـتایلێك توانـای بوونـە دەسـەڵاتی چوارەمی هەیە؟**

**نیهاد جامی:**

پێویستمان بەپرسیارکردنە لەچەمکی ڕۆژنامـەی ئـازاد، ئەوانـە کـێن؟ ئایا بریتین لەگرۆیەکی ڕۆژنامەنووسیی ئازاد؟ گەروایـە ئـەو گروهـە ڕۆژنامەنووسـە کامانەن؟ لەکوێی ئەم دنیایە خۆیان حەشارداوە؟ خۆ گەر مەبەست لەو ڕۆژنامـە ئەهلیانـە بێـت ئـەوە مەسـەلەیەکیترە، ئـەزمونی ڕۆژنامـەی ئـەهلی لەکوردسـتان ئەزمونێکە لەسەرەتادایە، دیارە لەو نێوەندە پرۆژەیەکی گومانکاری هەیە، گومان بەو مانایە نا کـە هـەموو ڕۆژنامـەکان ئـەهلی نـین، نـا.. بـەڵکو لەپـشت ڕۆژنامـەی ئەهلیـەوە پـرۆژەی نـوقم بـوو لـەناو حـزب دەبیـنین، ئەوانـە گەمەیـەکی سیاسـی دەکـەن، گەمـەی ڕۆژنامـە لەگـەڵ خوێنـەر، خوێنـەر وا حـاڵی دەکـەن کـە ئەوانـە دەسەڵاتی چوارەمن، کەچی لەراسـتیدا ئـەوان کـوڕی ناوچـەو کۆمیتـەکانن، لـەناو بارەگا حزبیەکانەوە هاتونە بۆ ئەوەی پێمان بڵێن خاوەنی پرۆژەی ئەهلین، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا چەند ئەزمونێك دەبیـنین بـۆ ڕۆژنامـەی ئـەهلی کـە خۆیـان دەتـوانن لەرێگەی بەردەوامبوون کۆتایی بەگومان بێنن، دڵنیامـان بکەنـەوە لـەوەی گومـان لەسەر ئەوان جگە لەگومانی دروستکراوی حزب شتێکیتر نیە، ئەوان نـاتوانن ببنـە خاوەنی دەسەڵاتی چوارەم تاوەکو رق لەوانیترو میانڕەوی لەگەڵ ئەوانیتر پەیڕەو بکەن، شـەڕی ئـەوان نابێـت دژایـەتیکردن بێـت، هێنـدەی لابردنـی تـەمی نادیـارو فرێـدانی تەلبەنـدەکان، ئـەو ڕۆژنامانـە بـۆ ئـەوەی بـبن بەدەسـەڵات دەبێـت شەڕەکەیان لەگەڵ حکومـەت ببەنـە ئاسـتی تـرەوە، بەداخـەوە تـا ئێـستا شـەڕی ئەوان لەگـەڵ حکومـەت نیـە، شـەڕی ئـەوان لەگـەڵ حزبـە، ئەوەشـە بوەتـە هـۆی

گومانکردن، دەبێت ڕۆژنامەی ئەهلی هەڵگری پرۆژەیەکی کولتوری بێت، نەك پرۆژەی شەڕکردن لەتەك حزبەکان، دەبا بپرسین کامانەن دەستکەوتەکانی ئەو ڕۆژنامانە؟ کام نهێنیە ئەوان بۆیان ئاشکرا کردووین، تۆ **ئەو کاتەی خاوەنی پرۆژەیەکی کولتوری بوویت دەتوانی نهێنی حزب ئاشکرا بکەیت‌و دەستکەوتەکانیشت دیاربن، بەڵام بەوەی ئێستا جگە لەوروژاندنی شەقام تواناى هیچ کارێکت نابێت.**

**هێرش رەسوڵ: ئازادیی رادەربڕین لەنێوان دروشمێکی ئایدیۆلۆژی‌و دەستەواژەی میدیای ئازاد لەکوێ خۆی دەبینێتەوە؟**

**نیهاد جامی:**

دیاره لەکۆمەڵگایەکدا هەمووو چەمکێك مانایەکی تری پێدرا بێت، ئاسان نیە لەمانا راستەقینەکانیەوە بتوانین قسە بکەین، **ئازادیی رادەربڕین لەلای ئێمە هێندەی دەستەواژەیەکی سیاسیە بۆ فریودان، نەیتوانیوە چەمکێك بێت بۆ خوڵقاندنی جیاوازیی،** ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەوێ ئازادە کاتێ پارێزگاری لەئازادییەکانی حزب بکات، ئازادییەکانی حزبیش بریتین لەدنیایەکی کۆنکرێتی کراو بۆ بەردەوامبوون لەسەر سوڕانەوە لەناو بازنەکانی ئایدیۆلۆژیا، ئازادیی رادەربڕین درۆیەکی سیاسی‌و شاشەی تەلەفزیۆنە.

**هێرش رەسوڵ: گومان پرۆژەیەکە لەبەرامبەر ڕۆژنامەی ئازاد بەوەی گومانی حیزبیبوون تواناکانی پەکدەخات؟ ئایا مەرجە ڕۆژنامەی ئەهلی پەیوەندی بەدەزگا سیخوریەکانەوە هەبێت؟**

**نیهاد جامی:**

لە کوردستاندا بەڵێ وەك ڕۆژنامە ئەهلیەکان وادەڵێن ئەوان بڕوایان وایە پێویستە پەیوەندییان هەبێت بۆ ئەوەی هەواڵ‌و زانیاریان بدەنێ، ئەوە مانای چیە؟ مانای ئەوەیە تۆ ڕۆژنامەنووسی وات نیە بتوانێ لەڕێگەی تایبەتی‌و گەڕانەوە زانیاری وەدەست بێنێت، بەڵکو دەبێت زانیارییەکە لەزمانی دەزگا

ئەمنیو تایبەتیەکانی حزبەوە وەدەست بێت، ئاخر هەر ئەوەیە بۆتە سەرچاوەی گومانکردن، تۆ کە رۆژنامەنووست نەبوو کۆمەڵێك کەست لەدەرەوەی خۆت کۆکردەوە ویستت کاری رۆژنامەنووسیی ئەنجام بدەیت هەڵبەتە هەروات بەسەردێت، وەك چۆن ئێوە پرسیار ئاراستەی من دەکەن، من لەهەموو ژیانم نە رۆژنامەنووسبوومە، نەخۆشم بەرۆژنامەنووس زانیوە، گەر لەرۆژنامە کارم کردبێت بۆ بژێوی ژیان بووە، هەموو خەڵکی دەیزانێ من شانۆکارم لەپاڵ ئەوەش حەزم بەنووسینە، بۆیە دەنووسم، کەچی ئێوە سووربوون لەسەر ئەوەی کە دەبێت وەڵامی پرسیارەکانتان بدەمەوە، من سوپاسی ئێوە دەکەم، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە ئەوانە قسە لەسەر مەسەلەکان دەکەن کە خاوەنی شەرعی نین، رۆژنامەکانیش پڕن لەو کەسانەی وەکو من کە رۆژنامەنووس نین، هیوادارم بتوانن بمبەخشن لەوەی وەڵامی ئەو دوو پرسیارەی ترتان نادەمەوە، من تکام وایە لەمەولا خەڵکانی پسپۆر لەسەر بابەتەکان بدوێن، هیوای ئەوەش دەخوازم نوسەران رۆژنامەکان چۆڵ بکەنو با رۆژنامەنووسان خۆیان رۆژنامەکانیان بەڕێوەبەرن، با خۆیان سەرنووسەرو دەستەی نوسەرانو بەڕێوبەری نووسین بن، نەك شاعیرو چیرۆکنوسو شانۆکاران.



**ئامادەکار: هێرش رەسوڵ مراد**

- ١/٩/ ١٩٨٢ لەرانیە لەدایکبووە.
- خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئامادەیی لەرانیە تەواوکردووە.
- ساڵی ٢٠٠٣- ٢٠٠٤ بەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بەپلەی (زۆر باشە) تەواو کردووە.
- ساڵی٢٠٠٤ لەرێگەی تاقیکردنەوەیەکی زانستییەوە بەیاریدەدەری توێژەر (موعید) لەبەشی راگەیاندن وەرگیراوەتەوە.
- ساڵی ٢٠٠٥ لەخوێندنی باڵا (ماستەر) وەرگیراوە.
- لە٢٠٠٨/٤/٩ ماستەرنامەکەی بەناونیشانی (ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا ١٩٩٣ – ٢٠٠٧) گفتوگۆکراو بەپلەی (زۆر باشەی باڵا) پەسەندکرا.
- ساڵی ١٩٩٤ بەرنامەی (جیهانی منداڵان)ی لەرادیۆی مەڵبەندی راپەڕین ئامادەو پێشکەشکردوە.
- وەکو سەرنووسەر یان دەستەی نووسەران لەبڵاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارەکانی (ئەهۆو، واڵا، رایەڵ، رێبازی خوێندکاران، گۆڕان) کاریکردوە.
- ئێستا ئەندامی ستاف کارای رۆژنامەی (چاودێر) ە.
- خوێندکاری دکتۆرایە لەبواری راگەیاندندا.
- ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧ وانەی (یاساو ئێتیکی رۆژنامەنووسی) بەخوێندکارانی قۆناغی دوەمی بەشی رۆژنامەنووسیی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی وتۆتەوە.
- وانەکانی (ئێتیکی رۆژنامەنووسی)- بەقۆناغی دوەم‌و (پراکتیکی رۆژنامە)- بەقۆناغی سێیەمی بەشی رۆژنامە لەبەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی دەڵێتەوە.
- کتێبێکی چاپکراوی هەیە بەناونیشانی (رۆژنامەی ئەهلی لەباشوری کوردستان ١٩٩٤- ٢٠٠٢).
- دوو کتێبی ئامادەی چاپن:
  + (ئازادیی رادەربڕین لەرۆژنامەنووسیی کوردیدا ١٩٩٣–٢٠٠٧ / توێژینەوە).
  + (میدیای کوردی‌و ئاراستەکانی- چەند بابەتێك لەبارەی راگەیاندنەوە).

**سوپاس و پێزانین:**

**سوپاسی هەریەکە لەم هاوڕێ بەڕێزانەم دەکەم کە لە ئەنجامدانی دیدارەکان یان بەچاپگەیاندنیاندا هاوکاریانکردم:**
**(سامی هادی، مەم بورهان قانع، مەریوان هەڵەبجەیی، تەها حەمەنوری، سۆران عەبدوڵڵا، سەردەشت حەمەساڵح، جەلیل حسێن).**

**هێرش**